## خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناخی دوای سایکس پیکۆ

# پرسی نەتەوە لە کێشەی لاوەکی نێوان حزبەکان گەورەترە



د. جەعفەر ئیبراهیم ئێمینکی *

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لە چەند رۆژی رابردوو سەد ساڵی تەواو بە سەر رێککەوتنی سایکس پیکۆ تێپەڕی. راستە ئەم رێککەوتنە لە بنەڕەتدا رێککەوتنی هێزەکانی ئیمپریالیزم بوو بۆ دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی گەلی کوردی تێدا زەرەرمەند بوو، هەر بەهۆی ئەم رێککەوتنەشەوە کوردستان بە سەر چوار وڵاتدا داگیرکرا و کورد لە دەوڵەتی سەربەخۆی بێبەش کرا. هەر بۆیە ئەگەر هەموو لایەك لە سەر ئەو سنووره دەستکردانەی سایکس پیکۆ بێدەنگ بن، ئەوا نابێت کورد بێدەنگ بێت و دەبێت هەنگاوی پراکتیکی و واقیعییانە بۆ لابردنی ئەو زوڵمە هەڵبگرێت و ئەو غەدرەی لە کورد کراوە، کۆتایی بێت.

ئێستا بە شێوەیەکی پراکتیکی سنوورەکانی سایکس پیکۆ بوونیان نەماوە. ئەو دەوڵەتانەی بەرەنجامی ئەم رێککەوتنەن سەروەریی خۆیان لەدەستداوە و توانای ئەوەیان نییە خاکەکەی خۆیان بپارێزن، بەڵام وێڕای ئەم راستییانەش کە لە سەر ئەرزی واقیع بوونیان هەیە و هەموو جیهان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی بە کردەیی ئەو سنوورانە کۆتاییان هاتووە، کەچی وا هەستدەکرێت هێشتا لە ناو ئەقڵییەتی بەشێکی هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئەو سنوورانە هەمان سنوورەکانی سەردەمانی شەڕی ساردن و هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە.

لێرەوە گرنگە ئەقڵی سیاسیی کورد بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی سیاسیی تازەی کوردستان و ناوچەکە خوێندنەوەیەکی ریالیستییانەی بارودۆخە بکات، لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی نەتەوەییانەدا ئاستی تێڕوانین و بیرکردنەوەی ئەو سنووره دەستکردانە ببەزێنێت، ئەمەش کاتێك دروست دەبێت کە بیرکردنەوەی نەتەوەیی زاڵ بێت بە سەر هەموو بیرکردنەوەیەکی تەسکی حزبایەتیدا و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی لە سەرووی بەرژەوەندیی حزبایەتی بێت.

دیارە لە هەموو وڵاتێکی دیموکراتی کە دیاردەی فرەحزبی و فرەلایەنی، سروشتی ئەو کۆمەڵگەیە بێت، کارێکی ئاسایی و سروشتییە لەنێوان حزبە سیاسییەکاندا جیاوازی بیر و بۆچوون و تەنانەت کێشەی سیاسیش لە نێوان ئەو حزبانە لەسەر پرسە لۆکاڵەکانی کۆمەڵگە بوونی هەبێت، بەڵام ناکرێت ئەم کێشە و ناکۆکییانە بپەڕێتەوە بۆ ئاستی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و چارەنووسی ئایندەی نەتەوە و حزبەکان لەسەر پرسی نەتەوە و چارەنووسی نەتەوە، کێشە، یان جیاوازی، یان ناکۆکیی بەردەوامیان هەبێت. لەمەش زیاتر ناکرێت پرسی نەتەوە بچووك بکرێتەوە بۆ سەر ئاستی ناوچەگەرایی و بە چاویلکەی سیاسیی ناوچەگەرایی پرسی چارەنووسی نەتەوە بخوێندرێتەوە، یان بگەڕێینەوە بۆ دواوە و پرسی چارەنووسی نەتەوە بکەینە قوربانی تێڕوانینی ناوچەگەری و تێڕوانینی تەسکبینانە.

بۆ ئێستای کوردستان کە بە بارودۆخێکی هەستیار و مەترسیدار و چارەنووسسازدا تێدەپەڕێت، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە و گرینگە هەموو توانا و ئیمکانیەتی سەرجەم حزبە سیاسییەکان لە خزمەتی پرسی نەتەوەییدا لە سەر بنەمای دڵنیایی و متمانە دروستکردنەوە یەك بخرێنەوە و گومان و ڕاڕایی لە قۆناخی دوای سایکس پیکۆ کۆتایی پێبهێنین.

ئاشکرایە لە ماوەی ١٠٠ ساڵی سایکس پیکۆ-دا، بۆ

کورد و بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، قۆناخی شپرزەیی و نارِوونی بووە، راشکاوانەتر لەوە دڵنیا نەبووین ئەگەر هەنگاو بۆ سەربەخۆیی هەڵبگرین، چارەنووسمان بەرەو کوێ دەچێت، بەڵام ئێستا ئایندە رۆشنە و پێشهاتەکان پێمان دەڵێن، روانگەی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنانەت تا رادەیەکی باشیش لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراستیش، تەفەهومێکی زۆر باش بۆ زەروورەتی دەوڵەتی کوردستان دروست بووە و ئەو قۆناخە تێپەرِیوە کە باسی دەوڵەتی کوردستان بکەین، هەموو جیهان وا سەیر بکەن کە شتێکی سەیر و نامۆ باس دەکەین.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخە نێودەوڵەتییە کە تا رادەیەکی زۆر بۆ بەرژەوەندیی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لەبارە، پێویستی بەوەیە هەوڵەکانیش لە سەر ئاستی ناوخۆی کوردستان هاوشانی بارودۆخە نێودەوڵەتییەکە یەکبگرنەوە و کێشە و جیاوازییە سیاسییەکانمان نەکەینە لەمپەر و شپرزەیی و ئاستەنگ دروستکردن بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان.

دیارە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان، وەك پرۆسە جیاوازە لە دەرکردنی برِیارێك بۆ راگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەم پرۆسەیە پێویستی بە نەخشەرِێگە و میکانیزمی گونجاو و لەبەرچاوگرتنی تەواوی رەهەندەکان و زەمینەسازکردن بۆ دیالۆگ و وتووێژ لەگەڵ سەرجەم لایەنە پێوەندیدارەکان هەیە. سەرۆك بارزانی کە رێبەرایەتی سەرخستنی ئەم پرۆسەیەی خستۆتە سەرشانی خۆی، لە چەندین بۆنەدا ئەوەی دووبارە کردۆتەوە، کورد دەیەوێت پرۆسەی سەربەخۆیی بە شێوەیەکی ئاشتییانە و لە چوارچێوەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

کەواتە ئەم پرۆسەیە لەسەر هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی فەرزدەکات، بە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی و یەکرِیزی میکانیزمی ئەم پرۆسەیە دیاری بکەن و، هەر لایەکیش بە قەد قەوارەی خۆی بەرپرسیاریەتی ئەم پرۆسەیە بخاتە سەرشانی خۆی، بۆ ئەمەش گرینگە هەموو لایەکمان لەسەر ئەوە رێکبکەوێن، ئایا ئێمە پێشان ریفراندۆم دەکەین و پاشان لەبەر رۆشنایی ئاکامی ریفراندۆمەکە برِیار دەدەین و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان رادەگەیەنین، یان ئێمە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان برِیاری جیابوونەوە دەدەین و ئەم برِیارە دەخەینە بەردەمی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی پرۆسەیەی ریفراندۆم دەنگی لەسەر بدەن و پاشان سەربەخۆیی رادەگەیەنین؟ لە هەردوو حاڵەتەکە چ هەموو حزبەکان برِیار بدەن و پەسەندکردنی بگەرِێننەوە بۆ گەلی کوردستان، یان گەلی کوردستان برِیار بدات و حزبەکان پێوەی پابەندبن، هەردوو رێگەکە گەرِانەوەیە بۆ ئیرادەی گەلی کوردستان و دەبێت حزبە سیاسییەکان لەسەر ئەو میکانیزمە رێکبکەون.

ئەو خاڵانەی لە نەخشەرِێگەی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەری رێکدەکەون، دەبێت هەنگاو بە هەنگاو بەپێی ئەو نەخشەرِێگەیە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، ئەگەر خوانەخواستە نەتوانین ئەمە بکەین، ئەمە مانای ئەوەیە، هێشتا کەلتووری داگیرکارانی کوردستان و ترسی سەد ساڵەی سایکس پیکۆ بە سەر ئەقڵی سیاسیی کورددا زاڵە، بۆیە دەبێت لە ژێر کاریگەری ئەو کەلتوور و ترسە خۆمان رزگار بکەین و بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە، یەقینێك لە بیرکردنەوەی خۆماندا دروست بکەین، بەوەی سایکس پیکۆ لە واقیعدا بوونی نەماوە و ئەوەشی ماوە لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتی نابێت وەك شەبەحێك سەیری بکەین و ئیرادەمان بۆ هەنگاوهەڵگرتن بۆ ئایندە سرِبکات.

خاڵی هەرە گەشاوە کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی بە گەشبینی سەیری ئایندە بکەین، سەرکەوتن و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە لە بەرەکانی شەرِی دژی تیرۆریستانی داعش بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر، ئەم سەرکەوتنانەی پێشمەرگە کە بۆتە مایەی شانازی بۆ هەر تاکێکی کوردستان و سەرسامی بۆ هەموو جیهانی ئازاد و دیموکراتخواز، بەشێکی گرینگی پێناسەی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانە، لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەلماندنی تەنیا هێز و سوپایە ئەو ئیرادە و توانایەی هەیە کە بتوانێت خاك و وڵاتی خۆی بپارێزێت، گەلێکیش خاوەنی سوپایەکی وەك هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێت، ئەوا ئەو گەل و نەتەوەیە شایەنی دەوڵەتی سەربەخۆیە و جیهانیش رێز لەو ئیرادەیە دەگرێت.

لە دوماهیدا، گرینگە هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین، پرسی سەربەخۆیی، یان برِیاردانی چارەنووس، پرسێکە لە ئەجیندا و بەرنامەی ئەم حزب و ئەو حزب گەورەترە، راستە حزبەکان لە پرۆسەی دیموکراتیدا نوێنەرایەتی میللەتی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەم نوێنەرایەتییە تەنیا بۆ پرسی بەرِێکردنی کاری رۆژانە و حوکمرِانییە، لە پرسە چارەنووسسازەکاندا، دەبێت هەموو لایەك بگەرِێنەوە بۆ برِیاری میللەت، دەبێت میللەت برِیاری خۆی بدات و هەر برِیارێکیش بدات، دەبێت هەموو حزبەکان پێوەی پابەند بن و هەر ئەو برِیارەش جێبەجێ دەکرێت.

---

***جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

# مەترسییەکانی سەرکردەی پۆپۆلیستی لەسەر نەتەوەی ژێردەستە و بێ دەوڵەت

## مێژووی بونیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی پێش مێژووی سیستمی لیبراڵ دیموکراتییە



**« پۆپۆلیـزم هەڕەشـەیە بۆ لیبراڵ دیموکراتی. لە سـەردەمی رۆمانەکانەوە هەتا ئێسـتا هـەر حکومەتێک پرۆسـەی هەڵبژاردنـی پیادەکردبێـت، رووبەڕووی جۆرێک لە سـەرکردەی پۆپۆلیسـتی بووەتـەوە، هەموو ئەم سـەرکردە پۆپۆلیسـتانەش بەوشـێوەیە خۆیان نمایش کـردووە کـە لەگەڵ خەڵکن و ئەوانی دیکە گەندەڵن و دوای بەرژەوەندی خۆیان کەوتوون. ئەم دیاردەیـە لە تیریۆس کاراگاسـی رۆمانییەوە بۆ پاڵەوانانی پۆپۆلۆی میکاڤیلی لە سـەدەی شانزە و جاکۆبیانی فەرەنسا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و جاکسۆنیانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەمەریکا، هەموویان بە یەک ئاراستە کاریان کردووە و هەوڵیان داوە لە سەر بنەمای هاندانی جەماوەری بۆ دژی گەندەڵی و خێری گشـتی پڕوپاگەندە بکەن و بەشـداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن، هەتا گەیشتە ئەوەی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دیاردەی پۆپۆلیزم ببێتە دیاردەیەک هاوشـانی دیموکراتی، بەڵام لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و هەتا حەفتاکانی سەدەی رابردوو، کە تیایدا گەشەکردنی ئابووری بە شێوەیەکی فراوان هاتەکایەوە، دەوڵەتانی رۆژئـاوای لیبـڕاڵ دیموکراتی هەوڵی خۆیان خسـتەکار بۆ ئەوەی لـە چوارچێوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانـدا گوتارە سـادە و سـاکار و سەرنجڕاکێشـەکانی سـەرکردە پۆپۆلیسـتەکان دووربخەنەوە، ئەمەش وایکرد پۆپۆلیسـتی راسـت تەنیا لە سـەر ئاستی لۆکاڵی گوتارەکەی سـەرنجڕاکێش بێت و لە سـەر ئاستی نیشـتمانی جێگەی بایەخ نەبێت، هەروەها پۆپۆلیستی چەپیـش کە بە رۆشـنبیری دژی دیموکراتی (Counterculture) بەشـداری هەڵبژاردنەکانیان دەکرد، هەتا دەستبەرداری توندوتیژی نەبوون، نەیاندەتوانی نوێنەرایەتی لە پەرلەمانەکاندا بەدەسـت بهێنن، هەر بۆیە وەک هەردوو زانای زانسـتی سیاسـەت (سـیمور مارتن لیبست و**

**ئێستا کاتی ئەوەیە ئاستەنگ دروستکردن، یان گوتاردانی پۆپۆلیستی بۆ ئاستەنگ دروستکردن لە بەردەم پرۆسەی سەربەخۆیی، لە دیموکراتی و ئازادی لێکجیابکەینەوە، دەبێت راستگۆیانە و راشکاوانە بەگەلی خۆمان بڵێین: ئێمە لە قۆناخی پێش پێناسەکردنی ئازادی و پێش پێناسەکردنی دیموکراتین، هیچ نەتەوەیەکیش ناتوانێت پێناسەی نەتەوەی دیکە بۆ ئازادی بکاتە پێناسەی خۆی**

### • حزبی سیاسـی ناتوانێت یـاری بـە شکۆی دەوڵەت و چارەنووسی نەتەوە بکات

یەکێك لە سیماکانی دیاردەی فرەحزبی لە وڵاتانی لیبراڵ دیموکراتی ئەوەیە کە بە یاسا چوارچێوەی کاری حزبـە سیاسـییەکانیان دیاری کـردووە، ئەمەش مانای ئەوەیـە، حزبـی سیاسـی بـۆی هەیە لـە چوارچێوەی ئـەو پێناسـەیەی دەوڵـەت بـۆ سیسـتمی سیاسـی کـردووە، کاری سیاسـیی خـۆی بـۆ بەدەسـتهێنانی نوێنەرایەتـی لـە پەرلەمانـدا بکات، بۆیـە ئەگەر ئەو چوارچێـوە سیاسـییەی بەزانـد و دژی بنەماکانـی سیسـتمی لیبـڕاڵ دیموکراتـی وەسـتایەوە، ئەوا چۆن یـۆرگ هایـدەر وەك سـەرکردەیەکی پۆپۆلیسـتی لـە هەڵبژاردنەکانی سـاڵی ٢٠٠٠ی نەمسـا، بە گوتاری نازیسـم هەڵبژاردنەکانیشـی بـردەوە، بـەڵام یەکێتـی ئەوروپـا مامەڵـەی لەگـەڵ نەکرد و دانـی پێدا نەنرا، ئەمـەش لە سـەر بنەمای ئەوە بـوو، دیموکراتی تەنیا بریتـی نییە لە هەڵبژاردن، لەبەر ئەوەی هیتلەریش بە هەڵبژاردن دەرچوو، بەڵام پاشان بووە ئەو بەڵایەی کە هەموو جیهانی خسـتە مەترسییەوە، ئەوجا لەسەر ئەم بنەمایە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە یۆرگ هایدەر-یش نەبێتـەوە بـە هیتلەرێکی دیکە، ئـەوا یەکێتی ئەوروپا دانی بەو هەڵبژاردنەدا نەنا.

کەواتـە ئەمـە پێمـان دەڵێت، حزبـی سیاسـی لـە چوارچێـوەی ئـەو سیسـتمەی کـە دەوڵەت پێناسـەی کـردووە، کارکردنی سـنوورداره، هـەر بۆیە لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا حزبێکی سیاسی کە بەشدارە لە پرۆسەی سیاسـی و بەشـداری هەڵبژاردنـەکان دەکات، ئەگـەر ئامانجـی ئـەوە بێت بـە رێگـەی هەڵبـژاردن بگاتـە دەسـەڵات و دژایەتی ئەو سیسـتمە بکات کە دەوڵەتی دیموکراتیـی ئەڵمانیـا پێناسـەی کـردووە، ئـەوا نـەك پەرلەمـان، بەڵکو راسـتەوخۆ حکومەتـی ئەڵمانیا ئەو مافەی هەیە، ئەو حزبە دابخات و پرسەکەی ئاراستەی دادگای فیدراڵـی ئەڵمانیـا بکات. ئـەوە تەنانەت بۆ حزبـە چەپەکانیـش راسـتە کە لـە بنەڕەتدا خۆیان بە هەڵگری فکر و فەلسـەفەی سۆشـیالیزم و کۆمۆنیزم دەزانن و هیچ بڕوایەکیان بە سیسـتمی سەرمایەداری و بـازاڕی ئازادیـش نییە، بەڵام ئـەم حزبانەش مافی ئەوەیان نییە لە وڵاتانی لیبراڵ دیموکراتی بەشداری

**شتاین رۆكان) ئاماژەیان پێكردووە، لە ساڵانی شەستەكان هەتا نەوەدەكانی سەدەی رابردوو، هەیكەلی پارتە سەرەكییەكانی ئەمەریكای باكوور و ئەوروپا لە ئاستێكی بەرزدا پتەوبوون و هەر لە كۆپنهاگن-ـەوە بۆ پاریس و رۆما و ستۆكهۆڵم و ڤیێنا و واشنۆن، تەنیا ئەو پارتانە دەیانتوانی نوێنەرایەتی بەدەست بهێنن كە بڕوایان بە سیستمی لیبڕاڵ دیموكراتی و دامەزراوەكانیان هەبوو، بەڵام لە دوای نەوەدەكانەوە قۆناخێكی دیكەی دەركەوتنەوەی پۆپۆلیزم دەركەوتۆتەوە و پۆپۆلیست توانیویەتی بە رەگ و ریشەی حزبە دیموكرتییەكاندا رۆبچێت و توانیویەتی گوتاری پۆپۆلیستی خۆی بخاتە نیو ئەجیندای سیاسییەوە، بۆ دوورخستنەوەی مەترسیی پۆپۆلیستیش پێویستە دامەزراوە سیاسییەكانی دەوڵەتانی لیبڕاڵ دیموكراتی لە هەردوو بەری ئەتڵەسی رێگەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لایەنە خراپەكانی دیاردەی پۆپۆلیستی بگۆڕن بۆ خزمەتی دیموكراتی و دەبێت هەوڵبدەن ئەو بنەمایانەی پۆپۆلیست لە سەر خواست و گازندەی خەڵک بە شێوەیەكی سادە و ساكار گوتاری سیاسی خۆی لەسەر دروست دەكات، وەڵامدانەوە بۆ ئەو خواست و گلەیی و گازندانە هەبێت، لەمەش زیاتر پێویستە حزبە دیموكراتییەكان خەڵک بگەیەنە قەناعەت، ئەو چارەسەرە سادە و رووكەشانەی كە سەركردە پۆپۆلیستەكان بۆ چارەسەری كێشەكان دەیخەنەڕوو، نەک هەر كێشەكان چارەسەر ناكات، بەڵكو پرۆسە دیموكراتییەكەش بەرەو شكست و هەڵدێر دەبات.»**

- **نووسینی: یاشا مۆنک**
- **سەرچاوە: پۆپۆلیزم هەڕەشەیە بۆ لیبڕاڵ دیموكراتی _ گۆڤاری فۆرین ئەفێزر ۱۸ی ئابی ۲۰۱٤**



لە پرۆسەی دیموكراتی و هەڵبژاردنەكان بكەن، هەتا ئەو كاتەی كە دەستبەرداری گوتاری توندوتیژی و دژایەتی لیبڕاڵ دیموكراتی نەبن. بە دیوێكی دیكەدا سیستمی لیبڕاڵ دیموكراتی رێگر نییە لە سەر ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو سیستمەی لەو دەوڵەتانە بوونی هەیە، بیروبۆچوونی جیاواز بۆ باشتركردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان ململانێی سیاسی لەسەر بكرێت، بەڵام كە كار گەیشتە ئەوەی حزبێكی چەپ، یان حزبێكی راست، بنەما و بەهاكانی سیستمی لیبڕاڵ دیموكراتی لەبەر یەك هەڵوەشێنێت و بیەوێت سیستمی سیاسیی ئێستا بڕووخێنێت و سیستمێكی دیكە دابمەزرێنێت، ئەوا لە پرانسیپەكانی سیستمی لیبڕاڵ دیموكراتیدا ئەو حزبانە لە چوارچێوەی ئەو حزبانە لە قەڵەم نادرێن كە لە پرۆسەی فرەحزبی و فرەلایەنی ئەو كۆمەڵگەیە پێناسەكراون، بۆیە دەخرێنە دەرەوەی پرۆسە سیاسییەكەوە. بەڵام لە دوای رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەتی پێشان، دەوڵەتانی رۆژئاوا بەتایبەتی ئەمەریكا، ئەم رووداوەیان وەك سەركەوتنی تەواوی لیبڕاڵ دیموكراتی و باشترین سیستم بۆ حوكمڕانی دوای شكستی كۆمۆنیزم لە قەڵەم دا، تەنانەت بیرمەندێكی وەك فرانسیس فۆكۆیاما دیاردەی رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی بلۆكی سۆشیالیستی بە (كۆتایی مێژوو) ناو بردووە، ئەمەش بەو مانا فەلسەفییەی، ئەگەر خەبات و تێكۆشانی مرۆڤایەتی بۆ گەیشتن بە ئازادی بوویێت، ئەوا مادام مرۆڤایەتی گەیشتە ئەو قەناعەتەی تەنیا سیستمێك ئازادی تێدا فەراهەم بێت، سیستمی لیبڕاڵ دیموكراتییە، ئەوا مرۆڤایەتی گەیشتە ئازادی و ئەو مێژووە كۆتایی هات و قۆناخێكی دیكە دەست پێدەكات كە ئەویش قۆناخی پاراستنی ئازادییە.

لەسەر ئەم بنەمایە رۆژئاوا بەگشتی و ئەمەریكا بەتایبەتی، هەوڵیاندا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و پاك، بكەنە پێوەری دیموكراتی و هەموو دیموكراتی لە هەڵبژاردندا بچووك بكەنەوە، بەڵام ئەم پرۆسەیە لە ماوەی ٤-٥ساڵدا دەریخست، بچووككردنەوەی دیموكراتی تەنیا لە هەڵبژاردندا، خۆی دەبێتە مەترسییەك بۆ سەر ئازادی و ئایندەی ئازادی دەخاتە

**لە مێژووی هەموو نەتەوەكانی جیهاندا، بە هیندستانی گاندی و باشووری ئەفریقیای ماندیلا-شەوە، رزگاربوون بەرهەمی یەكڕیزی و یەكدەنگیی ئیرادەی نەتەوە بووە، نەک بەرهەمی جیاوازی و لێكترازان، تەنانەت ئەوانەشی كە لە قۆناخی رزگاری نیشتمانیدا ویستوویانە جیاوازی لەسەر گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی دروست بكەن، لەناو پرۆسەی سەربەخۆییدا جێگەیان نەبووەتەوە**

مەترسییەوە، ئەم حاڵەتە بیرمەندێکی وەك فەرید زەکەریا ناوی لێناوە: لیبراڵ دیموکراتیی نەخۆش (illiberal democracy)، ئەمەش بەو مانایەی لە پرۆسەی دیموکراتیدا بەها و پرەنسیپەکانی لیبراڵیزم هیچ بەهایەکی نامێنێت و پرۆسەی دیموکراتی تەنیا دەبێتە مەیدانێك بۆ سواڵکردنی دەنگ و هاندانی جەماوەر بە گوتاری دیماگۆگی و هەڵخەڵەتاندنی دەنگدەر، ئەمەش بۆتە فاکتەری سەرەکیی دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیستی. ئەم دیاردەیە کە ئێستا بۆتە مەترسیترین دیاردە لەسەر دیموکراتیی رۆژئاوا بە ئەمەریکاشەوە، گەیشتۆتە ئەو ئاستەی یاری بە شکۆی دەوڵەت و ئەو سیستەمە سیاسییە دەکات کە دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی پێناسەیان کردووە.

**● دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیستی و یاریکردن بە شکۆی دەوڵەتی و سیستمی لیبراڵ دیموکراتی**

کارل پۆپەر خاوەنی تیۆری (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی کۆمەڵگەی کراوە)، شێوازی کارکردنی لە کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتی لە چوارچێوەی پرەنسیپی (هەوڵدان و هەڵەکردن) کورت کردۆتەوە، بێگومان پۆپەر کە کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتی بە کۆمەڵگەی کراوە ناودەبات، مەبەستی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە بەرهەمی سەردەمی رۆشنگەری و پێشکەوتنی زانستە، بۆیە لە کۆمەڵگەیەکی لەمجۆرەدا چەند زانست پێش بکەوێت، هەڵەیەك، یان کەموکورتییەك بە دوای خۆیدا دەهێنێت. هەر بۆ نموونە لەگەڵ پێشکەوتنی وڵاتانی پیشەسازی، ئێستا گەورەترین کێشە، کێشەی پیسبوونی ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی گۆی زەوییە، دیارە ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە مرۆڤایەتی واز لە پیشەسازی بهێنێت، بەڵکو ئەرکی مرۆڤایەتییە کە چارەسەرێك بۆ پیسبوونی ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما بدۆزێتەوە.

ئەگەر هەندێك زیاتر لەم تیۆرەی پۆپەر وردببینەوە، دیارە هەڵە و کەموکورتییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە، کاڵایەکی هەرزان بەها نین، کە هەروا بە ئاسانی تێکەڵاوی پرۆسەی سیاسی بکرێن و سواڵی دەنگی لە هەڵبژاردنەکاندا پێی بکرێت، بەڵکو میکانیزمی چارەسەرکردنی ئەم کێشە و کەموکورتیانەی کۆمەڵگە، دەبێتە بەرنامەیەکی سیاسی و حزبە دیموکراتییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی جێبەجێکردنی لە چوارچێوەی پاراستنی سیستمە دیموکراتیەکە بە دەنگدەرانی خۆیان دەدەن.

بەڵام لە ناو ئەم ژینگەیەی کۆمەڵگەی کراوەی رۆژئاوادا، ئێستا بە هۆی سەرهەڵدانی سەرکردەی پۆپۆلیستییەوە، خەریکە هەڵە و کەموکورتییەکانی کۆمەڵگەی کراوە، دەکرێتە کاڵایەکی هەرزان لە ناو گوتاری سەرکردە پۆپۆلیستەکان و دەیانەوێت سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لە بناخەوە لە هەموو بەها و ماناکانی دابماڵن، هەر بۆ نموونە یەکێك لە بەها جوانەکانی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی، بڕوابوونیەتی بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و یەکسانی لە نێوان مرۆڤەکان بە بێ جیاوازی (رەنگ و ئایین و زمان) هەروەها مرۆڤ ئازادە لەوەی کوێ هەڵدەبژێرێت کە لێی دەژی، لەسەر ئەم بنەمایە دەوڵەتانی رۆژئاوا بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی بوونەتە لانەی پەنابەران لە سەرانسەری جیهاندا، بەرهەمی ئەو پێشکەوتنەی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی کە ئێستا بەخۆیانەوە دەبینن، دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبوونی ئەقڵە جیاوازەکان و فەراهەمکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ ئازادی ئەقڵ و داهێنان، هەروەك چۆن کاتێك لە ساڵی ٢٠١٣ ئەو پرسیارە لە لی کوان یوی سەرۆکی کۆچکردووی سەنگافورا کرا، بەوەی ئایا جیاوازی نێوان چین و ئەمەریکا چییە و بۆ ئەمەریکا بەوجۆرە پێشکەوتووە و چینیش لە ئاستی خۆی چەقیوە؟ لەوەڵامدا لی کوان یو گوتی: چین کۆمەڵگەیەکی داخراوە و بەرهەمی ئەقڵی ١,٤ ملیار مرۆڤە، بەڵام ئەمەریکا کۆمەڵگەیەکی کراوەیە و بەرهەمی ئەقڵی ٧ ملیار مرۆڤە.

ئەگەر لێرەوە ئەو پرسیارە بورووژێنین، لە ئێستادا کە دیاردەی سەرکردەی پۆپۆلیستی بۆتە دیاردەیەکی باو لە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی رۆژئاوادا، ئایا چی دەبینین؟ بێگومان سەرکردە پۆپۆلیستەکانی ناو هەڵبژاردنەکان، ئامانجی ئەوەل و ئەخیریان بۆتە ئەوەی یاری بەم بەها بەرزەی لیبراڵیزم بکەن و بانگەشە بۆ باڵادەستیی سپی پێست (white supremacy) دەکەن و بەڵێنی ئەوە بە دەنگدەرانیان دەدەن کە رێگە لە کۆچبەران بگرن، یان کۆچبەران رەوانەی وڵاتی خۆیان بکەنەوە، دیارە لەسەر ئەم پرسە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئێستای ئەمەریکادا، دۆناڵد ترامپ باشترین نموونەیە کە وێڕای ئەوەی لە پێشەوەی هەڵمەتەکانی حزبی کۆماریدایە، بەڵام لەناو خودی پارتی کۆماریدا

**یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی، بریتی نییە لە دیموکراتی، بەڵکو بریتییە لە قۆناخێک بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و دوای سەربەخۆیی بیروبۆچوونی جیاواز دەبێتە دیاردەیەکی ئاسایی بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتە**

**مێژووی نەتەوەکانی جیهان پێمان دەڵێت، هیچ نەتەوەیەک لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتی نەبووەتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەمەش بەرهەمی ئەو راستییەیە کە ئیرادەی نەتەوە بۆ سەربەخۆیی بریتی نییە لە رای جیاواز، بەڵکو بریتییە لە یەکڕیزی و یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی**

**ئەم واقیعە کە نەتەوە لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی پێدا تێدەپەڕێت، ململانێی نێوان هێزە ناوخۆییەکان نییە بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانەی نەتەوە، هەتا لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتی و ئازادی رادەبڕین بەڕێوە ببرێت، بەڵکو ئەم ململانێیە، ململانێیە لە نێوان ئیرادەی نەتەوەیەک بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ ئیرادەیەکی داگیرکاری بۆ سەرکوتکردنی ئیرادەی سەربەخۆیی**

ناڕازیبوونێکی زۆر هەیە بەوەی کە ترامپ، شکۆی ئەمەریکا دووچاری مەترسی دەکاتەوە. هەروەها لە ئەوروپاش ئەم مەترسییە بە زەقی دروست بووە و ئێستا ڕۆژئاوا لە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەدییەیە کە سەرکردە پۆپۆلیستەکان گەمە بە شکۆی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی دەکەن، دیارە ئەمەش وەک پرۆفیسۆر یاشا مۆنگ لە دیراسەتەکەی بە ناونیشانی (پۆپۆلیزم هەڕەشەیە بۆ لیبراڵ دیموکراتی) ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە، ئەگەر دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی لە ئەوروپا و ئەمەریکای باکوور ئەم کێشەیە چارەسەر نەکەن، ئەوا ئایندەی مێژووی ئازادیی مرۆڤایەتی دەکەوێتە مەترسییەوە.

سەرنج بدەن، ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە دووبارە هەڵوەستە بکەینەوە و لە خۆمان بپرسین: ئایا کۆچبەر و پەنابەران کێشەیان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دروستکردووە، یان نە؟ بێگومان هیچ کەسێک ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوا کێشەی پەنابەریان هەیە، تەنانەت ژینگەی کۆمەڵگەی کراوەی ڕۆژئاوا بە جۆرێکی هێندە خراپ لەلایەن پەنابەرانەوە بەکارهێنراوە، کە هەڕەشەیەکی گەورەی تیرۆری لە ڕۆژئاوا دروست کردووە، لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تیۆرەکەی کارل پۆپەر، ڕاستە ئەم کێشەیەی ئێستا بەرهەمی ڕێزگرتنی بنەماکانی لیبراڵیزمە، بۆیە ئەرکی حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتی ئەوەیە بەرنامەی دروست بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێشکەش بکەن، نەک ئەوەی سەرکردە پۆپۆلیستەکان دەیکەن، کە تەنیا گوتارێکی بێ ناوەرۆکە و دەیانەوێت پایەکانی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی برووخێنن، لەم حاڵەتەدا کە هەڕەشە دەکەوێتە سەر دەوڵەت و ئەو سیستمە سیاسییەی دەوڵەت پێناسەی کردووە و سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی دەیەوێت بە ڕێگەی هەڵبژاردن یاری بەو دەوڵەتە و سیستمە سیاسییەکەی بکات، ئەوا لێرەدا نابێت ئەو سەرکردە پۆپۆلیستە و ئەو حزبە سیاسییە لە ناو پرۆسەکە جێگەی ببێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر بوار بدرێت ئەم حاڵەتە بەردەوام بێت و بە پرۆسەی هەڵبژاردن هەڵبسەنگێندرێت، ئەوا ئایندەی دەوڵەت و سیستمی لیبراڵ دیموکراتی دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیەشە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا خەریکن ئەم دیاردەیە چارەسەر بکەن و ڕێگە نادەن سەرکردەی پۆپۆلیستی شکۆی دیموکراتیی ڕۆژئاوا لەکەدار بکات.

## ● مەترسییەکانی پۆپۆلیزم لە قۆناخی بونیادنانی نەتەوە و دەوڵەتدا

مێژووی بونیادنانی نەتەوەو و دەوڵەت، پێش مێژووی بونیادنانی دیموکراتی و لیبراڵ دیموکراتییە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بەرهەمی قۆناخی ڕۆشنگەرییە، بەڵام لەمە گرینگتر ڕۆشنگەری بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەییە، ئەمەش بەو مانایەی سەرچاوەی ڕۆشنگەری کە خۆی لە ئازادکردنی ئەقڵی مرۆڤدا بەرجەستە دەکات، لە چوارچێوەی بونیادنانی دەوڵەتی نەتەوەدا، تاکەکانی نەتەوە هەست بە ئازادی دەکەن و سایەی کەلتووری داگیرکاری لە سەر ئەقڵیان لادەچێت و وەک تاکێکی ئازاد بیر لە ئایندەی خۆیان دەکەنەوە.

فەیلەسوفی گەورەی مرۆڤایەتی هیگل سەبارەت بە گرینگیی دەوڵەت بۆ نەتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، لە دەوڵەتی نەتەوەییدا یاساکان ڕەنگدانەوەی ئیرادەی تاکەکانی نەتەوەیە، بۆیە کاتێک تاکی نەتەوە ملکەچی یاساکان دەبێت، ملکەچی ئیرادەی خۆی بووە، نەک ئیرادەیەکی دەرەکی، دیارە ئەم ئیرادەیەی تاکیش کە خۆی ملکەچی دەبێت، دەبێت پێش هەموو شت دەستی داگیرکاری دەرەکی لەسەر هەڵبگیرێت، بۆ ئەوەی هەست بکات تەنیا ملکەچی ئیرادەی خۆیەتی.

ئەم پێناسەی هیگل بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی، فێرمان دەکات کۆمەڵگەی کراوە و کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتی بەرهەمی ئەقڵی ئازادە، ئەوجا ئەم ئەقڵە ئازادە بەپێی تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی خۆی بە لەبەرچاوگرتنی کۆی نەریت و تایبەتمەندی و جیاوازی نەتەوەکەیەوە پێناسەی کۆمەڵگەی ئازاد دەکات و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی ئابووری بەڕێوە دەبات.

لایەنێکی دیکەی کە دەبێتە خاڵی هاوبەش بۆ نەتەوە ئازادەکان، ئەوەیە نەتەوە ئازادەکان کۆمەڵێک بەها و نۆرمی هاوبەش پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر هەر نەتەوەیەکی ئازاد خۆی پێناسەی ئازادی و دیموکراتی بکات، ئەوا ئاشتیی هەمیشەیی لە نێوان نەتەوەکانی جیهاندا دروست دەبێت. ئەمانوئێل کانت ئەم تێڕوانینەی کردۆتە هەوێنی پرۆژە گەورەکەی مرۆڤایەتی کە ناوی لێناوە (پرۆسەی ئاشتیی هەمیشەیی لە نێوان نەتەوەکاندا). کانت لەم پرۆژەیە داوا لە نەتەوە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی دەکات، چیتر

**دەکرێت بەراوردێکی نێوان تایوان و کۆماری چینی میللی بکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئایا بەرهەمی ئەقڵی ٢٠-٣٥ ملیۆن مرۆڤی ئازاد چی لە تایوان بەرهەمهێناوە و بەرهەمی ئەقڵی ١,٤ ملیار ئەقڵی بەندکراوی مرۆڤ لە چین چی بەرهەم هێناوە؟ ئەمە پێمان دەڵێت: کاتێک دەوڵەتی نەتەوەیی ئازاد بونیاد دەنرێت، ئەقڵە ئازادەکان قۆناخی ڕۆشنگەری بەرهەمدەهێنێت و لە قۆناخی ڕۆشنگەریشدا ئازادی پێناسە دەکرێت**

**بۆ ئێمەی کورد و کوردستانی گرینگە پەند و وانەی دروست لە مێژووی دەوڵەتی نەتەوەیی، قۆناخی ڕۆشنگەری، پێناسەکردنەوەی کۆمەڵگەی کراوە و ئازاد وەربگرین، ئەو وانەیەش ئەوەیە کە قۆناخی پێناسەکردنی ئازادی و کۆمەڵگەی کراوە لە دوای سەرکەوتنی پرۆسەی دەوڵەتی نەتەوەییەوە دەست پێدەکات**

**سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بە مانای (کۆمەڵگەی کراوە و ئازاد) بەرهەمی ئەقڵی ئازادە و هەر نەتەوەیەکیش بووە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی و بە تەواوەتی لە ژێر کەلتووری دەرەکی هاتەدەرەوە و بە ئازادی پێناسەی ئازادی و دیموکراتی بکات، بەرهەمی زۆر باشتر لە ئەقڵی ڕۆژئاوا پیشانی جیهان دەدات**

**پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان و راگەیاندنی، پرۆسەیەکە نەک هەر لەگەڵ خواستی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان یەک ناگرێتەوە، بەڵکو هەتا ئێستاش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێشوازییەکی ئاشکرای لێ نەکراوە، بەڵام ئێستا هەندێک دەوڵەت بە بێدەنگی سەری رەزامەندی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەلەقێنن، ئەوەش ئاماژەیەکی گەشە بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان**

نییەتی شەڕ و داگیرکاری نەتەوەیەکی دیکە لە ناخی خۆتاندا مەهێڵنەوە و چاوتێبڕین بۆ داگیرکردنی نەتەوەیەکی دیکە کۆتایی بێت، کاتێك دەتانەوێت ئاشتی بکەن، بە مانای وشەی ئاشتی هەنگاو هەڵبگرن، نەك ئاشتی وەك ئاگربەس تێبگەن و خۆتان بۆ جەولەیەکی دیکەی شەڕ و داگیرکاری ئامادەبکەن. دیارە ئەم



بنەمایەی فیکری کانت، بە مانای ئەو شانازییە دێت کە دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی شانازی پێوە دەکەن، کە بە درێژایی ٢٠٠ ساڵ لە نێوان دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی شەڕ روونەداوە، بە دیوێکی دیکەدا دەکرێ بگوترێ ئەگەر دیموکراتی و ئازادی بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوە ئازادەکان بێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە لە نێوان دەوڵەتی نەتەوە ئازادەکاندا شەڕ روونەداوە. کەواتە مێژووی مرۆڤایەتی لە قۆناخی رۆشنگەرییەوە پێمان دەڵێت، پێویستە نەتەوە بگاتە ئازادی و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێت، ئەوجا پێناسەی ئازادی بکات، وەك یۆرگن هابرماس دەڵێت، پێویستە یەکەمجار فێری مەلەوانی بێت، ئەوجا خۆت فڕێی بدەیتە ناو ئاوەوە. مەبەستی هابرماس ئاشکرایە، ئەگەر هەر نەتەوە و تاکێك نەگات بە ئازادی، چۆن پێناسەی ئازادی دەکات؟

لێرەوە ئەگەر سەیری پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و نەتەوە، لە ماوەی ١٠٠ساڵی رابردوو بکەین، دەبینین تەنیا ئەو چەند دەوڵەتەی رۆژهەڵاتی ئاسیا سەرمەشقی سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و بونیادنانی دەوڵەتن، بۆیە ئەگەر سەیری ئەزموونی کۆریای باشوور بکەین، دەبینین ئەوکاتە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و دەوڵەت سەرکەوت کە خۆیان لە چوارچێوەی پێناسەی رۆژئاوا بۆ دیموکراتی و دەوڵەت هێنایەدەرەوە و پێناسەیەکی خۆماڵییان بۆ بونیادنانی نەتەوە و دەوڵەت لە کۆریای باشوور کرد، هەربۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بونیادنانەوەی نەتەوە و دەوڵەت لە کۆریای باشوور، سەیر دەکەین لە ١٩٥٣ شەڕی کۆریا کۆتایی هاتووە، بەڵام دەستپێکی پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و نەتەوە لە ساڵی ١٩٦١ دەست پێدەکات، ئەمەش واتە ئەو کاتەی ژەنراڵ پارگ چانگ کۆریای باشوور لە پاشکۆیەتی پێناسەی رۆژئاوا رزگارکرد و پێناسەیەکی خۆماڵی بۆ ئەم پرۆسە گەورەیە کرد و توانی ئەوەی دەوڵەتێکی وەك بەریتانیا لە ماوەی ١٨٠ ساڵدا بەدەستی هێناوە، کۆریای باشوور تەنیا لە ماوەی ١١ ساڵدا بگاتە هەمان ئاستی ئەو پێشکەوتنەی کە بەریتانیا پێی گەیشتووە، بەهەمان شێوە تایوان و ژاپۆن و سەنگافورا-ش خۆیان پێناسەی بونیادنانی دەوڵەت و ئازادی و پەرەپێدانی ئابوورییان کرد، بۆیە ئێستا دەبینین ئیرادەی نەتەوەی ئازاد چ موعجیزەیەکی پیشانی جیهان داوە.

کەموکورتیی بیرکردنەوەی رۆژئاوا لەو خاڵەدا زیاتر بەرجەستە دەبێت، کە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی وەك فیکر و داهێنراوێکی رۆژئاوا سەیر دەکات، هەڵەی گەورەی ئەوان ئەوەیە ئەمە تەنیا بەرهەمی ئەقڵی رۆژئاوایە، بەڵام ئەقڵی رۆژئاوا پێش ئەوەی بگاتە قۆناخی دەوڵەتی نەتەوەیی و رۆشنگەری، بەرهەمەکەی هی سەدەکانی ناوەڕاستی رۆژئاوایە، کە حوکمڕانی ئێستای دەوڵەتانی

**کورد وەک نەتەوە و نیشتمانەکەشی وەک کوردستان، هەتا ئێستاش لە ژێر دەستی ئیرادەیەکی دەرەکیدایە و ئیرادەیەکی دەرەکی ئاراستەی دەکات، بۆیە هەر پابەندبوونێک بۆ ئەو ئیرادە دەرەکییە، (بەڵێی کۆیلەکەی هیگلە بۆ سەردەستەکەی)، بۆیە هەتا ئەم بەڵێیە نەگۆڕێت، بۆ نەخێر بۆ داگیرکاری، ئەوا تاکەکانی نەتەوەی کورد بێجگە لە کۆیلەیەکی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، شتێکی دیکە نین**



**مێژووی مرۆڤایەتی لە قۆناخی ڕۆشنگەرییەوە پێمان دەڵێت، پێویستە نەتەوە بگاتە ئازادی و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێت، ئەوجا پێناسەی ئازادی بکات**

**نەتەوە ئازادەکان کۆمەڵێک بەها و نۆرمی هاوبەش پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر هەر نەتەوەیەکی ئازاد خۆی پێناسەی ئازادی و دیموکراتی بکات، ئەوا ئاشتیی هەمیشەیی لە نێوان نەتەوەکانی جیهاندا دروست دەبێت**

**لە دەوڵەتی نەتەوەییدا یاساکان ڕەنگدانەوەی ئیرادەی تاکەکانی نەتەوەیە، بۆیە کاتێک تاکی نەتەوە ملکەچی یاساکان دەبێت، ملکەچی ئیرادەی خۆی بووە، نەک ئیرادەیەکی دەرەکی، دیارە ئەم ئیرادەیەی تاکیش کە خۆی ملکەچی دەبێت، دەبێت پێش هەموو شت دەستی داگیرکاری دەرەکی لەسەر هەڵبگیرێت، بۆ ئەوەی هەست بکات تەنیا ملکەچی ئیرادەی خۆیەتی**

ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینی و بەشێك لە دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست، وێڕای هەموو کەموکورتییەکیان لە حوکمڕانیی ئەقڵی ڕۆژئاوا لە سەدەکانی ناوەڕاست باشترە، بۆیە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بە مانای (کۆمەڵگەی کراوە و ئازاد) بەرهەمی ئەقڵی ئازادە و هەر نەتەوەیەکیش بووە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی و بە تەواوەتی لە ژێر کەلتووری دەرەکی هاتەدەرەوە و بە ئازادی پێناسەی ئازادی و دیموکراتی بکات، بەرهەمی زۆر باشتر لە ئەقڵی ڕۆژئاوا پیشانی جیهان دەدات.

بۆ ئێمەی کورد و کوردستانی گرینگە پەند و وانەی دروست لە مێژووی دەوڵەتی نەتەوەیی، قۆناخی ڕۆشنگەری، پێناسەکردنەوەی کۆمەڵگەی کراوە و ئازاد وەربگرین، ئەو وانەیەش ئەوەیە کە قۆناخی پێناسەکردنی ئازادی و کۆمەڵگەی کراوە لە دوای سەرکەوتنی پرۆسەی دەوڵەتی نەتەوەییەوە دەست پێدەکات، سیستمی حوکمڕانی لە دەوڵەتی نەتەوەیی ئازاددا، سیستمی حوکمڕانی ئەقڵمەندە (intelligent governance) ئەمەش مۆدێلی حوکمڕانیی سەدەی بیست و یەکەمە، نەك حوکمڕانییەك کە لە دەرەوەی ئیرادەی نەتەوە پێناسە کرابێت و ناوی لێنرابێت دیموکراتی. ئەگەر سەرنج لەو پێناسەی دەوڵەتداری و ئازادی و دیموکراتییە بدەین کە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (سەنگافورا و تایوان و کۆریای باشوور و ژاپۆن) بۆ ئازادی و حوکمڕانی و پەرەپێدانیان پێناسەیان کردووە، دەبینین لە هیچ کام لەم بوارانە پێناسەکانیان لەگەڵ پێناسەی ڕۆژئاوا یەك ناگرێتەوە، بەرهەمی ئەم پێناسەیەی ئەو دەوڵەتانە کردوویانە، ئەوەیە وەك ئەلفین تۆفلەر دەڵێت: پزیشکە سەدریە سپییەکانی ژاپۆن توانییان بە پزیشکە سەدریە سپییەکانی مایۆکلینك بڵێن، ئێوە تەنیا فریادڕەس نین و ئێمەش هەین)، ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەو پێشکەوتنەی ژاپۆن لە بواری زانستی پزیشکی پێی گەیشتووە و گەیشتووەتە ئەو ئاستەی پێش ئاستی زانستی پزیشکیی ئەمەریکا بکەوێت، دیارە لە بواری تەکنەلۆژیاشدا ئاشکرایە ئەمڕۆ چ وڵاتێك کێبڕکێ لەگەڵ ئەمەریکا و ڕۆژئاوا دەکات. ئەم پرسە بۆ کۆریای باشوور و سەنگافورا و تایوانیش بە هەمان شێوەیە، دەکرێت بەراوردێکی نێوان تایوان و کۆماری چینی میللی بکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئایا بەرهەمی ئەقڵی ٢٠-٣٥ ملیۆن مرۆڤی ئازاد چی لە تایوان بەرهەمهێناوە و بەرهەمی ئەقڵی ١,٤ ملیار ئەقڵی بەندکراوی مرۆڤ لە چین چی بەرهەم هێناوە؟ ئەمە پێمان دەڵێت: کاتێك دەوڵەتی نەتەوەیی ئازاد بونیاد دەنرێت، ئەقڵە ئازادەکان قۆناخی ڕۆشنگەری بەرهەمدەهێنێت و لە قۆناخی ڕۆشنگەریشدا ئازادی پێناسە دەکرێت.

### ● نەتەوەی بێ دەوڵەت و مەترسییەکانی پۆپۆلیست و شەڕی بەوەکالەت

کێشەی سەرەکیی نەتەوەی کورد ئەوەیە کە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە، ئەمەش واتا هێشتا لە پێش قۆناخی پێناسەکردنی ئازادییە و ئەم نەتەوەیە نەگەیشتۆتە ئازادی هەتا بزانێت پێناسەی ئازادی چییە، بە واتایەکی سادەتر کورد وەك نەتەوە و نیشتمانەکەشی وەك کوردستان، هەتا ئێستاش لە ژێر دەستی ئیرادەیەکی دەرەکیدایە و ئیرادەیەکی دەرەکی ئاراستەی دەکات، بۆیە هەر پابەندبوونێك بۆ ئەو ئیرادە دەرەکییە، (بەڵێی کۆیلەکەی هیگلە بۆ سەردەستەکەی)، بۆیە هەتا ئەم بەڵێیە نەگۆڕێت، بۆ نەخێر بۆ داگیرکاری، ئەوا تاکەکانی نەتەوەی کورد بێجگە لە کۆیلەیەکی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، شتێکی دیکە نین.

ئاشکرایە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان و ڕاگەیاندنی، پرۆسەیەکە نەك هەر لەگەڵ خواستی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان یەك ناگرێتەوە، بەڵکو هەتا ئێستاش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێشوازییەکی ئاشکرای لێ نەکراوە، بەڵام ئێستا هەندێك دەوڵەت بە بێدەنگی سەری ڕەزامەندی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەلەقێنن، ئەوەش ئاماژەیەکی گەشە بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان.

لێرەو گرینگە خواست و ئامانجە نەتەوەییەکەمان ڕاشکاوانە ڕیزبەند بکەین و لە خۆمان بپرسین: ئایا ئەولەوییەتی ئەو خواست و ئامانجانەی هەمانە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانە، یان بەراوردکردنی واقیعی ژێردەستیمانە بەو پێناسانەی کە ناویان لێناوە دیموکراتی، ئۆتۆنۆمی، یان فیدراڵی؟ لە ئێستادا زۆر جار کە خۆمان لەناو هەواڵی میدیاکانی جیهاندا دەبینین، یان دەیانخوێنینەوە، پێمان دەڵێن، بوون و ئایندەی ئێوە گرێدراوەتەوە بەو پێناسە و چەمکانەی ئێمەی ڕۆژئاوایی بۆ ئازادی و دیموکراتی دەیکەین، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر پێناسەی ڕۆژئاوا بۆ دیموکراتی و ئازادی ئەوە بێت، کە کورد هەر وەك بەشێك لە دەوڵەتانی داگیرکاری بمێنێتەوە، ئەوا

مانای ئەوەیە کورد گەلێکە بڕوای بە دیموکراتی و ئازادی هەیە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بە دەنگی بەرز بە جیهان بڵێت، دوای ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆم رادەگەیەنم، تاکە ئازادەکانی کورستان پێناسەی ئازادی و دیموکراتی و ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان دەکەنەوە، ئەوا هەتا ئێستا ئەو مافە بە کورد رەوا نەبینراوە. لەسەر ئاستی ئەو دەوڵەتانەشی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، راستییەکی گرینگ هەیە کە دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان وەك رۆژی رووناك پێی گەیشتوون، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر تەنیا لە بەشێکی کوردستاندا، دەوڵەت دابمەزرێت و ئەقڵی کورد بە ئازادی پێناسەی ئازادی و دیموکراتی بکات، ئەوا چیدیکە ئەو نەتەوەیە بێدەنگ نابێت و چیتر ناتوانرێت رێگە لە ئازادی ئیرادەی ئەو نەتەوەیە بگیرێت، بۆیە هەموو هەوڵی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان ئەوەیە رێگە نەدەن ئەو دەوڵەتە دروست بێت و تاکی کوردستان بە ئازادی پێناسەی ئازادی بکاتەوە.

لە سەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی نەتەوەی بێ دەوڵەتیش، کە هێشتا دەوڵەت دروست نەبووە بۆ ئەوەی حزبە سیاسییەکان لە خوار شکۆی دەوڵەتەوە کاری سیاسیی خۆیان بکەن، ئەوا هەر سەرۆکێکی کاریزمایی رێبەرایەتی قۆناخی رزگاری نیشتمانی و پرۆسەی سەربەخۆیی دەوڵەت بکات، لەلایەن ئەو سەرکردە لۆکاڵ و لاوازانەی لە ئاستی سەرۆکی کاریزمای نەتەوەدا هەست بە کەمی و لاوازی دەکەن، دژایەتی دەکەن و دەبنە داردەستی وڵاتانی دەرەکی و کێشە و ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی و هەنگاوەکانی سەرۆکی کاریزما دروست دەکەن.

ئەم واقیعە کە نەتەوە لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی پێدا تێدەپەڕێت، ململانێی نێوان هێزە ناوخۆییەکان نییە بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانەی نەتەوە، هەتا لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتی و ئازادی رادەبڕین بەڕێوە ببرێت، بەڵکو ئەم ململانێیە، ململانێیە لە نێوان ئیرادەی نەتەوەیەك بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ ئیرادەیەکی داگیرکاری بۆ سەرکوتکردنی ئیرادەی سەربەخۆیی، ململانێیە لە نێوان ئیرادەیەك کە دەیەوێت بگاتە ئازادی لەگەڵ ئیرادەیەك کە دەیەوێت ئازادیت لێ زەوت بکات، بەڵام لەناو پرۆسەی دیموکراتیدا ململانێیە لەسەر پێناسە جیاوازەکان بۆ ئازادی و چۆنیەتی پەرەپیدان و دەوڵەمەندکردنی ئەو ئازادییە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت پرسی سەربەخۆیی کوردستان و مانەوەی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق، لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتی پێکەوە کۆیان بکەینەوە، دیارە ئەمە یان ئەوەیە ئێمە لە ئازادی و دیموکراتی تێنەگەیشتووین، یان ئەو ئازادی و دیموکراتییەی کوردستان وەك بەشێك بە عێراقەوە بهێڵێتەوە هیچ مانایەکی نییە.

دیارە مێژووی نەتەوەکانی جیهان پێمان دەڵێت، هیچ نەتەوەیەك لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتی نەبووەتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەمەش بەرهەمی ئەو راستییەیە کە ئیرادەی نەتەوە بۆ سەربەخۆیی بریتی نییە لە رای جیاواز، بەڵکو بریتییە لە یەکڕیزی و یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی، دیارە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی، بریتی نییە لە دیموکراتی، بەڵکو بریتییە لە قۆناخێك بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و دوای سەربەخۆیی بیروبۆچوونی جیاواز دەبێتە دیاردەیەکی ئاسایی بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتە. دیاریشە لە مێژووی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا، بە هیندستانی گاندی و باشووری ئەفریقیای ماندیلا-شەوە، رزگاربوون بەرهەمی یەکڕیزی و یەکدەنگیی ئیرادەی نەتەوە بووە، نەك بەرهەمی جیاوازی و لێکترازان، تەنانەت ئەوانەشی کە لە قۆناخی رزگاری نیشتمانیدا ویستوویانە جیاوازی لەسەر گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی دروست بکەن، لەناو پرۆسەی سەربەخۆییدا جێگەیان نەبووەتەوە.

بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە ئاستەنگ دروستکردن، یان گوتاردانی پۆپۆلیستی بۆ ئاستەنگ دروستکردن لە بەردەم پرۆسەی سەربەخۆیی، لە دیموکراتی و ئازادی لێکجیابکەینەوە، دەبێت راستگۆیانە و راشکاوانە بەگەلی خۆمان بڵێین: ئێمە لە قۆناخی پێش پێناسەکردنی ئازادی و پێش پێناسەکردنی دیموکراتین، هیچ نەتەوەیەکیش ناتوانێت پێناسەی نەتەوەی دیکە بۆ ئازادی بکاتە پێناسەی خۆی، ئەوەتا کاتێك دەمانەوێت پێناسەی ئازادی و سەروەریی خۆمان بکەین، حکومەتی بەغدا بودجە و مووچەی کوردستان دەبڕێت، کاتێك دەمانەوێت هەستینە سەرپێ دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان هەزار و یەك ئاستەنگ و دەیان شەڕی بەوەکالەتمان بۆ دروست دەکەن، دەبێت چاومان بکەینەوە و بەدەنگی بەرز بڵێین: کۆمەڵگەی ئازاد و دیموکراتی بەرهەمی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیە، نەك بەپێچەوانەوە.

**حزبی سیاسی لە چوارچێوەی ئەو سیستمەی کە دەوڵەت پێناسەی کردووە، کارکردنی سنوردارە، هەر بۆیە لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا حزبێکی سیاسی کە بەشدارە لە پرۆسەی سیاسی و بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات، ئەگەر ئامانجی ئەوە بێت بە رێگەی هەڵبژاردن بگاتە دەسەڵات و دژایەتی ئەو سیستمە بکات کە دەوڵەتی دیموکراتیی ئەڵمانیا پێناسەی کردووە، ئەوا نەک پەرلەمان، بەڵکو راستەوخۆ حکومەتی ئەڵمانیا ئەو مافەی هەیە، ئەو حزبە دابخات و پرسەکەی ئاراستەی دادگای فیدراڵی ئەڵمانیا بکات**

**کاتێک دەمانەوێت پێناسەی ئازادی و سەروەریی خۆمان بکەین، حکومەتی بەغدا بودجە و مووچەی کوردستان دەبڕێت، کاتێک دەمانەوێت هەستینە سەرپێ دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان هەزار و یەک ئاستەنگ و دەیان شەڕی بەوەکالەتمان بۆ دروست دەکەن، دەبێت چاومان بکەینەوە و بەدەنگی بەرز بڵێین: کۆمەڵگەی ئازاد و دیموکراتی بەرهەمی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیە، نەک بە پێچەوانەوە**

### جەمیس رەسڵ شارەزای کاروبارە ئەمنییەکان بۆ گوڵان:

# ئەمەریکا ناتوانێت رێگە لە دابەشبوونی عێراق بگرێت

*** ئایا چۆن لە هەوڵەکانی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا دەڕوانیت و تا چ رادەیەك توانیویەتی رێگری لە خراپتربوونی بارودۆخی ئەم وڵاتە بکات و تا چ ئاستێك لە شەڕی دژ بە داعشدا بەرەوپێشچوونی بەدەست هێناوە؟**

- لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا ئەمەریکا سەرکەوتنێکی سنوورداری لە بنیادنانی سوپایەکی نیشتمانی تۆکمە لە عێراقدا بەدەستهێناوە، ئێمە دەزانین کە ئەم سوپایە لەبەریەك هەڵوەشایەوە، کاتێك چەکدارانی داعش لە سنووری سووریا پەڕینەوە بۆ ئەنبار و بە شێوەیەکی دراماتیکی لە موسڵیشدا ئەم حاڵەتەمان بەدی کرد. ئاشکرایە پرۆسەی دووبارە بنیادنانەوەی سوپای عێراقیش پرۆسەیەکی خاو و درێژخایەن بووە، کە مەبەست لێی ئەوە بووە ئەم سوپایە بەرپرسیارێتی سەرەکی بگرێتەئەستۆ لە شەڕی گرتنەوەی موسڵدا، بەڵام لە دەرئەنجامدا ئەمەریکا بە رادەیەکی گەورە پشتی بە پێشمەرگە بەستووە، کە دەرکەوت پێشمەرگەش باوەڕپێکراوترین شەریکی سەربازیی ئەمەریکان لە ناوچەکەدا، هەروەها پێشمەرگە هێزێکی تۆکمەیە و بۆ ئامانجێك لە ئارادایە. سەردانەکەی ئەم دواییەی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا- جۆزێف بایدن- بۆ عێراق بە ئاماژەیەك هەژماردەکرێت لە بارەی پابەندبوونی ئەمەریکا بە بنیادنانەوەی سوپای عێراق بۆ دەرپەڕاندنی داعش لە باکووری وڵاتەکە. ئەوەش مەسەلەیەکی نهێنی نییە کە ئەم پرۆسەیە لەوە خاوتر بەڕێوەچووە کە رای گشتیی ئەمەریکا، هەروەها رای گشتیی عێراقی تەفزیلیان دەکرد، واتە خواستی ئەوەیان هەبوو ئەم سوپایە زووتر بنیاد بنرێتەوە. لە ئێستادا ئامادەبوونی سەربازی ئەمەریکا بە رەوتێکی خاو بەڵام بەردەوام لە زیادبووندایە لە عێراق، لە رووی زیادکردنی هێزی تایبەت و راوێژکارە سەربازییەکانەوە بۆ هاوکاریکردنی ئەم پرۆسەیە. ئەمەش کات و کۆششی زیاتری دەوێت لە لایەن سەرجەم لایەنە پێوەندیدارەکانەوە. لایەنێکی گرینگی دیکەی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە رێگری لە داعش بکرێت بۆ ئەوەی لەوە زیاتر کوشتار و تاوانی جەنگ ئەنجام نەدات، ئەم رێکخراوە ئەوەی خستۆتەڕوو کە مەیلی توندوتیژییەکی دڕندانەی هەیە. لەبەر ئەوە ئێمە و خەڵکی عێراقیش خوازیاری ئەوەین رۆژگاری داعش کۆتایی پێبێت. ئومێدی ئێمە ئەوەیە پرۆسەی رزگارکردنەوەی موسڵ ئەوەندەی مومکینە درێژە نەکێشێت و سوپای عێراق زۆربەی ئەرکی شەڕکردنەکە لە ئەستۆ بگرێت، چونکە ئەمە شارێکی گرنگی عێراقە و تاقیکردنەوەیەکیشە بۆ دەسەڵاتی مەرکەزی کە دەسەڵاتێکی سیاسی لە چوارچێوەی وڵاتەکەیدا هاتۆتەئاراوە. من دڵنیام کە هێزەکانی ئێمە هاوکاری هاوشانە عێراقییەکانیان دەکەن بۆ سنووردارکردنی ئەو دەرهاویشتە مرۆییەی لەم ئۆپەراسیۆنەوە دەکەوێتەوە.

*** ئایا تا چەند ئەمەریکا هاوشان بە پلانە سەربازییەکەی گرتنەوەی موسڵ پلانێکی سیاسیشی داڕشتووە بۆ رێکخستنەوە و بەڕێوەبردنی دۆخی دوای شەڕەکە و دوای رزگارکردنەوەی شارەکە، کە لە ئێستادا چارەسەرنەکردنی پرسی پێکەوەژیانی شیعە و سوننە لە عێراقدا بۆتە سەرچاوەی زۆرێك لە کێشە و نائارامییەکان؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەوە لە دەرەوەی توانای ئەمەریکایە کە شێوازێکی دیاریکراوی پێکەوەژیانی ئاشتییانە بەسەر پێکهاتە ئیتنی و تایفەگەرییەکاندا بسەپێنێت. بە دڵنیاییەوە ئەمەریکا پەرۆشە ئەمە بەدی بکات و کاری زۆری کردووە بۆ ئەوەی هاوکاری لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا دروست بێت. بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی عێراقییەکان خۆیان کە هەڵبستن بە چارەسەرکردنی جیاوازییە سیاسییە ناوخۆییەکانیان و رێکبکەون لەسەر شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات و حوکمڕانی



**جەمیس رەسڵ پرۆفیسۆری کاروباره ئەمنییه نەتەوەییەکانە لە (Naval Postgraduate School) کە دەکەوێتە ویلایەتی کالیفۆرنیا-ی ئەمەریکا. پێشتر ١٣ ساڵ کاری لە نووسینگەی یاریدەدەری وەزیری بەرگری بۆ کاروبارە ئەمنییە نێودەوڵەتییەکان کردووە و لە کارەکانیشدا تەرکیزی لە سەر سیاسەتی ئەمنی و ستراتیژی پەیوەست بە ناوچەی کەنداوەوە کردووە. بۆ قسەکردن لە بارەی ئامادەکارییەکانی پرۆسەی رزگارکردنەوەی موسڵ و ئەگەر و پێشهاتەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنە و رۆڵی پێشمەرگە و پرسی سەربەخۆبوونی کوردستان گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەنجام دا و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

لە وڵاتەکەدا. واتە هەموو ئەو پێکهاتانە رایان هەبێت لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی حوکمڕانی و لە سەر شێواز و مەرجەکانی مومارەسەرکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن مەرکەزەوە. هەروەها ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی بەرپرسە سیاسییەکان و بەرپرسانی نێوەندە سیاسی و تایفەگەرییەکانی عێراق کە پارێزگاری لە یەکێتی عێراق بکەن. لە راپۆرتەکانی راگەیاندنەکاندا باس لەوە دەکرێت کە جێگری سەرۆکی ئەمەریکا گوزارشتی لە نیگەرانیی خۆی کردووە- کە ئەمە حاڵەتەکە بووە لە رابردووشدا- لەبارەی توانای دەوڵەتی عێراقیەوە بۆ مانەوەی بەم شێوەیەی ئێستای. بە دڵنیاییەوە بەرژەوەندی ئەمەریکاش لە دابەشبوونی عێراقدا نییە، بەڵکو خوازیاری ئەوەیە پێکهاتە ئیتنی و تایفەگەرییەکان لەسەر شێوازێك بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە رێکبکەون. بە بۆچوونی من هەڵەیە وڵاتان دابەش بن و ئەمەریکاش هەوڵی بڕەودان بە ئاشتەوایی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە دەدات. ئەمەش ئەرکێکی دەکەوێتە ئەستۆی خودی عێراقییەکان. هەروەها یەکێك لەو هۆکارانەی بوونە هۆی ئەوەی داعش بتوانێت گوڕ و تین بەدەست بێنێت لە ساڵانی ٢٠٠٨ تاوەکو ٢٠١٢ بێتوانایی، یان بێخەمیی دەسەڵاتی مەرکەزی شیعە بوو لە پێدانی مافە سیاسییەکان بە پێکهاتەی سوننە لە پارێزگاری ئەنبار- ئەمەش بە باشی تەوسیق کراوە- داعشیش لە خۆڵەمێشی دارمانی کۆدەنگیی سیاسی سەردەمی مالیکی-یەوە سەریهەڵدا. ئاشکرایە ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەڵام دەبێت لایەن و سەرکردە سیاسییە عێراقییەکان ئیرادەی سیاسییان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە هەبێت.

*** بیرۆکەی دابەشکردنی عێراق بیرۆکەی جۆزێف بایدن بوو لە ساڵی ٢٠٠٦ کاتێك سیناتۆر بوو، بەڵام ئێستا جێگری سەرۆکی ئەمەریکایە و خۆی سەرپەرشتی ئەو بارودۆخە خراپەی عێراق دەکات، ئایا ئەگەر هەوڵبدات بە ئاشتی عێراق دابەش بکات، لەوە باشتر نییە ئەو هەموو خوێنڕشتن و کوشتنە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە لە عێراقدا روودەدات؟ ئایا ئەمەریکا رێگری لە دابەشبوونی عێراق دەکات؟**

- پێموانییە لە توانای ئەمەریکادا بێت کە زەمانەتی ئەوە بکات تێکڕای لایەنە سیاسییەکان پێ بنێنە نێو پێکەوەژیانی ئاشتییانەوە لە قۆناغی دوای داعشدا، هەروەها لە توانای حکومەتی ئەمەریکاش نییە کە رێگری لە دابەشبوونی وڵاتەکە بکات، ئەگەرهاتوو ئەمە روویدا، واتە ئەگەر هاتوو ئەو پێکهاتانە نەیانتوانی پرۆسەیەکی سیاسی دابڕێژن کە دەستەبەری مافەکان و بەشداری سیاسی بکات و زەمانەتی دابەشکردنی دەسەڵات بکات لەسەر ئاستی حکومەتی نیشتمانی، یان ئەگەر لایەنەکان خوازیاری ئەم کارە نەبن، ئەوا ئەمەریکا ناتوانێت رێگرییان لێبکات. دەبێت ئەوەش بوترێت کە کورد لایەنێکە کە بە رادەیەکی زۆر جێی متمانە و هاوبەشێکی باشی ئەمەریکان و تا رادەیەك هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆن و لە پێگەیەکی باشتردان، بە بەراورد لەگەڵ ئەنبار، بۆیە ئەگەر هاتوو وڵاتەکە دابەش بوو، ئەمەریکا لە هاوپەیمانیی نزیکی سەرکردە کوردەکان بەردەوام دەبێت. من شەخسی خۆم لە بیرمە کە کاتێك بەشێك بووم لە ستافی پەنتاگۆن هاوڕێیەتی مسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی-م کرد لە نێو پەنتاگۆن لە کۆتایی نەوەتەکاندا. رەوتی سیاسیش لە عێراقیدا بەندە بەوەی چی لە ناوخۆی ئەم وڵاتەدا و چی لەسەر ئەرزی واقیع روودەدات. لەم ساتەوەختەدا کاریگەریی ئەمەریکا زۆر سنووردارە و ئومێدەوارم کە وڵاتەکە دابەش نەبێت و هیوادارم خەڵکی کێشەکانیان بخەنەلاوە و دەست بدەنە پێکەوەژیان. بەڵام ئەمەریکا ناتوانێت دەرئەنجامێکی دیاریکراو لە عێراقدا بنێنێتەدی و ئەمە لە دەستی عێراقییەکان خۆیاندایە.

**یەکێک لە سیما جوان و پیرۆزەکانی تەریقەتی نەقشبەندی ئەوەیە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلامی بە هەناسە و نەفەسێکی کوردانەوە پیشانی موسڵمانی کورد داوە**

**ئێستا ئامانجی هەرە گەورەمان سەربەخۆیی کوردستانە، بۆیە ئەگەر بۆ گەیشتن بەم ئامانجە سازش لەگەڵ یەکتر بکەین ئەمە گەورەییە و عەیبە نییە**

**هەموو کاتێک بۆ میللەتی کورد کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و کاتی باسکردنی سەربەخۆییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە میللەتی کورد هەموو مەرج و پێداویستییەکانی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە**

**ریفراندۆم ئەرکێکی گرینگی هەر تاکێکی کوردستانە، لە بەر ئەوەی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەکە و دەبێت ئەو نەتەوەیە بە خواستی خۆی بڕیار لە سەر داهاتووی بدات، نەک گوێڕایەڵی دەر و جیران بێت**

*** ئاشکرایە کە لە رووی عەمەلییەوە کوردستان لە عێراق جیابۆتەوە و هێزی پێشمەرگە سنوورەکانی کوردستان دەپارێزێت و ئەم هەرێمە بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەوت هەناردە دەکات، لە لایەکی دیکەوە بۆتە پەناگەی ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئاوارە و پەنابەران، هەروەها سەرسەختانە شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێداگیریکردن لەسەر مانەوەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا کاریگەری خراپ ناکاتەسەر شەڕی دژ بە داعش، چونکە عێراق نەك هاوکاری کوردستان ناکات، بەڵکو چەندین کێشە و ئاستەنگیشی بۆ دروست کردووە؟**

- ئاشکرایە بۆ هێنانەدی سەقامگیری لە عێراق و لە بەشی باکووری وڵاتەکەدا، گرینگە کە کورد بەشداری و پشتیوانی هەر سیستمێکی سیاسی و ئەمنی بکەن لە باکووری عێراقدا کە ببێتە مایەی پاراستنی ئاسایش لەسەر ئاستی مەحەلی. پێویستە هێزی پێشمەرگە بەشێك لەم ئەرکە بگرنەئەستۆ، هەروەها پێویستە سەرکردە سیاسییە کوردەکانیش بەشێکی دیکەی بگرنەئەستۆ. بە دڵنیاییەوە کورد رۆڵێکی گرنگی هەیە لە دەرپەڕاندنی داعش لە موسڵ و ڕێگریکردنیان لە گەڕانەوەی داعش بۆ موسڵ، کە ڕەنگە ئەمە گرینگترینیان بێت. ئێمە هەموومان تەمەننای ئەوە دەکەین کە رۆژگاری داعش بەسەر بچێت، بەڵام ئاشکرایە کە داعش بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر مرونەتی هەبووە. کەواتە چارەسەرەکە هەر ئەوە نییە لە کورتمەودادا داعش لە موسڵ دووربخرێتەوە، بەڵکو دەبێت پلانی سیاسی و ئەمنی دوورمەوداش هەبێت بۆ ڕێگریلێکردنیان تاوەکو دووبارە سەرهەڵنەدەنەوە. پێویستە کوردیش بەشێك بن لەو پلان و سیستمە. ئەوەی پێوەندی بە نیمچە سەربەخۆبوونی کوردستانەوە هەبێت، ئەوا پێویستە ئەوە بڵێین کە ئەمەریکا رۆڵی هەبووە لە دروستکردنی ئەم نیمچە سەربەخۆییەدا لەو پرۆسەیە لە دوای جەنگی یەکەمی کەنداوەوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٦ کاتێك رایگەیاند کە هەڵدەستێت بە پارێزگاریکردن لە هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکەی کورد لە بەرامبەر سوپای سەددام حوسێن-دا. لە هەمان کاتدا ئەمەریکا پێوەندی زۆر نزیکی لەگەڵ کورددا هەیە، کە هەروەك ئاماژەم پێکرد لە نەوەتەکاندا بارزانی و تاڵەبانی سەردانی پەنتاگۆنیان کرد بۆ پرس و راوێژ لە بارەی چەند مەسەلەیەکەوە. کەواتە زەحمەتە بۆ من وێنای ئەوە بکەم کە ئەمەریکا لەم ساتەوەختەدا هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت، یان دەستەبەرداری پشتیوانی خۆی بێت بۆ کورد و پێموانییە هیچ وڵاتێك هێندەی ئەمەریکا گرینگ بێت بۆ دروستکردنی هەستی یەکێتی و یەکبوون لە نێو کورددا، هەروەها کار و کۆششی سەختیان کرد بۆ هێنانەدی ئاشتەوایی لە نێوان هەردوو باڵە سیاسییەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. لەبەر ئەوە پێموانییە ئەمەریکا دەستبەرداری پشتیوانی خۆی بێت بۆ سەرکردە کوردەکان. بەڵام ئەگەر پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لێکترازا و ئەگەر وڵاتەکە دابەش بوو، ئەوا ئەمەریکا پشتیوانی خۆی بۆ کورد ناگۆڕێت. بەڵام ئامانجەکە ئەوەیە عێراق وەك وڵاتێکی فرە ئیتنی و فیدراڵی بمێنێتەوە، کە کورد هاوشان بە شیعە و سوننە رۆڵی سەرکردایەتی و یەکلاکەرەوەی هەبێت. هەرچۆنێك بێت، کورد و ئەمەریکا مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە لەگەڵ یەکدا و ئەمەش کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر بەرەوپێشچوونی پێوەندییە سیاسییەکانی نێوان کورد و ئەمەریکا.

*** ئایا پێتوایە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا سیاسەت و هەڵوێستێکی جیاوازتری دەبێت لە ئاست خواستی نەتەوەکانی عێراقدا ئەگەر هاتوو خوازیاری جیابوونەوە و دابەشکردنی وڵاتەکەیان بوون؟**

- بە دڵنیاییەوە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٧دا سەرۆکێکی نوێ لە ئەمەریکا دەسەڵات دەگرێتەدەست-کە ئەگەری بەهێز ئەوەیە هیلاری کلینتۆن و دۆناڵد ترامپ بێت، کە بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازیان دەبێت لە بارەی رۆڵی ئەمەریکا لە کەنداوی فارس و بەتایبەتی لەبارەی رۆڵی ئەمەریکا لە عێراقدا. بەڵام هەر سەرۆکێك دەسەڵات بگرێتەدەست، ئەوا رووبەڕووی هەمان واقیعی سیاسی و ستراتیژی دەبێتەوە کە لە ماوەی ٦ بۆ ٨ ساڵی رابردوودا ئۆباما رووبەڕووی بۆوە لە کەنداودا بەگشتی و لە عێراقدا بەتایبەتی. ئەوەش راستە کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا پێوەندیەکانی ئەمەریکای بە وڵاتە هاوپەیمانەکانیەوە لە کەنداودا- بەتایبەتی سعودیە-ئاڵۆز کرد. بەڵام ئایا ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر عێراق دەبێت؟ ئەوا پێدەچێت ئەمەریکا و ئێران بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبێت لە عێراقدا و دەبێت ڕێگایەك هەبێت بۆ هاوکاریکردنی یەکتری بۆ هێنانەدی چارەسەرێکی خوازراو بۆ ناکۆکییە سیاسییە ناوخۆییەکانی عێراق. پێموانییە ئێران بەرژەوەندی هەبێت لە دابەشبونی عێراقدا، هەروەها ئێران دەستڕۆیشتوویەکی زۆری هەیە لە نێو لایەنە شیعەکانی باشووری عێراقدا، هەڵەیە بڵێین کۆنترۆڵی ئەو پارتانەی کردووە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە پێوەندیەکی بەهێزی لەگەڵیاندا هەیە، واتە ئێران بەرژەوەندی لەوەدایە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی بەهێز و کارا بێت. ئومێدی من ئەوەیە سەرۆکی داهاتوی ئەمەریکا برەو بە گوڕ و تینی ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکە بدات، کە سەرۆك ئۆباما بە هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرکەوتووانە ئەنجامیدا بۆ ڕێگریکردن لە ئەگەری بەدەستهێنانی چەکی ناوکی لە ئێران. هەروەها کارکردن لەگەڵ ئێراندا بۆ ئەوەی عێراق وەك قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ و کارا بمێنێتەوە. ئەمە یەکێك دەبێت لە تەحەددییەکان کە رووبەڕووی سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا دەبێتەوە، ئەوەیە کە ئەمەریکا بەردەوام ئامادەیی سەربازی خۆی لە عێراقدا زیاتر دەکات و ڕەنگە سەرۆکی داهاتوو درێژە بەو پرۆسەیە بدات لە مەودای کورتدا، ئەویش بە ئامانجی کەمکردنەوەی کاریگەری داعش لە ناوخۆی عێراق و سووریادا. بەڵام ئەوەی پێوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا هەڵمەتی دژ بە داعش تەنیا لایەنێکە لە هەوڵەکانی پاراستنی عێراق وەك وڵاتێکی یەکگرتوو، پێویستە ئەمە هەڵوێستی ئەمەریکا بێت، هەرچەندە ڕەنگە ئەمە بۆچوونی سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا نەبێت. هەروەها ئامادەیی و بایەخدان بە کارکردن لەگەڵ ئێراندا وەك پرسێکی کراوە دەمێنێتەوە.

*** دوا وتە و پەیامتان چییە؟**

من هاوسۆزم لەگەڵ عێراقییەکاندا. هەرچەندە ئەمە شتێکی ناخۆشە، بەڵام تەقینەوەکانی ئەم دواییەی بەغداش هێندە رووماڵ نەکرا لەلایەن راگەیاندنەکانی ئەمەریکاوە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ کەسێکی وەك من کە چاودێریی بارودۆخی سیاسیی عێراق دەکەم، هاوسۆزم لەگەڵ ئەو بێتاوان و قوربانییە مەدەنییانەی کە دەبنە ئامانجی ئەو کوشتارانەی کە روودەدەن و ئەو خەڵکانەی ئاوارە دەبن و ژیانیان وێران بووە بە هۆی ئەم رووداوانەوە.

# ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ هەم لە ڕووی ئەخلاقییەوە گرفتئامێزە، هەم پێچەوانەی نۆرمەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە



● کاتێك ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ واژۆکرا، سەرۆکی ئەمەریکا ودرۆو ویڵسۆن نەك تەنیا بەرهەڵستی تۆنە ئیمپریالیستییەکەی ڕێککەوتنەکەی نەکرد، بەڵکو بەرهەڵستی شێوازی ئەنجامدانیشی کرد کە شێوازێکی نهێنی بوو. لە ساڵی ١٩١٨دا، وتارە بە ناوبانگە ١٤ خاڵییەکەی بەم وشانە دەست پێکرد: «ڕۆژگاری داگیرکاری و فراوانخوازی بەسەرچوو، هەروەها ڕۆژگاری ڕێککەوتنی نهێنیش کە لە بەرژەوەندی حکومەتگەلێکی دیاریکراو بن.» بەڵام سەرەڕای چەندین لێدوانی ویڵسۆن لەبارەی مافی بڕیاردانی چارەنووسەوە، لە ساڵی ١٩١٩دا تیمێکی ئەمەریکی ڕەوانە کرد بۆ ئەوەی شێکردنەوە بکات لە بارەی ئەوەی چۆن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای شەڕ بونیاد بنرێتەوە و حوکمڕانی بکرێت. ئەمەریکییەکان نەخشەیەکی نوێیان بۆ ناوچەکە داڕشت و پێشنیاری سنوورگەلێکی نیشتمانیی هەڕەمەکیان کرد، گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی- هاوشێوەی سایکس پیکۆ- کە دەستێوەردانی دەرەکی پێویستە بۆ ئیدارەدانی گرژییە ئیتنی و خێڵەکییەکان لە ناوچەکەدا.

● ئەگەرچی ئەو سنوورە نیشتمانییانەی لەلایەن سایکس و پیکۆ-وە گفتوگۆیان لەبارەوە کرا، جیاوازن لەو سنوورانەی کە لە سەر نەخشەکانی ئێستادا بەدی دەکرێن، بەڵام زۆرێك لە شارەزایانی سیاسی ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل، هەروەها شەڕی ناوخۆیی سووریا و سەرهەڵدانی داعش، دەگەڕێننەوە بۆ ئەو سنوورە نیشتمانییە دەستکردانەی کە ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ دایڕشتن. ئەو ڕاستییە کە ڕێککەتنی سایکس پیکۆ دەوڵەتگەلێکی نوێی داڕشت- لە نێویاندا عێراقی هاوچەرخ و ئەردەن و لوبنان و سووریا- بە بێ ڕەزامەندی، یان بەشداریی پێکهاتەکانی ناوچەکە، ئەوا ئەم ڕێککەوتنە هەم لە ڕووی ئەخلاقییەوە گرفتئامێزە و هەم پێچەوانەشە لەگەڵ نۆرمەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەو پێوەندییانەی بە پێی- یان پێویستە بە پێی- یاسا نێودوەڵەتیەکان بەڕێوەبچن.

● لە ئێستادا، بارودۆخی عێراق و سووریا هاوشێوەی ئەو بارودۆخەیە کە لە پێش دابەشبوونی هیندستان و یوگسلافیا و سودان لە ئارادا بوو. لە ئێستادا حکومەتی مەرکەزی بەغدا بۆتە خەیاڵ، ڕاستە یەکپارچەیی عێراق لە ئارادا ماوە، بەڵام یەکێك لە ڕێگاچارەکان بریتییە لە فیدراڵی، کە ئەندازەیەکی زیاتری خۆبەڕێوبەری —ئۆتۆنۆمی- بە کورد لە باکوور و عەرەبە سوننەکان لە ڕۆژئاواو عەرەبە شیعەکان لە باشوور بدرێت. یەکێك لە ڕێگاچارەکانی دیکە بریتییە لە سەربەخۆبوونی تەواوی کوردستان. لە یەکێك لە راشکاوترین لێدوانەکانیدا لەبارەی سەربەخۆبوونی کوردستانەوە تا ئێستا، لە ٢٢ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٦دا، سەرۆك بارزانی ڕایگەیاند: سەرکردەکانی جیهان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە سەردەمی سایکس پیکۆ بەسەرچووە... شتێکی نالۆژیکییە کە بەردەوام بین، یان پێداگیری لەسەر دووبارەبوونەوەی ئەزموونێکی هەڵە بکەین کە بۆ سەد ساڵە دووبارە دەکرێتەوە و ئەمەش بە هیچ کوێیەکمان ناگەیەنێت....پێموایە لە ئێستادا (سەربەخۆیی) لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر بۆ کورد نزیك بووەتەوە.

● ● ●

● سەرچاوە: Sykes-Picot and the Kurds› 100-Year Itch

● نووسینی: Elizabeth A. Nalon

# نها باشترین دەلیڤەیە بو ریفراندۆمێ



ئەڤین هروری*

تایبەت بۆ گولانی نووسیوە

پارتی دیموکراتی کوردستان پارتەکا جەماوەری و کوردستانی یە و ژ دەسپێکا دامەزراندنا پارتی، ژ بو بدەست ڤە ئینانا ئارمانجێن شورەشا مەزنا ئەیلولێ چێبویە ، چونکە ئالا هەلگرا هزرا نەتەوەیی یە پارتایەتی کریە ئامرازەکا بۆ خزمەتا کوردایەتێی دا کو سەربخوە بین ئازاد بژین . لەوما ژی د هەر قوناغەکێ دا واقعبینانە و لدویف بارودوخێ وی سەردەمێ پینگاڤ هاڤێتینە بۆنموونە ل شورەشا ئەیلولێ دا خازا ئۆتۆنومیێ دکر.

شورەشا گولانێ پشتی کونگرێ نەهێ ل سالا ١٩٧٩ێ دیسا پارتی گوهرین د دروشمین خوەدا کرن و دروشمێ خو کرە دیموکراسیەت بۆ عیراقێ و ئۆتۆنومیا راستەقینە بۆ کوردستانێ ، چونکە سەرکردایەتیا پارتی دزانی ئەگەر عیراق نەبیتە عیراقەکە دیموکراسی ل وێ دەمی دانپیدان ب مافێ گەلێ کورد ژی ناهیتە کرن ، هەروەسا ل سالا ١٩٩١ێ بۆ ئێکەم جار جەنابێ سەرۆك بارزانی بوو کو ل باژێرێ کویێ د گوتارەکا خوە دا ئاماژە دای کو پێدڤیە هەلبژارتن ل کوردستانێ بهێنە کرن گەل بخوە حوکمی ل خوە بکەت و پێدڤیە هەمی کێشە ل هەرێما کوردستانێ ب رێکا دیموکراسیەتی بهێنە چارەسەر کرن. ل سالا ١٩٩٢ێ پشتی دروستبونا پەرلەمانێ کوردستانی هەر پارتی بوو پروژێ فیدرالیەتێ بۆ هەرێما کوردستانێ پێش کیشی پەرلەمانێ کرو هاتە پەسەند کرن .

ئەڤرۆژی بابەتێ ریفراندۆمێ رژدیەکە ل دەف جەنابێ سەرۆك بارزانی ژ بەر کو جەنابێ بارزانی کو گەلەك جاران گوتیە « پشتی ٢٠٠٣ مەگوت ئیدی خوینا گەنجێن کوردان ناهێتە رێشتن و گەلێ دێ بەرەڤ ژیانەکا خوش و ئارام چیت لێ دیسا ژی نوکە ئەم دبینین روژانە چەندین گەنجین دهینە شەهید کرن ئەرێ مادەم خوین ریشتن هەر هەیە چ تشت دێ بیتە ئاستەنگ د ریکا کوردان دا کو ریفراندۆمێ نەکەت و دەولەتا خوە رانەگەهینیت؟.

ئەڤ قوناغا ئەڤرو هەریما کوردستانێ تیدا درباز دبیت قوناغەکا گەلەك هەستیارە و گوهرینین بلەز لسەر ئاستێ نێڤدەولەتی و ناوچەیی و ناڤخویی هاتینە پیش ب تایبەت پشتی هاتنا داعش بۆ عیراقێ و سنورێن هەریما کوردستانێ راستە مە دڤی شەری دا قوربانیەکا مەزن دا چ ژ لایێی بەشەری و ژ لایێی ئابوری ڤە بەلێ ژ بەرکو ل بێ شانسیا مە کوردستان لێ کو باوری ب چ

مافێن مللەتان نینە ژ بەر هندێ ئەز دبێژم دگەل عەقلیەتەکا ب ڤی رەنگی چ ماف ژێ بێ قوربانی بدەستڤەناهێن جارەکا دی دێ بیژم راستە مە قوربانیەکا مەزن دا بەلێ ئەڤرو دوزا کوردی بەرەڤ ئاستەکێ بلند و بەرچاڤ گەشە کریە چ ل ئاستێ دەولی یان ژێ شەقامێ ڤان دەولەتێن زلهیز و کاریگەر و ئەڤە وێ چەندێ رادگەهینیت کو ئەزمونا هەریما کوردستانێ ل چوارچوڤێ ڤی بارودوخێ ناوچە ب گشتیدا دەرباز دبیت ئەزمونەکا سەرکەفتییە و تەنانەت وەك ئەزمونا دەولەتەکا تازە ل روژهەلاتا ناڤین دهێتە دیتن ئەڤ چەندە رادگەهینیت نوکە باشترین دەلیڤەیە کو گەلێ کورد بەرەڤ ریفراندۆمێ بچیت کو ئەگەر ژ دەست چوو باوەر ناکەم ل نیزیك ئەڤ دەلیڤە دووبارە ببیتەڤە ژبەر هندێ ژ جەنابێ سەروك بارزانی کو کەسایەتیەکێ دویربین و واقعبینە ئێکەم پشت بەستنا جەنابێ وی ب جەماوەرێ کوردستانێ یە وهەروەسا دەولەتێن دوست و کەسایەتێین دوستێن گەلێ کورد چ ل ئاستێ رۆژئاڤا یان ژی دەولەتێن عەرەبی .

جەنابێ سەروك بارزانی کەسایەتیەکێ دویربینە و واقعبینانە سەرەدەری دگەل ئالوزێین سیاسی کریە یا ل بیرامە دەمێ ل سالا ١٩٨٨ێ ئەمر کری هەشت سالێت شەری ێین عیراقێ دگەل ئیرانێ لسەر حسابا ئابورێ عیراقێ بوویە عیراق پشتی ڤی شەری دێ تووشی ئاریشێن مەزن بیتن و ئەڤا ئەمر کری بوو راستی و ل سالا ١٩٩٠ێ عیراق چوو دکوێتێ دا و بهێزکرنا ئابورێ خوە دەست دانا سەر بیرێن نەفتێ دا کوخوە ژ وێ قەیرانا دارایی رزگار بکەت ئەوا کو توش بوییێ ژ بەر شەرێ دگەل ئیرانێ ، ئەز تەحەدایێ دکەم چ سیاسەتمەدار یان شرۆڤەکارشیابن ئەڤێ رویدانێ بەری چەند سالا کو روی بدەت رابگەهینن ئەرێ کەسایەتیەکێ ب ڤی رەنگی دویربین ئەگەر پشت راستیەك نەبیت دێ چەوا گەلێ خوە توشی کارەساتەکا دیتر کەت ؟

یا دروست ئەو گشت لایەن و پارتین کوردستانێ دەست ژ حزبایەتیا تەسك بەرتەنگ بەردەن و ل دەوروبەرین جەنابێ سەروك بارزانی کوم ببن و ریخوشکەر بن نەك ئاستەنگا پەیدا بکەن بو سەرکەفتنا ڤێ پروسێ، چونکە جارەکا دی دێ بیژم ئەڤە باشترین دەلیڤە بو گەلێ کورد و ئەگەر ئەڤ دەلیڤە ژ دەست چوو میژو دێ نفرینێ ل وان کەسان کەت یێن کو نەهێلاین ئەڤ پرسە سەر بگریت بەلێ جارەکا دی دبێژم رژدیا حەنابێ سەروك بارزانی دێ مە گەهینیتە ئارمانجا دوماهیکێ کو ئەو ژی دەولەتبونە و ب تنێ دەنگێن نەشاز بەلکو بشین پروسا دەولەتبونێ گیروبکەن.

هەروەسا دڤێت گەلێ کورد ڤێ چەندێ ژێك جودا بکەت کو هەر گاڤا دەلیڤەیەك بو گەلێ کورد هاتە پیش دێ بینی هندەك لایەنێن ناڤخویی بزاڤا کەن ل بن چ ناڤ دروشمدا بیت ئاستەنگا پەیدا بکەن وەك نەوشێروان مستەفا و تاقما وی کو ل دەمێ جەنابێ سەروکێ هەرێمی ل سالا ٢٠١٥ێ ل سەرەدانا ئەمریکا و هەندەك وەلاتین رۆژئاڤا ڤەگەریایەڤە کوردستانێ ئێکسەر داخازا کومبونەکێ ژ هەمی پارت و لایەنین سیاسی ل هەریما کوردستانێ کر د وێ کومبونێ دا داخاز کر لیژنەکا هەڤپشك ژهەمی لایەنین سیاسی بهێتە پێکئینان ژ بو خوە بەرهەڤکرنێ بو ریفراندۆمێ و ئێکریزیا ناڤ مالا کوردی بەلێ بێ گیرو بون و دو دلی موختارێ گرێ زەرگەتە بابەتێ سەروکاتیا هەریمێ و پەیداکرنا ئاریشا ل پەرلەمانێ کوردستانێ ئینا پێش تاکو ئەنجام گەهشتە هندێ کو ئەڤرو ئەڤ رێککەفتنا نە سروشتی هاتیە ئیمزاکرن ئەو ژی بو دژایەتیکرن و گیروکرنا بابەتێ ریفراندۆمێ و هەڤرکیا پارتی و شەخسێ جەنابێ سەروکێ، ئەڤە ددەمەکێدایە کو دڤێت د سیاسەتێ دا هەڤسەنگیەك هەبیت د ناڤبەر بەرژەوەندی و ئەخلاقی دا ئەگەر نە ئاشتەواییا سیاسی و کومەلایەتی و بدەستڤە ناهێت و ژ ئەنجامین ئیمزاکرنا ڤێ رێککەفتنێ ژی وان کەس و لایەنان دەستخوشی ل (ی.ن.ك و بزاڤا گوران) کر کوبوینە ئەگەرێ برینا نانێ گەلێ کورد وەکو نوری مالکی کو د ئەسلدا نەنیەت و نەرەغبەت هەیە سەرەدەریێ دگەل کوردان بکەت. مەترسیا ڤێ ریککەفتنێ بو تێکدانا ناڤ مالیا کوردی ژ ئەنجامێ وان دەستخوشیا دیاردبیت ژ وان کەسێن کو دەستخوشی لێکر هەروەکو داعش دەستخوشی لێکری بو چونا وان بوسەربارەگایین پارتی ل دەڤەرا سلێمانێ ل رێکەفتنی ٩-٨/١٠/٢٠١٥ و ئەڤروکە ژی عەمومالکێی وان بوو کو دەستخوشی لیکری.!!؟؟

موختارێ گرێ زەرگەتە بابەتێ سەروکاتیا هەریمێ و پەیداکرنا ئاریشا ل پەرلەمانێ کوردستانێ ئینا پێش تاکو ئەنجام گەهشتە هندێ کو ئەڤرو ئەڤ رێککەفتنا نە سروشتی هاتیە ئیمزاکرن ئەو ژی بو دژایەتیکرن و گیروکرنا بابەتێ ریفراندۆمێ و هەڤرکیا پارتی و شەخسێ جەنابێ سەروکێ

مەترسیا ڤێ ریککەفتنێ بو تێکدانا ناڤ مالیا کوردی ژ ئەنجامێ وان دەستخوشیا دیاردبیت ژ وان کەسێن کو دەستخوشی لێکر هەروەکو داعش دەستخوشی لێکری بو چونا وان بوسەربارەگایین پارتی ل دەڤەرا سلێمانێ ل رێکەفتنی ٩-٨/١٠/٢٠١٥ و ئەڤروکە ژی عەمومالکێی وان بوو کو دەستخوشی لیکری.!!؟؟

---

***ئەنداما ئەنجوومەنا سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان**



د.عیرفان نەقشبەندی
مامۆستای سکوڵی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی بۆ گوڵان:

# ئەوانەی پێیانوایە ئێستا کاتی سەربەخۆیی کوردستان نییە ئەجێندای دەرەکی جێبەجێ دەکەن

**مەولانا خالید نەقشبەندی میرانی بابانییەکانی بە خوا سوێند داوە خیانەت لە یەکتری نەکەن**

**پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەستی پێکردووە و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەچێت، لە ئێستادا ئامادەباشییەکان بۆ ئەنجامدانی راپرسی لە برەودایە و قۆناخەکەش پێویستی بە ئامادەباشییە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان باشتر بەدەنگ ئەم پرۆسەیە بێن و لەسەر سندوقەکانی دەنگدان بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆیان بدەن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ د.عیرفان شەریف عەزیز نەقشبەندی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە سکوڵی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی ئەنجامدا و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** بە درێژایی مێژوو هیچ کاتێك هەلی لەمجۆرە بۆ کورد هەڵنەکەوتووە، ئێستا کورد بەرەو پرۆسەی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەنگاو هەڵدەگرێت. ئایا تاچەند گرینگە ئەم پرسە بکرێتە پرۆسەیەك بۆ هاندانی جەماوەری؟ دیارە ئێوە وەك زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەردەوام لەسەر مینبەرەکانەوە لەناو جەماوەرن، ئایا چۆن ئامادەباشی بکرێت بۆ هاندانی جەماوەر بۆ بەشدارییەکی فراوان لەم پرۆسەیەدا؟ ئایا ئەمە تا چەند وەك ئەرکێکی ئایینی سەیر دەکرێت؟**

- پێش هەموو شت سەربەخۆیی کوردستان یەکێکە لە ئاواتە لەمێژینەکانی نەتەوەکەمان و کورد بە درێژایی مێژوو هەوڵی بۆ ئەوە داوە وەك سەرجەم گەلانی جیهان خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆ بێت، بۆ ئەوەی خۆی پارێزگاری لە خاك و کیان و زمان و کەلتووری خۆی بکات، دیارە ئەم داخوازییە رەوایەش هیچ هاودژییەك لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلام دروست ناکات، بەڵکو خوای پەروەردگار کە نەتەوەکانی بە زمان و رەنگی جیاواز دروستکردووە، بۆ ئەوە بووە کە پارێزگاری لە جیاوازییەکانی خۆیان بکەن، لەمەش زیاتر یەکێك لە ئەرکەکانی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم گۆی زەوییە ئەوەیە کە بتوانن لە نێوان زمان و رەنگە جیاوازەکاندا یەکتری ناسین دروست بکەن، خوای گەورەش لە قورئاندا فەرموویەتی: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ)، ئەم فەرموودەی پەروەردگارە مانای ئەوەیە دەبێت بوون و وجوودت هەبێت ئینجا داوای یەکتری ناسین دەکات، دیارە بوونیش ئەوەیە کە خاوەنی کیان و ئاڵای خۆت بیت. لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) قەبیلە هەبووە و هەر قەبیلەیەك خاوەنی ئاڵای خۆیان بوون، بەڵام لەم سەردەمە گەل و نەتەوە هەیە، هەر گەل و نەتەوەیەکیش خاوەنی ئاڵا و رەنگی خۆیەتی، ئەمەش بۆ ئەوەی لە ژێر ئەو ئاڵایەدا کیانێك هەبێت و پارێزگارییان لێ بکات، بۆیە لەم رووەوە، ئەرکی زانایانی ئیسلامی کوردستانە لە مینبەری مزگەوتەکانەوە بەشێوەیەکی مەدەنییانە هانی خەڵك بدەن کە هەموان پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان بکەن و پێکەوە ریزەکانمان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە یەکبخەین.

*** ئایا ئێوە وەك زانایانی ئیسلامی کوردستان، ئەم هاندانە لەسەر مینبەری مزگەوتەکانەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆتان دەزانن؟**

- ئەگەر هەر تاکێکی کوردستان هیوا و ئاواتی سەربەخۆیی کوردستان بێت و خەباتکردن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت، ئەوا زانایانی ئایینی ئیسلام دوو هێندەی هەر تاکێکی کوردستان ئەو ئەرکەی لەسەر شانە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بە درێژایی هەموو بزاڤ و شۆڕشەکانی کوردستان رۆڵی مەلا و شێخەکانی کوردستان رۆڵی سەرەکی بووە، بۆیە جێگەی شانازییە بۆ شێخ و مەلاکانی کوردستان کە ئەم رۆڵەیان گێڕاوە و یەکەمین کۆماری کوردستانیش کە لە ساڵی ١٩٤٦ قازی محەمەد رایگەیاندووە ئەویش هەر مەلایەکی ئەم کوردستانە بووە، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ مەحمودی حەفید کە لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان شۆڕشیان بەرپاکردووە، ئەوانیش هەر شێخ بوون، جەنابی مەلا مستەفا بارزانی کە رێبەرایەتی ئەو شۆڕشە گەورەیەی کردووە، ئەویش هەر بە هەمان شێوە پەروەردەی حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان بووە، بۆیە ئەم مێژووە لە سەر مەلا و زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان فەرزی دەکات کە دەبێت پشکی ئەوان لە پرۆسەی سەربەخۆیی هێندەی دووپشکی هەر تاکێکی دیکەی کوردستان بێت.

*** باسی رۆڵی شێخ و مەلاکانی کوردستانت کرد، دیارە لە ناو شێخەکاندا، شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی سەرمەشقی بەرپەرچدانەوەی زوڵم و زۆرداری و ئاڵاهەڵگری کوردایەتی بوون، ئایا ئەم ئیلهامە شۆڕشگێڕییەی تەریقەتی نەقشبەندی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- تەریقەتی نەقشبەندی کە لەسەر دەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندی-یەوە هێنراوەتە کوردستان، بە تەریقەتی چەوساوەکان دەناسرێتەوە، هەروەك چۆن

**باشترین کات بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئێستایە. ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە و ئێستا کورد باشترین پێوەندی نیودەوڵەتی هەیە. تەنیا لەساڵی ٢٠١٥ زیاتر لە ٢٠٠ شاندی ئاست بەرزی وڵاتانی جیهان سەردانی کوردستانیان کردووە**

**کەسایەتییەکی وەک مەولانا خالیدی نەقشبەندی دوای مردنیشی لە دیمەشق لەسەر مەزارەکەی نووسراوە (خالید شهرزوری) ئەمەش مانای ئەوەیە لە تەریقەتی نەقشبەندیدا هەتا ئەگەر لە دەرەوەی کوردستانیش کۆچی دوایی بکەن، ئەوا ناسناوی کوردستانیبوونیان لەدەست نەداوە**

**یەکێک لە سیما جوان و پیرۆزەکانی تەریقەتی نەقشبەندی ئەوەیە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بە هەناسە و نەفەسێکی کوردانەوە پیشانی موسڵمانی کورد داوە**

**ئێستا ئامانجی هەرە گەورەمان سەربەخۆیی کوردستانە، بۆیە ئەگەر بۆ گەیشتن بەم ئامانجە سازش لەگەڵ یەکتر بکەین ئەمە گەورەییە و عەیبە نییە**

**هەموو کاتێک بۆ میللەتی کورد کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و کاتی باسکردنی سەربەخۆییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە میللەتی کورد هەموو مەرج و پێداویستییەکانی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە**

**ریفراندۆم ئەرکێکی گرینگی هەر تاکێکی کوردستانە، لەبەر ئەوەی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەکە و دەبێت ئەو نەتەوەیە بە خواستی خۆی بڕیار لە سەر داهاتووی بدات، نەک گوێڕایەڵی دەر و جیران بێت**

بە دیوێکی دیکەشدا بە تەریقەتی زانایان و ئەدیبان و شاعیرانیش دەناسرێتەوە، لە سەردەمی ئەمارەتی بابانییەکاندا کە مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە سلێمانی بووە، ئەرکی گرینگی ئەو شان بە شانی وانەوتنەوە و ئیرشاد و پەروەردەکردنی دەروێشەکانی، پشتگیریکردنی ئەمارەتی بابان بووە، مەولانا خالیدی نەقشبەندی میرانی بابانییەکانی بانگهێشت کردووە و بەخوا سوێندی داون کە خیانەت لە یەکتری نەکەن. بە خوا سوێندی داون هەر میرێك نامەیەکی بۆ هات لەوانی دیکەی نەشارێتەوە و پشتی یەکتری بگرن. هەروەها دەڵێن مەلانا خالیدی نەقشبەندی ئەوکات لە بیری ئەوەدا بووە دەوڵەت دابمەزرێنێت، بەڵام ئەم قسەیە بەدواداچوونی دەوێت و دەبێت توێژەران و مێژوونووسان بەدواداچوونی لەسەر بکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە جەنابی مەولانا خالیدی نەقشبەندی داواکاری ئەوە بووە کورد کیانێکی خۆی هەبێت، هەروەها شێخ سەعیدی پیران کە ئەویش هەر شێخی تەریقەتی نەقشبەندی بووە لە پێناوی نەتەوەکەیدا ڕاپەڕی کە پاشان لەگەڵ زانای دیکە هەموویان لەسێدارە دران، بەهەمان شێوە قازی محەمەد کە ئەویش هەر نەقشبەندییە و پێوەندی بە شێخ بورهان و شێخ محەمەد ئەمینی بێوژێ هەبووە، تەنانەت قازی محەمەد لەکاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان پێوەندی بە شێخ محەمەد ئەمینی بێوژێ کردووە و ڕاوێژی پێکردووە، لێی پرسیوە، من لە سەروبەندی ئەوەم کۆماری کوردستان ڕابگەیەنم، تۆ فەرمانت بە چییە؟ لە وەڵامدا شێخ محەمەد ئەمین پێی گوتووە، ئەگەر کۆمار ڕابگەیەنیت، تەمەنت کەم دەبێت، بەڵام ناووناوبانگت گەورە دەبێت، بەڵام ئەگەر ڕای نەگەیەنیت، تەمەنت درێژ دەبێت و ناو ناوبانگت کەم دەبێت. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە تەریقەتی نەقشبەندی سەرکردەکانی خۆی بەوجۆرە پەروەردە کردووە کە لە خەمی گەل و نەتەوەکەی خۆیاندا بن، هەر لەم چوار چێوەیەدا دیارە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و دوای ئەویش مەلا مستەفا بەهەمان شێوە پەروەردەی تەریقەتی نەقشبەندین، دوای ئەوانیش شێخانی تەوێڵە و بیارە، هەمیشە هانی سەرکردە و پێشمەرگەیان داوە کە دڵسۆزی میللەتی خۆیان بن، هەروەها شێخ عوسمانی بیارە کە لە ساڵی ١٩٩٧ کۆچی دوایی کردووە، لە شیعرێکدا دەڵێت:

بەخوای کە تەنیا و یەکە، من یەك دەناسم
هەر کوردم و کوردستانە وەتەنی ڕاسم

ئەمەش مانای ئەوەیە کوردبوون و کوردایەتی تەنانەت لە شیعرەکانیشیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

*** لە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستاندا، وێستگەی گرینگ خۆئامادەکردنە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و گەڕانەوە بۆ بڕیاری خەڵکی کوردستان، ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەم پرۆسەیە دەکەن و تا چەند ئەنجامدانی ڕاپرسی گرینگە؟**

- ریفراندۆم ئەرکێکی گرینگی هەر تاکێکی کوردستانە، لەبەر ئەوەی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەکە و دەبێت ئەو نەتەوەیە بە خواستی خۆی بڕیار لە سەر داهاتووی بدات، نەك گوێڕایەڵی دەر و جیران بێت، فەلسەفەی ریفراندۆم ئەوەیە کە تاکەکانی هەر نەتەوەیەك خۆیان چۆنیەتی سیستمی حوکمڕانی و ژیانی خۆیان دیاری بکەن، بۆیە ریفراندۆم پێمان دەڵێت کە نابێت وابەستەی وڵاتی دیکە بین و نابێت وڵاتانی دیکە داهاتوو بۆ ئێمە دیاری بکەن، لایەنێکی دیکە کە لە ریفراندۆمدا بەرجەستە دەبێت، ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە سبەی ریفراندۆم ئەنجام بدەین بۆ ئەوە نییە دووسبەی سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنین، بەڵام کاریگەری ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە پیشانی جیهانی بدەین کە ئێمە وەك نەتەوەی کورد سەربەخۆییمان دەوێت، میللەتێکی ٤٠ ملیۆن کەسی چیدیکە ژێردەستەیی قبووڵ ناکات و دەیەوێت سەربەخۆ بژی، بۆیە لەم ڕوانگەوە ئەنجامدانی ریفراندۆم بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانم، دەبێت هەموو تاکێکی کوردستان ئامادەباش بێت بۆ ئەم پرۆسەیە و لە پرۆسەی بڕیاردانی چارەنووسدا بەشدار بێت.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان، دیارە شێخ عوبیدوڵای نەهری نزیکەی ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر داوای سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستانی کردووە، لەو کاتەشەوە دەست بەدەست لە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بۆ شێخ ئەحمەد و شێخ مەحموود و قازی محمەد تا جەنابی مەلا مستەفا، ئامانجی ئەوەل و ئەخیریان سەربەخۆیی کوردستان بووە، بەڵام بەداخەوە ئێستا هەندێك لایەن دەڵێن کاتی سەربەخۆیی نییە و خەڵك لەم پرۆسەیە سارد دەکەنەوە، ئایا ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا کاتی سەربەخۆیی بووبێت، ئێستا چۆن کاتی نییە؟**

- لە ڕاستیدا هەموو کاتێك بۆ میللەتی کورد کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و کاتی باسکردنی سەربەخۆییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە میللەتی کورد هەموو مەرج و پێداویستییەکانی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە، لەوانە زمانەکەی زیندووە، لەسەر خاکی خۆیەتی، توانای ئابووری هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو کاتێك بۆ کورد کاتی سەربەخۆییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە وەك ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب (خ.ل) فەرموویەتی: ئێمە چۆن دەبێت کۆیلە بین لە کاتێکدا بە ئازادی لەدایك دەبووین، کەواتە ناتوانرێت ئازادی لە

کەس زەوت بکرێت. هەروەها باشترین کات بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئێستایە. ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە و ئێستا کورد باشترین پێوەندی نیودەوڵەتی هەیە. تەنیا لەساڵی ٢٠١٥ زیاتر لە ٢٠٠ شاندی ئاست بەرزی وڵاتانی جیهان سەردانی کوردستانیان کردووە، لە رووی ئابورییەوە کوردستان نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات، چەندین وڵات ئامادەباشییان پیشانداوە بۆ ئەوەی لە رووی ئابووری و سەربازییەوە هاوکاری کوردستان بکەن، بۆیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پشتگیری کوردستان دەکرێت، بەڵام ئەگەر هەندێك وڵاتی دەوروبەرمان هەبن بە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان رازی نەبن، ئەوا ئەو وڵاتانە هەتا رۆژی قیامەت هەر نارازی دەبن، بۆیە نابێت کورد لەبەر ئەوەی دەوروبەرەکەی رازی نییە، ئیتر نابێت دەوڵەت و کیانی خۆی هەبێت، بۆیە ناکرێت لەسەر رەزامەندی ئەوان رابوەستین و ئێستا باشترین کاتە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی و کۆتاییهێنان بە وابەستەیی.

*** ئەی سەبارەت بەوانەی دەڵێن کاتی نییە، ئایا بەوان چی دەڵێت؟**

- هەموو کەسێك ئازادە رای خۆی دەربڕێت، بەڵام گرینگە ئەو راستییە بۆ خەڵك روون بکەینەوە کە ئەوانەی دەڵێن کاتی سەربەخۆیی کوردستان نییە، ئەم قسەیە لە روانگەی وابەستەیی دەرەکییەوە دەکەن، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە لەسەر داهاتووی نەتەوەیەك، نابێت ئێمە لە بەر رازیکردنی دەوروبەر چارەنووسی نەتەوەیەك بخەینە مەترسییەوە. لایەنێکی دیکە پێویستە راشکاوانە لە رێگەی میدیا و راگەیاندنەکانەوە وتوویژیان لەگەڵدا بکەین، ئەو بابەتەیان بۆ شی بکەینەوە، کە سەربەخۆیی باشووری کوردستان چ سوودێکی هەیە، نەك تەنیا بۆ باشوور بەڵکو بۆ پارچەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا و باکووریش، ئەمە دەبێتە هۆکاری سەقامگیری و هەوێنی دروستبوونی دەوڵەت کوردستانی گەورە.

*** لایەنێکی دیکە کە دەخوازین لەم دیمانەیەدا هەر سەبارەت بە تەریقەتی نەقشبەندی قسەی لەسەر بکەین، مەسەلەی تێگەیشتنی ئەم تەریقەتەیە لە ئیسلام، ئایا تا چەند تەریقەتی نەقشبەندی خوێندنەوەی کوردانەی بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام کردووە؟**

- یەکێك لە سیما جوان و پیرۆزەکانی تەریقەتی نەقشبەندی ئەوەیە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلامی بە هەناسە و نەفەسێکی کوردانەوە پیشانی موسڵمانی کورد داوە، تەریقەتی نەقشبەندی نەچووە بیروبۆچوونێکی دەرەکی هاوردە بکات و ناوی لێ بنێت ئایینی پیرۆزی ئیسلام و فەرزی بکات بە سەر نەتەوەکەیدا، بۆیە سیمای جیاوازی ئەم تەریقەتە ئەوەیە بە شێوەیەکی کوردانە ئایینداری کردووە، کوردانە موسڵمانبوونی کوردی پیشانداوە، هەر لە میانەی پەروەردەی ئەم تەریقەتەوە بۆ موسڵمانی کورد، بۆتە هۆکاری ئەوەی هەمیشە لە خەمی نەتەوەکەی خۆیدا بێت، هەر بۆیە کەسایەتییەکی وەك مەولانا خالیدی نەقشبەندی دوای مردنیشی لە دیمەشق هەر لەسەر مەزارەکەی نووسراوە (خالید شەهرزوری) ئەمەش مانای ئەوەیە لە تەریقەتی نەقشبەندیدا هەتا ئەگەر لە دەرەوەی کوردستانیش کۆچی دوایی بکەن، ئەوا ناسناوی کوردستانیبوونیان لەدەست نەداوە، ئەمە فێری کردووین ئەگەر بیروبۆچوونی دەرەکی هاوردە بکەین، بۆ نموونە لە وڵاتانی کەندا و یان وڵاتانی دیکە و بڵێین دەبێت میللەتی ئێمەش بەمشێوەیە ئایینداری بکات، ئەوا ئەو کات میللەتی ئێمە تووشی گرفت دەبێت. بەڵام ئەگەر بە شێوازی تەریقەتی نەقشبەندی و بە نەفەسێکی کوردانە ئایین پیشان بدرێت، ئەوا ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەپارێزرێت، هەروەها هەر موسڵمانێکیش لە خەمی نەتەوەکەی خۆیدا دەبێت، هەر ئەمەش وایکردووە کە تەریقەتی نەقشبەندی هەر بە پیرۆزی بمێنێتەوە.

*** بۆ ئەم قۆناخە هەستیار و ناسکەی نەتەوەکەمان، تەنیا رێگەچارە دوای پشتیوانی خوای گەورە، یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هەموو لایەنەکانە، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو یەکهەڵوێستی ویەکڕیزییە وەك پێویست بوونی نییە، ئایا تاچەند پێویستە ئەم یەکهەڵوێستی و یەکڕیزییە خەمی هەموو لایەنەکان بێت؟**

- یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی گەلی کورد هەوێنە، ئێمە هەر هەنگاوێك هەڵبگرین، ئەگەر هاتوو یەکگرتوو و یەکهەڵوێست نەبین، بە هیچ جۆرێك بە ئاواتەکانی خۆمان ناگەین، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمووێت: (وتعاونوا علی البر والتقوی)، ئەمەش واتە بۆ چاکە و خواپەرستی هاوکاری یەکتری بکەن، هەرووەها ئەگەر پێکەوە نەبین، ئەوا ئامانج و ئاواتە گرینگەکانمان لەدەست دەچن، بەڵام بەداخەوە گرفتی ئێمە ئەوەیە لە ناوخۆماندا یەك نین و ئەجیندای دەرەکی جێبەجێ دەکەین، دیارە ئامانجی ئەوەل و ئەخیری ئەجیندای دەرەکیش بە درێژایی مێژوو ئەوە بووە کورد لەناو خۆیدا یەك نەبێت و پەرتەوازە بێت، هەر ئەمەش بە درێژایی مێژوو خاڵی لاوازی کورد بووە کە نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. بۆیە دەبێت هەموو لایەنەکان لە ئاستی ئەم پرسە بەئیرادە بن و لە پێناوی ئامانجە سەرەکییەکە تەنازول بۆ یەکتری بکەن، ئێمە ئێستا ئامانجی هەرە گەورەمان سەربەخۆیی کوردستانە، بۆیە ئەگەر بۆ گەیشتن بەم ئامانجە سازش لەگەڵ یەکتر بکەین ئەمە گەورەییە و عەیبە نییە.

**قازی محەمەد لەکاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان پێوەندی بە شێخ محەمەد ئەمینی بێوژێ کردووە و راوێژی پێکردووە، لێی پرسیوە، من لە سەروبەندی ئەوەم کۆماری کوردستان رابگەیەنم، تۆ فەرمانت بە چییە؟ لە وەڵامدا شێخ محەمەد ئەمین پێی گوتووە، ئەگەر کۆمار رابگەیەنیت، تەمەنت کەم دەبێت، بەڵام ناووناوبانگت گەورە دەبێت، بەڵام ئەگەر رای نەگەیەنیت، تەمەنت درێژ دەبێت و ناو ناوبانگت کەم دەبێت**

**فەلسەفەی ریفراندۆم ئەوەیە کە تاکەکانی هەر نەتەوەیەک خۆیان چۆنیەتی سیستمی حوکمڕانی و ژیانی خۆیان دیاری بکەن، بۆیە ریفراندۆم پێمان دەڵێت کە نابێت وابەستەی وڵاتی دیکە بین و نابێت وڵاتانی دیکە داهاتوو بۆ ئێمە دیاری بکەن**

**شێخانی تەوێڵە و بیارە، هەمیشە هانی سەرکردە و پێشمەرگەیان داوە کە دڵسۆزی میللەتی خۆیان بن، هەروەها شێخ عوسمانی بیارە کە لە ساڵی ١٩٩٧ کۆچی دوایی کردووە، لە شیعرێکدا دەڵێت: بەخوای کە تەنیا و یەکە، من یەک دەناسم هەر کوردم و کوردستانە وەتەنی راسم**

## ساڵێک دوای ١٨ی٥ی٢٠١٥

# پانۆڕامای دوایین هەناسەکانی عێراق



بەختیار شاخی

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٥ی ٥ی ٢٠١٥ لە چوارچێوەی سەردانەکەی بۆ ئەمەریکا، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری لە کۆشکی سپی لەلایەن باراك ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و جۆ بایدن جێگری سەرۆکی ئەمەریکا پێشوازییان لێ کرا. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی هەرێمی کورستان زۆر بە ڕاشکاوی باسی ئازار و مەینەتییەکانی گەلی کوردستانی کرد، باسی مەرجەکانی سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عێراقی کرد کە بڕیار بوو لە سەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینەی هەردوو گەلی کورد و عەرەب بێت، کەچی بەشی کورد لەو شەراکەتە تەنیا ئەنفال و کیمیاباران و کاولکاری و نانبڕین و قوربانیدان بووە و هەرگیز حوکمڕانانی بەغدا باوەڕیان بە شەراکەت و پێکەوەژیان لەگەڵ کورد و نەتەوەکانی دیکە نەبووە. ئەو هەوڵانەشی وەبیرهێنایەوە کە لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانەوە لەپێناو هێنانەکایەی عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵدا خراونەتەگەڕ تا دەوڵەتی عێراق بکەوێتە سەر ڕاستەڕێی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و مافی هەمووان دابین بکرێت، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە

بێ ئەنجام بوون و عەقڵییەتێکی نکۆڵیکاری بەسەر فەرمانڕەوایانای بەغدادا زاڵە و باوەڕیان بە شەراکەتی کورد نییە و کوردیان تەنیا وەك ژێردەستە دەوێت و ئەو سەردەمەش بەسەرچوو کە کورد ژێردەستەیی قبووڵ بکات، بۆیە گەلی کوردستان دەیەوێ لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە چارەنووسی خۆی دیاری بکات، کاتێکیش هاوبەشەکانمان لە عێراقدا ئێمەیان وەك شەریك قبووڵ نییە، دەکرێ ببینە دراوسێی باش.

لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆك ئۆباما پێزانینی قووڵی خۆی بۆ خەباتی گەلی کوردستان خستبووەڕوو بە ڕاشکاوییش ئەوەی ڕاگەیاندبوو کە ئەو وەك سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناتوانێت دژی خواستی گەلێك بوەستێتەوە. دواتر سەرۆك بارزانی و شاندی یاوەری لەگەڵ جێگری سەرۆکی ئەمەریکا کۆبوونەوە و جۆ بایدن زۆر ڕوونتر بە سەرۆك بارزانی ڕاگەیاندبوو کە بە دڵنیاییەوە هەردووکمان دەوڵەتی کوردستان بە چاوی خۆمان دەبینین.

ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی ٥ی ٢٠١٥ سەرۆك بارزانی و شاندی یاوەری، لەسەر بانگهێشتی وڵاتی هەنگاریا گەیشتە شاری (بوداپێست)ی پایتەختی هەنگاریا، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ڤیکتۆر ئۆبان سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتە، ئۆبان باسی هاوشێوەبوونی مێژووی گەلی کوردستان و گەلی هەنگاریای کرد و ڕایگەیاند کە گەلی هەنگاریا پاڵپشتی ئەو گەلانەیە کە ژێردەستییان بینیوە و خەباتکارن و حەزیان لە ئازادییە و بە ڕاشکاویش ئەوەی باس کرد کە هەنگاریا بە شانازییەوە پشتیوانیی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات و ئامادەی هەموو هاوکارییەکە. دواتر ڕۆژی سێشەممە ١٢ی ٥ی ٢٠١٥ سەرۆك بارزانی و شاندی یاوەری گەییشتنە شاری (پڕاگ)ی پایتەختی کۆماری چیك و لە لایەن میلۆس زێمان سەرۆکی کۆماری چیك پێشوازییان لێ کرا، سەرۆك کۆماری چیك پشتیوانیی خۆی و وڵاتەکەی بۆ مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان ڕاگەیاند و جەختی کردەوە کە هەر بڕیارێك لەلایەن گەلی کوردستانەوە بدرێت، ئەوان بە تەواوی پشتیوانی دەبن.

دوای ئەو سەردانە پڕ لە دەستکەوتە سیاسییە، ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی ٥ی ٢٠١٥ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری گەڕانەوە هەولێر و ڕۆژی ١٨ی ٥ی ٢٠١٥ سەرۆك بارزانی و ئەندامانی شاندی هاوڕێی بۆ سەفەرەکەی ئەمەریکا و چیك و هەنگاریا، لەگەڵ نوێنەرانی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی هەرێم و پێکهاتە نەتەوەییەکانی کوردستان کۆبوونەوە، تا ئەنجامی سەفەرەکە بۆ هێزە کوردستانییەکان باس بکرێت و ئامادەکاریی پێویست بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی بکرێت.

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٨ی ٥ی ٢٠١٥، بە هەموو پێوەرێك دەکرێ بە گرینگترین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بژمێردرێت. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆك ئەنجامەکانی سەردانی خۆی بۆ دەرەوەی وڵات ئاشکرا کرد و بە دوور و درێژی لە بارەی هەلومەرجی بابەتیی سەربەخۆیی گفتوگۆ کرا و سەرجەم لایەنەکان ڕای خۆیان خستەڕوو و بە جۆش و خرۆشەوە لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن. گرینگترینیان پێکهێنانی ژووری عەمەلیاتی سەربەخۆیی بوو.

ژوورەکە چەند ئەرکێکی پێڕاسپێردرا کە بریتی بوون لە کارکردن بۆ ئامادەکردنی ڕای گشتی بۆ سەربەخۆیی و یارمەتیدانی پەرلەمان و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بۆ ڕێکخستنی ڕیفراندۆم. ئەرکێکی دیکەی یەکخستنی پێشمەرگە و یارمەتیدانی بوو لە شەڕی داعش و دیاریکردن و جێگیرکردنی سنووری کوردستان. هەروەها پێکهێنانی شاندی دانوستاندنکار بۆ ئەوەی بە شێوازێکی سەردەمییانە بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ جیهان و دەوروبەر لەسەر ویستی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، دواجار بڕیاردرا لەماوەی یەك حەفتەدا ئەم ژوورە دەستبەکار بێت، بەڵام بەداخەوە لە جیاتی کارکردن بۆ پێکهێنانی ئەو ژوورە و دەستپێکردنی هەنگاوەکانی ئامادەکاریی بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی، فراکسیۆنەکانی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکێتیی نیشتمانی و یەکگرتووی ئیسلامی، لە ٢٣ی ٦ی ٢٠١٥ هەنگاوێکیان نا کە بووە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی گەورەی سیاسی و تا ئێستاش بەردەوامە.

ئەم قەیرانە سیاسییە لە کاتێکدا خولقێندرا کە دەوڵەتی شکستخواردووی عێراق لە هەموو کاتێك زیاتر لە دارمان نزیك بۆتەوە. ڕووداوەکانی مانگی نیسانی ٢٠١٥ لە پەرلەمانی عێراق و ئیفلیج بوونی تەواوی دەستگە ئیدارییەکانی عێراق، هەموویان بەڵگەن کە ئەم دەوڵەتە ئیدی ناکەوێتەوە سەرپێی

**بەشی کورد لەو شەراکەتە تەنیا ئەنفال و کیمیاباران و کاولکاری و نانبڕین و قوربانیدان بووە و هەرگیز حوکمڕانانی بەغدا باوەڕیان بە شەراکەت و پێکەوەژیان لەگەڵ کورد و نەتەوەکانی دیکە نەبووە**

**لە جیاتی کارکردن بۆ پێکهێنانی ئەو ژوورە و دەستپێکردنی هەنگاوەکانی ئامادەکاریی بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی، فراکسیۆنەکانی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکێتیی نیشتمانی و یەکگرتووی ئیسلامی، لە ٢٣ی٦ی٢٠١٥ هەنگاوێکیان نا کە بووە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی گەورەی سیاسی و تا ئێستاش بەردەوامە**

**ڕووداوەکانی مانگی نیسانی ٢٠١٥ لە پەرلەمانی عێراق و ئیفلیج بوونی تەواوی دەستگە ئیدارییەکانی عێراق، هەموویان بەڵگەن کە ئەم دەوڵەتە ئیدی ناکەوێتەوە سەرپێی خۆی و شتێک بە ناوی دەوڵەتی عێراق نەماوە. لە ڕووی جیوگرافییشەوە ئێستا بە کردەوە عێراق بۆتە سێ پارچە و ئیدی هیچ هێزێک ناتوانێ بە زۆری پێکیانەوە بلکێنێتەوە**

**عێراق بووەتە وڵاتی فەوزا و دەستشکانەوە و تاقیکردنەوەی هێزی ئەم گرووپ و ئەو تاقمی مەزهەبی. ئیدی هیچ مانایەکیش بۆ مانەوەی کوردستان لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا نەماوە**

**ئەوە شەهیدانمان بوون کە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیان بە خوێنی پاکی خۆیان جێبەجێ کرد و ناوچە داگیرکراوەکانیان گەڕاندەوە ناو باوەشی کوردستان و لە داهاتووشدا لە راپرسییەکدا دانیشتووانی ئەو ناوچانەی فرەنەتەوەن، خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن**

خۆی و شتێك بە ناوی دەوڵەتی عێراق نەماوە. لە ڕووی جیوگرافییشەوە ئێستا بە کردەوە عێراق بۆتە سێ پارچە و ئیدی هیچ هێزێك ناتوانێ بە زۆری پێکیانەوە بلکێنێتەوە، چونکە چیدی سنووری نێوان ئەو سێ پارچەیە تەنیا هێڵێکی جیوگرافی نییە، پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی عێراق لەوپەڕی خراپیدایە. هیچ متمانەیەك نەماوە و پرۆسەی سیاسی بە تەواوی داڕماوە. عێراق بووەتە وڵاتی فەوزا و دەستشکانەوە و تاقیکردنەوەی هێزی ئەم گرووپ و ئەو تاقمی مەزهەبی. ئیدی هیچ مانایەکیش بۆ مانەوەی کوردستان لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا نەماوە. تاکەی گەلی ئێمە بە ئاگری ئەو کێشە و ململانێ مەزهەبییە سەدان ساڵەیە بسووتێت؟ ئەوە پرسیارێکە ئاراستەی هەموو ئەوانەی دەکەین کە داوای مانەوە لە چوارچێوەی عێراقمان لێ دەکەن.


دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی و بونیادیی هەبوو لە سەرێ خستنەوەی دەوڵەت بەو ئومێدەی لەسەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینە کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی دیکە پێکەوە بژین. بەڵام زۆر زوو، لایەنە شیعییەکان، چوونە سەر هەمان ڕێچکەی دەسەڵاتدارانی پێشووی عێراق و کەوتنەوە ناو سیاسەتی شکستخواردووی نکۆڵیکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و هەڕەشەی ناردنی تانك و فڕۆکەی F16 بۆ سەر خاکی کوردستان و دوای نائومێدبوونیان لە توانای سەربازییان، لە هەنگاوێکی نامرۆڤانەدا و بە چاوساخیی چەند خۆفرۆشێك، نانی خەڵکی کوردستانیان بڕی، کە ئەوە لە دیدی کوردستانەوە، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەنفال و کیمیاباران نەبوو، چونکە لە هەمان نییەتی خراپی شۆڤێنییەوە سەرچاوەی گرتووە و ئیدی هیچ ئومێدێك بە عێراق نەماوە. بۆیە سەرۆك بارزانی هەوڵەکانی خۆی بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین پشتیوانی بۆ مافی ڕەوای سەربەخۆیی گەلەکەمان خستۆتەگەڕ.

دوای پەلاماری تیرۆریستانی داعش و بەرگریی سەربەرزانەی پێشمەرگە و تێکشکاندنی هێزی دڕندەی داعش، جارێکی دیکە دەرکەوت کە دەوڵەتی عێراق بەرانبەر کوردستان خۆی بە بەرپرسیار نازانێت، چونکە نەك هەر هیچ هاوکارییەکی بۆ پێشمەرگە نەنارد و خۆی لە ئاوارە عێراقییەکانی نیشتەجێی کوردستانیش نەکردە خاوەن، بەڵکوو ئاستەنگی بۆ ئەو هاوکارییە نێودەوڵەتییانەش دروست کردووە کە بۆ پێشمەرگە و ئاوارەکان ڕەوانە کراون. پێشمەرگە، بە خوێنی خۆی خاکی پیرۆزی کوردستانی لە تیرۆریستان پاك کردۆتەوە و ئەو ناوچە کوردستانییانەی ئازادکراون، جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی هیچ داگیرکەرێك، هەر بۆیە، ئەوە شەهیدانمان بوون کە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیان بە خوێنی پاکی خۆیان جێبەجێ کرد و ناوچە داگیرکراوەکانیان گەڕاندەوە ناو باوەشی کوردستان و لە داهاتووشدا لە راپرسییەکدا دانیشتووانی ئەو ناوچانەی فرەنەتەوەن، خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن. سەبارەت بە داهاتووی پارێزگای موسڵیش دوای ئازادکردنی، بۆ ڕێگەگرتن لە توندوتیژی و تۆڵەکردنەوە، باشترین چارەسەر، ئەوەیە کە بکریتە سێ پارێزگا، پارێزگای شنگال وەك بەشێك لە کوردستان، پارێزگایەك بۆ کریستانەکان و پارێزگایەکیش بۆ عەرەبی سوننە. بە ڕاپرسییەکیش، دانیشتووانی ئەو پارێزگایانە داهاتووی خۆیان لەناو عێراق، یان کوردستان دیاری دەکەن.

خوێندنەوەیەکی ڕوونی ڕووداوەکانی دوای ١٨ی ٥ی ٢٠١٥ و هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان، بە ئاشکرا هەڵوێستی حزبەکان لە بارەی سەربەخۆییەوە دەردەخات و ئیتر خەڵك بە دروشمی بریقەداریان ناخەڵەتێن، بەڵکوو دەبینن کێ بە کردەوە کار بۆ سەربەخۆیی دەکات و کێن ئەوانەی هێشتا خەون بە باوەشی خوێناویی عێراقەوە دەبینن و کۆیلایەتییان بەلاوە پەسندترە لە ژیان لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆی بەرهەمی خەباتی دەیان هەزار شەهیدی ڕێی ڕزگاریدا، بە بیانوویەکی پووچ، کە بۆیان بۆتە مۆتەکە و ناویان ناوە «دەوڵەتەکەی بارزانی». هێنانەوەی مەرج و بیانوو و داواکردنی دەستکەوتی حزبی لە بەرانبەر پشتگیریکردنی سەربەخۆیی، لەکەیەکی نەنگە بە تەوێڵی هەندێ حزبەوە و مێژوو لەم بێباکییە خۆش نابێت.

هەرچۆنێك بێت و ئاراستەی ڕووداوە ناوخۆییەکانی کوردستان و هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان هەرچییەك بێت، گەلی کوردستان خۆی خاوەنی بڕیاری خۆیەتی و ئەو ئیرادەیە بڕیار دەدات، نەك بەرژەوەندیی ئەم حزب و ئەو حزب لەگەڵ ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتدا، بڕیاری خەڵکی کوردستانیش لە چوارچێوەی ریفراندۆمدا دەخرێتە بەردەم جیهانی ئازاد. کاروانی سەربەخۆیی کەوتۆتەڕێ و لە هیچ ئاستەنگێك ناسڵەمێتەوە.

# سایکس –پیکۆ زەمینەخۆشکەر بوو بۆ سەدەیەک لە بەدگومانی و ترس و توندڕەوی وتوندوتیژی و ناسەقامگیری



● ئەوەی لە ساڵی ١٩١٦دا وەك دابەشکردنێکی ژێرانەی خاك دەرکەوت لای هاوپەیمانەکان، زەمینەخۆشکەر بووە بۆ سەدەیەك لە بەدگومانی و ترس و توندڕەوی و توندوتیژی و ناسەقامگیری. سایکس-پیکۆ رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە بۆ گۆڕینی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ناوچەیەکی پڕ لە نەهامەتی، هەروەك ئەوەی ئێستا هەیە.

● دوای سەدەیەك، سایکس-پیکۆ تەنیا کاریگەرییەکی زیانبەخشی هەبووە بێ ئەوەی هەڵگری چارەسەر بێت. ئەم رێککەوتنە بووە بناغە بۆ دامەزراندنی چەند دەوڵەتێك لە داهاتوودا، کە پابەندی بنەما و رێساکان نەدەبوون، وەك عێراق و سووریا، هەروەها بووە هۆی دانانی بناغەی شەڕی ناوخۆیی لە لوبنان، هەروەها بووە مایەی خراپترکردنی ناکۆکیی نێوان عەرەب-ئیسرائیل. دوای تێپەڕبوونی سەدەیەك، دەستکەوتە بنەڕەتییەکەی سایکس-پیکۆ، کە بریتی بوو لە دروستکردنی عێراق و سووریا، لە ئێستادا لە پرۆسەی لێکترازان و لەبەریەك هەڵوەشانەوەدایە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەم دوو دەوڵەتە هەردووکیان هاوشان بە یەك بە چەشنێکی خێرا لە دەوڵەتێکی خۆسەپێنی بەهێزەوە- سووریا لە سایەی حافز ئەل ئەسەد، و عێراق لە سایەی سەددام حوسێن- بوونەتە چەند دەوڵەتێکی بچووك. لە هەردوو ئەم وڵاتەدا حکومەتێکی مەرکەزی شیعە هەیە کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانیان لێدەکرێت، تورکیا و سعودیە پاڵپشتی موعارەزەی سوننە دەکەن و ئەمەریکا و رووسیاش پشتیوانی لە کورد دەکەن.

● هەرچۆنێك بێت، زۆرێك لە چاودێران، کە منیش یەکێکم لەوان، دابەشبوونی ئەم دوو دەوڵەتە لێکترازاوە- کە پابەندی ریسا و بنەماکان نابن- بۆ شەش دەوڵەتی بچووك بە دەرئەنجامێکی باش دەزانن، لەبەر ئەوەی دەوڵەتە بچووکەکان پتر یەکرەنگن و کەمتر بەهێز دەبن بە بەراورد بە رژێمەکانی پێشوو.

● سایکس پیکۆ هەڵگری وانەیەکە بۆ ئێستا، وانەیەکی سادە و گرینگ: نابێت هێزە دەرەکییەکان یەکلایەنە بڕیار لە چارەنووسی ناوچەکان بدەن، بەتایبەتی نابێت ئەو بڕیاردانە بە شێوەیەکی نهێنی بێت. رەنگە ئەمە وەك راسپاردەیەك بەسەرچوو، یان زۆر روون بێت، بەڵام لە سەروەختی دەوڵەتی شکستخواردوو و پشێویدا، رەنگە هێزەکان مەیلی ئەوەیان بۆ دروست بێت جارێکی دیکە جڵەوی کاروبارەکان بگرنە دەست خۆیان، بە چەشنی ئەوەی لە لیبیا و لە ساڵی ٢٠١١دا ئەنجامیان دا، کە دەستێوەردانەکەیان زۆر شکستخواردوو بوو. دەکرێت هەوڵی هاوشێوە بدرێت لە سووریا و عێراق و یەمەندا. بەڵام مایکڵ بێرنیستام- لە ئامۆژگای هووڤەر- باس لەوە دەکات کە پێویستە دووبارە سنوورە کۆن و دەستکردەکانی ئەم ناوچەیە دابڕێژرێنەوە.

● کەواتە لە بری ئەوەی هەوڵی سەپاندنی ئیرادەی خۆیان بە سەر ناوچەیەکی لاواز و پڕ لە پشێویدا بدەن، پێویستە ئەو هێزانە بکشێنەوە و ئەوە بە بیر خەڵکە مەحەلییەکە بهێننەوە کە پێویستە خۆیان بەرپرسیارێتییەکە بگرنەئەستۆ. لە بری ئەوە وەك منداڵێکی هەرگیز گەشەنەکردوو مامەڵە لەگەڵ گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەن، پێویستە وەك گەورەیەك هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن و هاوکارییان بکەن بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن. تەنیا بەم رێگەیە و بە تێپەڕبوونی کات، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەرزۆك و شکستخواردوو و پڕ لە توندوتیژی بەرەو دۆخێکی باشتر هەنگاو هەڵدەگرێت. تەنیا بەم شێوەیە دەتوانێت بەسەر میراتی پڕ لە هەڵەی سایکس پیکۆ-دا زاڵ بێت.

● سەرچاوە: The secret agreement that shaped the Middle East set the stage for lethal instability

● نووسینی: Daniel Pipes



فەرهاد عەبدولحەمید

پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و کادیری دێرینی پاسۆک بۆ گوڵان:

# شەرمە ئەم هەلەی ئێستا لەدەست بدەین و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕانەگەیەنین

**ئەو هەلەی ئێستا بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هاتۆتەپێشەوە، هەلێکی مێژووییە و دەبێت هەمـوو حزبـە سیاسـییەکانی کوردسـتان، کێشـە لاوەکییەکانیان وەلا بنێن و ئامانجی سـەرەکیی هەمـوو لایەك ببێتە سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان. هەڵگرانی بیری نەتەوەیی کوردستان، جەخت لەوە دەکەنەوە هەر تاك و لایەنێك کوردایەتی بکات، بە دەنگی بەرز هەمـوو توانای دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم پرۆسـەیە سـەرکەوتوو بێت. بۆ قسـەکردن لەسـەر ئەم پرسـە ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ فەرهاد عەبدولحەمید پێشـمەرگەی دێرینی شۆڕشی ئەیلوول و کادیری دێرینی پارتی سۆشیالیستی کوردستان (پاسۆك) ئەنجامدا. فەرهاد عەبدولحەمید کە لە ئێستادا ئەندامی ناوەندی ئایینی زەردەشتی کوردستانییانە و کار بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی ئەم ئایینە دەکات، کە ئایینی هەردوو ئیمپراتۆریەتی کوردی (مادەکان و ساسانییەکان) بووە، بەمجۆرە را و بۆچوونەکانی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** لـە ئێسـتادا کـە هەنـگاو بـەرەو سـەربەخۆیی هەڵدەگریـن و بارودۆخێکـی وا هاتۆتە پێشـەوە، پێویسـت بوو بیری نەتەوەیی کوردی لە ئاستێکی کامڵی ئەوتۆدا بووایـە کـە هێڵی سـووری بـۆ بیرکردنـەوەی نەتەوەییمان دابڕشـتایە. ئایـا تـا چەنـد لـەم دۆخـەدا پێویسـتمان بـە ژیاندنەوەی بیری نەتەوەیی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە هەوێنی ئەم قۆناخە هەستیار و چارەنووسسازە؟**

- پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان مەسـەلەیەك نییە کـە پرسـیاری لـە بـارەوە بکرێـت، بـەوەی ئایا سـەربەخۆ بیـن، یـان نـە. لـە بـەر ئـەوەی هـەر دەبێـت سـەربەخۆ بیـن، ئەوجـا ئەمـڕۆ بێـت، یـا سـبەینێ بێت، یان شـەش مانگـی دیکـە بێـت، وەك کـورد دەبێت بـە مافی خۆمان بگەیـن و کوردسـتانیش دەبێـت سـەربەخۆ و یەکگرتووش بێـت. دیـارە ئێمـە وەك هەڵگرانی بیـری نەتەوەیی کاتێك باسـی سەربەخۆیی کوردسـتان دەکەین، تەنیا مەبەستمان باشـووری کوردسـتان نییە، ئێمە هیوامـان بەوەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم ئاڵا پیرۆزەی کوردسـتان بەسـەر هەر پێنج پارچەی کوردسـتانەوە بشـەکێتەوە، شانازیش بەوەوە دەکەم کـە کوردێکـی نەتەوەییـم و بـاوەڕم بـە نەتەوەکـەم هەیە. سـەبارەت بە دۆخە هەسـتیارەکەش، بێگومان بارودۆخەکە چەنـد خـراپ بێـت، لـەم بارودۆخـە خراپترمـان بە سـەر نایەت، دەبێت بڕوامان بەوە هەبێت کە کورد هەر ڕزگاری دەبێت و کوردسـتانیش هەر یەك دەگرێتەوە، ئەمە شـتێك نییە باس و گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام دەبێت بزانین چی بکەین.

*** باسی بیری نەتەوەییتان کرد، ئایا ئەو بوارانە چین کـە دەکرێـت بـۆ بونیادی بیـری نەتەوەیی کاری لەسـەر بکەین؟**

- لـە دوای سـاڵی ١٩٥٨و کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسـم لە عێراقدا، بارودۆخێکی وا دروسـت بوو کە بیری نەتەوەییـان بـە بڤـە دادەنـا، واتا کـەس جورئەتـی ئەوەی نەبوو باسـی نەتەوایەتی بکات، بەڵام لە کوردسـتاندا بە شـێوەیەکی زۆر زۆر نهێنی پارتی نەتەوەیی دروسـت بوو، ئـەم پارتـە نەتەوەییانـە توانییـان بیروباوەڕ و فەلسـەفەی نەتەوایەتی بڵاوبکەنەوە و ئەوەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسـەر شۆڕشـەکانی کـورد هەبـوو، کە بـە درێژایی ئەو ماوەیـە هەڵگرانـی بیروباوەڕی نەتەوەیـی توانییان خۆیان ڕابگرن و بە نهێنی خەبات بکەن و بە شێوەیەکی زۆر جوان بیروباوەڕەکـە بڵاوبکەنـەوە. ئـەم بیروبـاوەڕی نەتەوەییەی کـورد هـەر لە کۆنیشـەوە هەبووە، بەڵام لـە دوای ١٩٥٨ بوژاوەتـەوە، واتـە بیری نەتەوەیی لەگـەڵ بوونی مرۆڤدا سـەری هەڵـداوە و لـە قۆناغێکـەوە بـۆ قۆناغێکی دیکە بـەرەو پێشـکەوتن دەڕوات. لێرەدا نموونەیـەك باس دەکەم، کاتێك زەینەفۆن دەیەوێت لەگەڵ سوپاکەی بگەڕێتەوە بۆ یۆنان، بە کوردستاندا تێپەڕ دەبێت، خەڵکی کورد ئەو کاتە کـە ئـەوان پێیان دەوت: (کاردۆخییەکان) بە بەرد و تیر و کەوان ڕێگری لێ دەکەن، ئەو کاتە گروپی زەینەفۆن زۆر بەهێز بوون و بە کاردۆخییەکان دەڵێن: ئێمە لێرە تێدەپەڕین و هەقمـان بەسـەرتانەوە نییـە. ئەمـە مانـای ئەوەیـە ئەو کاتە کورد خاوەنی بیری نەتەوەیی بووە، بەڵام وەك ئێستا کامـڵ و پێشـکەوتوو نەبـووە. هـەر سـەبارەت بـەوە بیری نەتەوەیـی پێوەنـدی بە ناخ و گیانەوە هەیە، نموونەیەکتان بـۆ بـاس دەکەم. لە سـەردەمی سـتالین-دا، لـە یەکێك لە بۆنەکانی شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبەردا، ستالین لە کرملین وەسـتا و هەمـوو نەتەوەکانـی یەکێتـی سـۆڤێتی ئەوکات بەلایدا تێدەپەڕین، سـتالین بۆ هەموو نەتەوەکان چەپڵەی لێـدا، بـەڵام کاتێك جۆرجییەکان هاتن کە نەتەوەی خودی سـتالین بـوون، پـاش چەپڵەلێدان، سەلامیشـی لێ کردن، یەکێك لەو بەرپرسـانەی لە تەنیشـتیەوە بووە، لێی پرسی: ئـەوە چیـت کـرد؟ ئەویـش وتـی: نائاگایانـە بـوو. ئەمە نیشـانەی ئەوەیـە کـە ئـەو فیکـری نەتەوەییەی سـتالین دژایەتـی دەکـرد، کەچـی سەلامیشـی لێـدەکات. ئەمـە نموونەیەکی بچووکە بۆ ئەو مەسـەلەیە کە دەیسـەلمێنێت بیـری نەتەوەیـی لەگـەڵ بوونی مرۆڤدایـە و لە ڕەگ و

**ئەگەر خۆمان بخەینە ناو ململانێی شیعە و سوننەوە، ئەوە نائاگاهییە، ئەرکی ئێمە ئەوەیە ئاگاهی بدەین بە خەڵک بۆ ئەوەی هۆشیار بکرێنەوە بەوەی کە نابێت لە دژی شیعە و سوننە و هیچ مەزهەب و ئایین و حزبێک بین**

**ئێزیدی و کاکەیی و یاراساکان و عەلەوییەکان هەموویان لە کوردستاندان و مەزهەبی جیاوازیان هەیە، بەڵام چونکە ژیریەتییان هەبووە، تووشی شەڕ و ململانێ نەبوون و ئێمە خۆمان تێکەڵی شەڕی شیعە و سوننە ناکەین**

**سوهەیلە وەرزی کە بە شەهیدی ئیشراف ناوبانگی دەرکردووە و زانایەکی زۆر گەورەی ئیسلامی بووە، بیری لە زەردەشت کردۆتەوە و فەلسەفەی زەردەشتییەتی هێناوەتە ناو ئیسلامەوە**

**سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان داوایان کردووە لە عێراق و ئەمەریکا پێش ئەوەی شەڕی رزگارکردنی موسڵ دەست پێ بکات و پێشمەرگە بەشدار بێت، دەبێت پێمان بڵێن دوای رزگارکردنی موسڵ چیمان دەست دەکەوێت؟ ئەمە بۆ یەکەمینجارە کورد بەو عەقڵییەتە ژێرەوە بە مەرج بەشداری لە هاوپەیمانییەک بکات**

**کوردایەتی پاڵ بە هێزی پێشمەرگەوە دەنێت بەرگری لە خاک و نیشتمان و نەتەوەکەیان بکەن. جیاوازی لە نێوان پێشمەرگەیەک و پلەدارەکەی نییە و وەکو یەک لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ دژ بە داعش دەجەنگن، زۆربەی شەهیدەکانیشمان فەرماندە و دەرەجەدارەکانی ناو ریزەکانی پێشمەرگەن**

ریشەیدایە. ئێمەی کوردیش تووشی مەینەتی زۆر بووین. ئەو مەینەتییە بە سەر هەر نەتەوەیەکی دیکە بهاتایە، نەدەما، یان کۆڵی دەدا، بەڵام بیری نەتەوەیی ئیرادەی دا بە کورد و هەر مایەوە. بۆیە لەم روانگەیەوە دەڵێم بیری نەتەوەیی بیرێکی پیرۆزە، بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکی پارچە پارچە و بێ ماف کراو کە تازە خەریکە چرۆ دەکات.

*** ١٠٠ ساڵی تەواو بە سەر رێککەوتنی شوومی سایکس پیکۆ-دا تێدەپەڕێت، ئەو رێککەوتنەی کە بەبێ خواستی گەلان بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی سنووری دەستکردی داڕشتووە و نەتەوەی کوردی کردووە بە چوار پارچەوە، ئێستا هەموو مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە، ئایا تاچەند گرنگە لەم قۆناخەدا کورد سوود لەو گۆڕانکارییانە وەربگرێت؟**

- خۆشبەختانە ئێستاکە لە رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامەکان زۆر قسە لەسەر مەسەلەی سایکس پیکۆ دەکەن، ئەمەش وایکردووە خەڵك زیاتر بزانن سایکس پیکۆ چییە و چۆن بەپێی ئەو رێککەوتنە گەورەترین خیانەت لە کورد کراوە، بەڵام ئەو مەسەلەیە کۆتایی هات و ئیتر بەسەرچوو، گرینگ ئەوەیە بزانین چۆن سوود لەم مەسەلەیە وەربگرین، ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی زۆر قووڵە و دەبێت لێی ورد ببینەوە، ئەو کات زیاتر هەوڵی بۆ بدەین. بۆ نموونە کاتێك باسی ویلایەتی موسڵ دەکرێت، دەبێت بزانین ئەوە پێویست بە ریفراندۆم ناکات، یان پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن لە وڵاتە زلهێزەکان و وڵاتانی ئیقلیمی نییە. دیارە ویلایەتی موسڵ تایبەتمەندییەکی جوگرافیایی و مێژوویی هەیە، هەر لە بەدرەو جەسان و خانەقین تا دەگاتە دهۆك و زاخۆ هەمووی ویلایەتی موسڵ بووە، واتا پێویست بەوە ناکات ریفراندۆم بکەین، با لاپەڕە مێژووییەکان هەڵبدەینەوە و بزانین ئەم رێککەوتنە چۆن دروست بووە، لەم بەڵگەنامانەش دەوڵەمەندین و هەموو داتا و زانیارییەك هەیە، بەڵام دەبێت دەریانبهێنین و ئاشکرایان بکەین. ئەوەی زۆر گرینگە بۆ ئێمە و حەزرەتی زەردەشت رێنمایی کردووە، ئەوەیە نابێت هەرگیز هیوامان بپچڕێنین، دەبێت هەمیشە هیوا و ئاواتمان بۆ ئاکاری نەتەوەیی هەبێت. باوەڕ ناکەم خەڵکانێك هەبن باوەڕیان بە نەتەوەکەی خۆیان نەبێت، مەگەر تاك و تەرا، ئەگینا هەموومان باوەڕمان بەم نەتەوە رەسەن و ئاشتیخواز و ئاشتیپەروەرە هەیە. ئێمە هەمیشە وەك کورد ئازا و چاونەترس بووین، ئێمەش وەك تەواوی نەتەوەکانی جیهان با بۆ باسکردنی بیری نەتەوەیی خۆمان ئازا بین و شەرم نەکەین. ئەگەر دەڵێن دەوڵەتی نەتەوەیی باوی نەماوە، با هەموو دەوڵەتەکانی دنیا هەڵبوەشێنەوە، بەڵام ئەوە ناکرێت و هەر نەتەوەیەك دەوڵەتی خۆی دەوێت. بۆیە دەبێت بزانین ئەم سەردەمە سەردەمی نەتەوەیە، لە جیهاندا هەموو نەتەوەکان دەوڵەتی خۆیان هەیە، بێجگە لە چەند نەتەوەیەکی کلۆڵ نەبێت، کە یەکیان کوردە. من باسی شۆڕشە کۆنەکان ناکەم. با تەنیا باسی شۆڕشی ئەیلول بکەین و بزانین تا ئەمڕۆ چەند هەزار شەهیدمان داوە و چەند ماڵوێرانیمان دیوە و چیمان بەسەر هاتووە؟ ئەگەر هەر لەو رۆژانەدا بڕیارمان بدایە بەوەی دەمانەوێت رزگارمان بێت لە دەستی داگیرکەران، هەر ئەوەندە قوربانیمان دەدا، ئێستاش باشترە لە سبەی، بەتایبەتی ئەم دۆخەی ئێستا بە سەر حکومەتی بەغدا هاتووە، دەبێت بیقۆزینەوە و نابێت هەڵخەڵەتێین بە قسەی بریقەداری هەندێك لەوانەی کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان دێن بە شان و باڵماندا هەڵدەدەن.

*** لەگەڵ ئەوەی بە درێژایی مێژوو کورد خاوەنی دەوڵەت نەبووە و ژێردەستەی داگیرکاران بووە، بەڵام هەتا ئێستا بیری نەتەوەیی کورد نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت ببێتە خەتی گشتی بۆ هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان، ئایا بۆچی بیری نەتەوەییمان بەو ئاستە پێنەگەیشتوو نییە؟**

- من نەموتووە کورد دەوڵەتی نەبووە، ئێمە وەك کورد دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەمان لە مێژوودا هەبووە، ئەویش ئیمپراتۆریەتی مادەکان و ساسانییەکان بووە، کە لە ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان بەتایبەتی ئایینی فەرمی زەردەشتی بووە، بەڵام ناشتوانین بڵێین لەو دوو ئیمپراتۆریەتە هەڵە نەکراوە، چونکە ئەگەر هەڵە نەکرایە، هەر دوو ئیمپراتۆریەتەکە نەدەڕووخان، بەڵام دوای ئەوەش و دوای دابەشکردنی کورد، بیروباوەڕی کوردایەتی لە باکوور و باشوور رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا بەردەوام بووە و تەنانەت هەندێکیان وەکو کۆماری کوردستان لە مەهاباد تەمەنێکیان هەبووە، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کە بۆچی زوو پووکایەوە؟ ئەوەش هۆکاری زۆرە و با هەمووی نەخەینە ئەستۆی بێگانە و داگیرکەر، چونکە هەڵەی خۆشمانی تێدایە. تەنانەت لە شۆڕشی قازی محەمەد کە مێژووی دوێنێ بووە و شتێك نییە بڵێین ئەفسانە و پروپاگەندەیە، ئەوە بوو لە ناوخۆدا یەکریز نەبوون، لە شۆڕشی پیرۆزی ئەیلولیش هەمان کێشەمان هەبووە، بەڵام بە ئەندازەی ئەوانەی دیکە نییە، چونکە لە دوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا کەمتر ئەم مەسەلانەمان بینیوە، بەڵام دواتر بە دروستبوونی کۆمەڵێك حزب بە ئایدیۆلۆژیەتێکی جیاواز بووە هۆی ئەوەی زۆر بە راشکاوی بڵێین بەرژەوەندی حزبی و شەخسی بە سەر بەرژەوەندی نەتەوەییدا زاڵ بوو، ئەم پەتایەش هەتا ئێستا

بەردەوامە، بەڵام بێئومێد نین و دڵنیاین بە هۆی هێز و بازووی پێشمەرگە قارەمانەکان و ئەو کەسانەی لە حزبە جیاوازەکانی کوردستاندا بیرێکی نەتەوەییان هەیە، بە ئامانج دەگەین، ئێستا لەم قۆناغەدا دەبێت هەمووان کار بۆ ئەوە بکەن کە یەکڕیزی و یەکگرتن دروست بێت، من ئەوەندە گەشبینم ناگاتە مانگێکی دیکە هیچ نەبێت بە تیۆری بە مافە نەتەوەییەکەمان دەگەین و دەتوانین لەو کاتە بەرنامەڕیزی بۆ بکەین کە بزانین چی بکەین، ئێمەش لەم قۆناغەدا ئەگەر جیهانبینییەکەی زەردەشت باس بکەین، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە نەتەوەکەمان و بەخۆیدا بێتەوە و بە رابردووی خۆی بزانێت، چونکە بەدبەخت ئەو نەتەوەیە کە مێژووی خۆی نازانێت، بەدبەختتر لەو نەتەوەیە، ئەوانەن کە نایانەوێت مێژووی خۆیان بزانن، لەمانەش بەدبەختتر ئەوانەن کە گاڵتە بە مێژووی خۆیان دەکەن. من لەو بڕوایەدام لە ئێستادا تەنانەت زۆڵە کوردێکیش جورئەتی ئەوەی نییە کە بە ئاشکرا بڵێت دژی دەوڵەتی کوردستان و دژی نەتەوەی خۆمم، مەگەر لە ژێرەوە خەریکی پیلانگێڕان بێت، ئەویش خۆشبەختانە میللەتەکەمان چاوی کراوەیە و وەکو جاران نییە و چاك و خراپ بە ئاسانی لە یەك جیادەکاتەوە.

*** ئێستا هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی و لەبار بۆ پشتگیریی کورد هاتۆتەئاراوە. سەرۆك بارزانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی توانیویەتی کۆمەڵێك پێوەندیی باش دروست بکات و خۆشتان دەبینن لەسەر دەوڵەتانی گەورەی ئەنجومەنی ئاسایش و هەروەها دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەکەش وەك سەرۆك دەوڵەت پێشوازی لێدەکرێت. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هەموو پشتگیری سەرۆك بارزانی بکەین بۆ ئەوەی ئەم کیانەی لە کوردستان دروست بووە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟**

-زۆر بە راشکاوی دەیڵێم تا ئێستا ئێمە هەلی وامان دەست نەکەوتووە، ئەمانەی باست کردن و و لە پرسیارەکەدا هەبوون، هەر هەمووی راستییە و ئەمڕۆ ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکە کە ئەم مەسەلەیە بقۆزێتەوە و هەموو پرسێکی حزبایەتی و ناکۆکی و ململانێی ناوخۆیی بەلاوە بنێت و هەموو یەکڕیز بین و هەموو توانامان بخەینەگەڕ بۆ ئەوەی بە هەر جۆرێك بێت پاڵپشتی لەم بارودۆخە بکەین کە بۆمان هاتۆتەپێش بۆ ئەوەی بتوانین هەر یەکە لە ئێمە لە شوێنی خۆمان سەربازێکی گومناو بین بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. هیوا دارم هەموو پارتە سیاسییەکان ئەوەندە لەخۆبردوو بن و لەو ئاستەدا بن کە پرسی نەتەوایەتیمان بخەنە پێش هەموو پرسێکی دیکە و بتوانین بە یەکڕیزی بە ئامانجەکانمان بگەین.

*** ئەوەی ئێستا لە سەر ئەرزی واقیعی عێراق دەیبینین، ئەوەیە عێراق وەك دەوڵەت بوونی نەماوە و بۆتە سێ دەوڵەت، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا لەلایەن هەندێك حزبی سیاسییەوە باس لەوە دەکرێت بگەڕێنەوە بۆ بەغدا، ئایا گەڕانەوە بۆ بەغدا، لەم دۆخەدا بۆ کورد جۆرێك لە خۆکوشتن نییە؟**

- من زۆر دەمێکە ئەو قسەیەم کردووە، نەك مەسەلەی گەڕانەوە بۆ بەغدا ماقووڵ نییە، بەڵکو هەتا ریفراندۆمیش بە دروست نازانم، چونکە ریفراندۆم وەکو ئەوە وایە کە ئەم بینایە هی منە، بەڵام تۆ دێیت و دەڵێیت نەخێر هی منە، منیش ئەوەندە لاواز بم کە بڵێم با بپرسین بۆ ئەوەی بزانین بیناکە هی منە یان نا. لەبارەی کوردستانیشەوە نەتەوەکەم خوێنی لە پێناو خاکی خۆی داوە، چۆن دەبێت ریفراندۆم بۆ ئەوە بکەین کە ئایا چی لە خاك و نیشتمانمان بکەین؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەلەی ئێستا هاتۆتەپێش، باشترین هەلە و پێویستە یەك تۆز ژیرێتی بەکاربێنین. با لە خۆمان بپرسین: ئایا لە ساڵی٢٠٠٣وە تا ئێستا کە خۆمان بە حکومەتی ناوەندیی عێراقەوە خەریك کردووە، یەکجار پیاوانی دەوڵەتی مەرکەزی عێراق باسی ئەوەیان کردووە کە ئێمە هاوبەشین لەگەڵ ئەوان؟ کامیان باسی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق دەکەن؟ بێگومان ئەوا تەنیا خۆمانین کە باسی دەکەین. لە کتێبی بیرەوەرییەکانی رۆحی شاد بێت مەسعود محەمەد کە بیرمەندێکی نەتەوەیی کورد بووە، باسی شتێك دەکات کە حەز دەکەم لێرەدا بیخەمەڕوو، کاتێك کە نوێنەری کۆیێ بوو لە پەرلەمانی عێراق لە یەکێك لە دانیشتنەکاندا هێرشی کردۆتە سەر ئینگلیز و دەڵێت: پاش ماوەیەك بە رێککەوت چاوم بە نوری سەعید کەوت و نوری سەعید پێیگوتم: پێمخۆشە بەو شێوەیە قسە دەکەیت، بەڵام با شتێکت پێ بڵێم، هیچ عەرەبێك نییە لەبەر بەرژەوەندی خۆی نەبێت مەرحەبای کورد بکات، بۆیە ئاگادار بن و لە هەرکاتێك لێتان دێنەپێشەوە و ماستاوتان بۆ دەکەن، ئەمەش لە بەرژەوەندی خۆیانە و ئیشێکیان پێتان هەیە، ئەگەر ئیشێکیان پێتان نەبێت، ئەوە هیچ عەرەبێك مەرحەباتان ناکات. نوری سەعید پیاوێکی زیرەك بووە، بۆیە دەبێت ئەمە بۆمان ببێتە وانە. هەر بۆ نموونە چەند ساڵێك پێش ئێستا هەندێك بەرپرس لە بەغدا وتیان ئێستا ئێمە وەکو ئەوەین کە دەستمان بەرامبەر کورد شکاوە و لە گەچ گیراوە، بۆیە ناتوانین چییان دەرهەق بکەین، بەڵام با دەستمان چاك بێتەوە و گەچەکەی لێ بکەینەوە، ئینجا خۆمان دەزانین چی لە کورد دەکەین. ئەمە یەکێك لە قسەکانی بەرپرسێکی عێراقی بووە. بەداخەوە ئێستاش ئێمە سوود لەم قسانە

**باشووری کوردستان وێڕای ئەوەی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی و گەمارۆی بەغدای لەسەرە، کەچی هیچ هێزێک نییە وەکو پێشمەرگە ورەبەرز و خۆڕاگر بێت، پێشمەرگەکان چەندین مانگ مووچەیان وەرنەگرتووە، بەڵام بە نەبەردییەوە پارێزگاری لە نیشتمان و نەتەوەی خۆیان دەکەن**

**سەد ساڵی دیکەش ئاوا بێدەوڵەت بین، هێزی پێشمەرگە یەک ناگرێتەوە، بەڵام لە دەوڵەتی کوردستاندا بە ناچاری دەبێت هێزێکی سەربازی نەتەوەییمان هەبێت، نەک حزبی، چونکە هیچ عورف و عاداتێک لەگەڵ ئەوەدا نییە دوو سوپا لە یەک وڵاتدا هەبێت**

**دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان زۆربەی کێشەکانمان چارەسەر دەکات، ئەوکات ململانێکانی ناوخۆش لە پێناوی بەهێزکردنی دەوڵەتەکەدا دەبێت، نەک لاوازکردنی**

**تا ئێستاش لە باشووری کوردستان عێراقچێتی هەیە، بەڵام ئەگەر لە بری ئەوەی عێراقچێتی بکرایە، کارمان بۆ نەتەوەی خۆمان بکردایە، ئەوا حاڵمان بەم شێوەیەی ئێستا نەدەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەت ماوە و ئەمڕۆ لە سبەی باشترە ئەگەر لە بەغدا دووربکەوینەوە**

**نەک مەسەلەی گەڕانەوە بۆ بەغدا ماقووڵ نییە، بەڵکو هەتا ریفراندۆمیش بە دروست نازانم، نەتەوەکەم خوێنی لە پێناو خاکی خۆی داوە، چۆن دەبێت ریفراندۆم بۆ ئەوە بکەین کە ئایا چی لە خاک و نیشتمانمان بکەین**

**لە ئێستادا تەنانەت زۆڵە کوردێکیش جورئەتی ئەوەی نییە کە بە ئاشکرا بڵێت دژی دەوڵەتی کوردستان و دژی نەتەوەی خۆمم، مەگەر لە ژێرەوە خەریکی پیلانگێڕان بێت، ئەویش خۆشبەختانە میللەتەکەمان چاوی کراوەیە و وەکو جاران نییە و چاک و خراپ بە ئاسانی لە یەک جیادەکاتەوە**

وەرناگرین و هەر بە براگەورەیان دەزانین و تا ئێستاش لە باشووری کوردستان عێراقچێتی هەیە، بەڵام ئەگەر لە بری ئەوەی عێراقچێتی بکرایە، باسی نەتەوەییمان بکردایە و کارمان بۆ نەتەوەی خۆمان بکردایە، ئەوا حاڵمان بەم شێوەیەی ئێستا نەدەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەت ماوە و ئەمڕۆ لە سبەی باشترە ئەگەر لە بەغدا دووربکەوینەوە.

*** کاتێك مێژووی سەربەخۆیی گەلان دەخوێنینەوە، دەبینین هیچ گەلێك سەربەخۆیی پێشکەش نەکراوە، بەڵکو گەل خۆی بڕیاری داوە سەربەخۆ بێت. پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆچی کورد ناوێرێت ئەو بڕیارە بدات؟ یان بۆچی لە باسکردنی دەوڵەتی کوردستان دوودڵە؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم ئەو یەکڕیزییە کە ئومێدم زۆر پێی هەیە، لەم ماوەیە و بەم نزیکانە دەست پێ بکاتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو یەکڕیزییە کەوتە بواری کردارییەوە، وامان لێ دەکات ئەو شەرم و پەردانە لابەرین و بە شێوەیەکی زۆر ژیرانە داوای مافی خۆمان بکەین. بێگومان کاتێکیش ئەو یەکڕیزییە دروست بێت، ئەوا هیچ هێزێك ناتوانێت بەرامبەرمان بوەستێت و سەردەکەوین و سەرکەوتن بۆ ئێمەیە. من ماوەیەك لەمەوبەر شتێکم بیست کە برادەرێکی کورد لە ئەورووپا بە رێکەوت کەسێکی جوولەکە دەبینێت و باسی بابەتی سیاسەت دەکەن، جوولەکەکە پرسیار دەکات: بۆچی تائێستا ئێوە وەکو نەتەوە نەتانتوانیوە دەوڵەتێك بۆ خۆتان دروست بکەن؟ لەمبارەیەوە گفتوگۆیەکی دوور و درێژیان دەبێت. جوولەکەکە دەڵێت: ئێمە دەوڵەتمان نەبوو، بەڵام ویستمان هەبوو، دەمانویست دەوڵەت دروست بکەین و نەتەوەکەمان پەرش و بڵاو بوو، کۆمان کردنەوە. ئێمە خاکمان نەبوو، ئێوە خاکتان هەیە، تەنیا شتێك کە ئێمە هەمانبووە و ئێوە نیتانە و بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێوە نەتوانن دەوڵەت دروست بکەن، ئەوە ئایینە. ئەم قسەیە هەر هەموومان رادەچڵەکێنێت، بۆچی؟ چونکە راست دەکات، ئایینی جوولەکە بە شەعبوڵلاموختار خۆیان ناوناوە، بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتەوەکەیان هەر هەمووی کۆببێتەوە و یەکڕیز بن و بۆ خۆیان دەوڵەتێك دروست بکەن.

*** هەندێك لە رۆشنبیران و بیرمەندان سەبارەت بە یەکڕیزیی نەتەوە باس لەوە دەکەن، ئەگەر نەتەوە خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبێت، هەرگیز یەکڕیز و یەکهەڵوێست نابێت. ئایا تا چەند بوونی دەوڵەت لە دروستبوونی یەکڕیزیدا گرنگی هەیە؟**

- بێگومان بوونی دەوڵەت زۆر زۆر پێویستە. پێم سەیرە لە هەندێك رۆشنبیر ئەوەم بیستووە کە دەڵێن: ئێمە بەو هەموو دیالێکتە جیایە چۆن دەتوانین دەوڵەتێکی نەتەوەیی دروست بکەین؟ ئەمە بێ ئاگایی ئەو کەسانە پیشان دەدات. لە دنیادا کەم دەوڵەتی گەورە هەیە هەموویان بە یەك شێوەزار قسە بکەن. بۆ نموونە ئایا عەرەبی بەغدادی لەگەڵ عەرەبێکی حیجاز، یان مەغریبی بە یەك دیالێکت قسە دەکەن؟ دیارە ئەمە هەموو شتێك نییە. من راوبۆچوونم وایە لە کاتێکدا کوردستان یەك دەگرێت کە خاوەنی دەوڵەت بێت، ئەو کات سەرجەم شێوەزار و پێکهاتەکانی دەتوانن لەناو ئەو دەوڵەتەدا پێکەوە بە ئاشتی بژین. گرنگ ئەوەیە ئێمە دەوڵەتەکەمان هەبێت، واتا هەر پێنج پارچەکەی کوردستان یەك بگرێتەوە، با هەر پارچەیەك فیدراڵییەتێکی تایبەت بەخۆی هەبێت و بە شێوەزاری خۆیان قسە بکەن، دواتر ئەوەندە لێك نزیك دەبینەوە شێوەزارەکان دەبنە یەك و دەتوانین شێوەزارەکان یەك بخەین. بۆیە دەڵێم: بەڵێ لە کاتێکدا دەوڵەت هەبوو، یەکڕیزیش دەبێت. تۆ سەیری هێزی پێشمەرگە بکە، سەد ساڵی دیکەش ئاوا بێدەوڵەت بین، هێزی پێشمەرگە یەك ناگرێتەوە، بەڵام لە دەوڵەتی کوردستاندا بە ناچاری دەبێت هێزێکی سەربازی نەتەوەییمان هەبێت، نەك حزبی، چونکە هیچ عورف و عاداتێك لەگەڵ ئەوەدا نییە دوو سوپا لە یەك وڵاتدا هەبێت. دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان زۆربەی کێشەکانمان، چ کێشەی ئابووری بێت، یان سەربازی، چارەسەر دەکات، ئەوکات ململانێکانی ناوخۆش لە پێناوی بەهێزکردنی دەوڵەتەکەدا دەبێت، نەك لاوازکردنی.

*** شەڕی داعش لەگەڵ ئەوەی شەڕێك بوو ئەمجارەش بە سەر کورددا سەپێندرا، بەڵام بڕیاری بوێرانەی سەرۆك بارزانی و بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگە وایکرد دەرگایەکی گەورەی هاوکاریی نێودەوڵەتی لە رووی سەربازییەوە بە رووی کورددا بکرێتەوە، ئەمەش خەریکە دەبێتە ژێرخانێکی باش بۆ سوپای ئایندە. ئایا تاچەند سوپای بەهێز بۆ پاراستنی کوردستان پێویستە؟**

- بوونی سوپای بەهێز زۆر زۆر پێویستە لە رووی دوو چەمکەوە؛ یەکەمیان مەسەلەی چەك و تەقەمەنی و لۆجیستیکییە، چونکە ئێستا وەکو رابردوو نییە کە لە شۆڕشی ئەیلوول لە نزیك پردی سەید سادق پێشمەرگەیەك بە خەنجەر پەلاماری تانکێکی سەربازی دا و شەڕی کرد تا شەهید بوو. ئەو شۆڕشە کە دەستی پێکرد، بەدەگمەن تفەنگی بڕنۆ و چەکی کڵاشینکۆف و رەشاش هەبوو، بە تفەنگی سادە شەڕ دەکرا، دواتر رۆژ بە رۆژ شۆڕشەکە لە رووی و چەك و تەقەمەنییەوە پێشکەوت و بارودۆخەکەی باشتر بوو. ئەمڕۆ بارودۆخ زۆر زیاتر گۆڕدراوە، چەکی باش و پێشکەوتوو دروست کراون و کاریگەریی زۆریان هەیە. باشووری کوردستان

وێڕای ئەوەی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی و گەمارۆی بەغدای لەسەرە، کەچی هیچ هێزێك نییە وەکو پێشمەرگە ورەبەرز و خۆڕاگر بێت، پێشمەرگەکان چەندین مانگ مووچەیان وەرنەگرتووە، بەڵام بە نەبەردییەوە پارێزگاری لە نیشتمان و نەتەوەی خۆیان دەکەن، لە شەڕەکاندا جیاوازی لە نێوان پێشمەرگەیەك و پلەدارەکەی نابینیت و وەکو یەك لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ دژ بە داعش دەجەنگن، زۆربەی شەهیدەکانمان فەرماندە و دەرەجەدارەکانی ناو ریزەکانی پێشمەرگەن، کوردایەتی پاڵ بە هێزی پێشمەرگەوە دەنێت بەرگری لە خاك و نیشتمان و نەتەوەکەیان بکەن، جێگای داخە لەو شەڕەدا شەهیدی زۆرمان داوە، بەڵام بەهۆی ئەو قارەمانانەوە ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکەکەمان هۆشیارتر ببنەوە. چەند رۆژێك لەمەوبەر بیستم سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان داوایان کردووە لە عێراق و ئەمەریکا پێش ئەوەی شەڕی رزگارکردنی موسڵ دەست پێ بکات و پێشمەرگە بەشدار بێت، دەبێت پێمان بڵێن دوای رزگارکردنی موسڵ چیمان دەست دەکەوێت؟ ئەمە بۆ یەکەمینجارە کورد بەو عەقڵییەتە ژیرەوە بە مەرج بەشداری لە هاوپەیمانییەك بکات، کە بۆ رزگارکردنەوەی شاری موسڵە، با سوود لە ئەزموونی میللەتی خۆمان و ئەزموونی میللەتانی دیکەش وەربگرین، کاتی ئەوەیە بە مەرج کارەکان لەگەڵ عێراق بکەین. خۆشبەختانە ئەمڕۆ ئەمە دەستی پێکردووە.

*** ئێستا ململانێی سیاسی و باڵادەستیی ئیقلیمی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ململانێی نێوان شیعە و سوننەی چڕتر کردووە، ئەمە بە ئاشکرا لە سەر ئاستی دەوڵەتەکانی ناوچەکە وەك ئێران لە لایەك و سعودیە و تورکیا لەلایەکی دیکەوە دیارە، خۆشبەختانە کورد نەبۆتە بەشێك لە ململانێی شیعە و سوننە، بەڵام هەندێك لایەن چوونەتە میحوەری ئێرانەوە و پشتیان لە میحوەری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کردووە، ئایا تاچەند گرنگە لەم قۆناخەدا کورد وەك بەشێك لە هاوپەیمانی دژی تیرۆر و هاوپەیمانی دژی داعش بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە؟**

- مەسەلەی شەڕی سوننە و شیعە بە هیچ جۆرێك پێوەندی بە ئێمەوە نییە. زۆربەی مەزهەب و ئایینزاکان کە لە ئیسلامدا دروست بوون، لە عەقڵ و هۆشی کورددا رێزی هەبووە و کورد ئەوەندە ژیر بووە، لە خۆیەوە هیچ کارێکی نەکردووە. سەیری ژیانی سوهەیلە وەرزی بکەن کە بە شەهیدی ئیشراف ناوبانگی دەرکردووە و زانایەکی زۆر گەورەی ئیسلامی بووە. ئەو زانایە بیری لە زەردەشت کردۆتەوە و فەلسەفەی زەردەشتییەتی هێناوەتە ناو ئیسلامەوە، ئێزیدی و کاکەیی و یاراساکان و عەلەوییەکان هەموویان لە کوردستاندان و مەزهەبی جیاوازیان هەیە، بەڵام چونکە ژیریەتییان هەبووە، تووشی شەڕ و ململانێ نەبوون، بۆچی ئێمە خۆمان تێکەڵی شەڕی شیعە و سوننە بکەین؟ وشەی دین وشەیەکی ئاڤێستایی و زەردەشتییە لە ویژدانەوە هاتووە، ئایین لە زەردەشتیدا ویژدانە کە ویژدانمان ئاسوودە و ئارام بوو، ئەمە بریتییە لە ئایینی ئێمە، هەر بۆیە زۆر بە راشکاوی دەڵێم ئێمە کاتێك خۆمان بخەینە ناو ململانێی شیعە و سوننەوە، ئەوە نائاگاهییە، ئەرکی ئێمە ئەوەیە ئاگاهی بدەین بە خەڵك بۆ ئەوەی هۆشیار بکرێنەوە بەوەی کە نابێت لە دژی شیعە و سوننە و هیچ مەزهەب و ئایین و حزبێك بین. ئێمە ملیۆنەها کوردی شیعەمان هەیە، لە باکووری کوردستان چوار ملیۆن عەلەویمان هەیە، ژمارەیەکی زۆر کوردی ئێزیدیمان هەیە کە کاك مسعود بارزانی دەڵێت کوردی رەسەنن و بە تەئکیدیش وایە، چونکە ئایینەکەیان سەرچاوەی لە زەردەشتیەتەوە وەرگرتووە و پێوەندی قووڵیان پێکەوە هەیە. هەموو ئەو پێکهاتانە لە کوردستان بە ئاشتی ژیاون.

*** وەك کەسێك کە خۆت بە نەتەوەیی دەزانیت، ئایا پێویستە لەم قۆناخەدا چۆن دووبارە بیری نەتەوەیی کورد بکەینەوە بە هەوێنی سیاسەتکردن بۆ هەموو حزبە سیاسییەکان، نەك تەنیا لایەنێکی دیاریکراو، لەبەر ئەوەی چەند ئایدیۆلۆژیەتی حزبەکان جیاواز بێت، دەبێت لە رەهەندە نەتەوەییەکەوە هەموویان یەکبگرنەوە؟**

- بەداخەوە وشەی نەتەوەیی لە زۆر شوێندا بازرگانی پێوە دەکرێت، ئەمە بیرۆکەی خۆمە کە لە جیاتی نەتەوایەتی، کوردایەتی بکەین، من پێموایە هیچ کەسێك ئەوەندە بێشەرم نییە، باسی کوردایەتی بکات و گەندەڵی بکات. دەبێت گەندەڵ بنبڕ بکرێت و پێویستە کوردایەتی بکرێتە میساقێکی نەتەوەیی. دەبێت سوێند بخۆین بە بیروباوەڕی کوردایەتی و رۆحی ئەو شەهیدانەی کەوا لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا شەهید بوون، دەبێت لێپرسینەوە هەبێت، بەداخەوە هەتا ئێستا لێپرسینەوە نییە و باش و خراپ لە یەك ریزدان. جاران دوو رێگا زیاتر نەبوو، یان باشێتی، یان جاشێتی. ساڵی ١٩٧٤ ئەو هەموو خەڵکە چوونە دەرەوە، خۆ زۆربەیان نەیاندەتوانی چەك هەڵبگرن، تەنیا بۆ ئەوە بوو بیسەلمێنن کوردایەتی دەکەن، هەر بۆیە لە هەموو شارۆچکە و ناوچە ئازادکراوەکان قوتابخانە کرایەوە، لە قەڵادزێ دانشگا کرایەوە، کە بەداخەوە ئەو کات لە بۆردومانەکەی قەڵادزێ شەهیدێکی زۆرمان دا. ئەمە بیروباوەڕی کوردایەتی بوو.


**بەدبەخت ئەو نەتەوەیە کە مێژووی خۆی نازانێت، بەدبەختتر لەو نەتەوەیە، ئەوانەن کە نایانەوێت مێژووی خۆیان بزانن، لەمانەش بەدبەختتر ئەوانەن کە گاڵتە بە مێژووی خۆیان دەکەن**

**شۆڕشی قازی محەمەد کە مێژووی دوێنێ بووە و شتێک نییە بڵێین ئەفسانە و پڕوپاگەندەیە، لە ناوخۆدا یەکریز نەبوون، لە شۆڕشی پیرۆزی ئەیلوولیش هەمان کێشەمان هەبووە**

**ئەگەر دەڵێن دەوڵەتی نەتەوەیی باوی نەماوە، با هەموو دەوڵەتەکانی دنیا هەڵبوەشێتەوە، بەڵام ئەوە ناکرێت و هەر نەتەوەیەک دەوڵەتی خۆی دەوێت. بۆیە دەبێت بزانین ئەم سەردەمە سەردەمی نەتەوەیە، لە جیهاندا هەموو نەتەوەکان دەوڵەتی خۆیان هەیە، بێجگە لە چەند نەتەوەیەکی کڵۆڵ نەبێت، کە یەکیان کوردە**

# نەوت سایکس پیکۆی دروستکرد و هەر نەوتیش هەڵیوەشاندەوە

## بۆرییەکانی ژێرلم.. نهێنی سنوورە دەستکردانە



راچیڵ هاڤەرلۆک

سەرچاوە: گۆڤاری فۆرین ئەفێرز–١٧ی ئایاری ٢٠١٦

**کۆتاییهێنان بە رۆژگاری داعش پێویستی بەوە هەیە خەڵکەکە لە دەستی دابەشکارییەکانی سایکس پیکۆ رزگار بکرێن، کە ئیرادە و ئامرازی ئەوەیان لەبەردەستدا بێت بۆ پاراستنی ماڵ و حاڵ و بەرژەوەندیەکانیان**

زۆرێك لە مێژوونووسان بە هەڵە لە سایکس پیکۆ (ئەو رێککەوتنەی کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دابەش کرد) تێدەگەن، لە بەر ئەوەی وا تێدەگەن نەخشەی سایکس پیکۆ کارێکی هەڕەمەکییانە و نەخشەداڕشتنێکی کۆلۆنیالیزمییانە بوو. بەڵام لە راستیدا ئەم رێککەوتنە کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە نێوان فەڕەنسا و شانشینی یەکگرتوودا ئیمزا کرا، پێوەندییەکی تەواوی بە نەوتەوە هەبوو. لەبەر ئەوەی بەریتانیا و ئەڵمانیا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئەمەریکا دەیانزانی کێڵگەگەلێکی گەورەی نەوت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونیان هەیە، هەر بۆیە پێش هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا بۆ دابەشکردنی نەوت. هەر بۆیە لە رێی ریککەوتنی سایکس پیکۆ-وە، فەڕەنسا و بەریتانیا پلانیان دانا بۆ دەستبەرداگرتنی بەشەکەی ئەڵمانیا و دروستکردنی بۆری بۆ سەر بەندەرەکانی دەریای سپی ناوەڕاست. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم دوو دەوڵەتە نەیاندەویست هاوبەشی بکەن لە بۆرییەکاندا، چونکە ترسیان هەبوو رۆژێك هاوپەیمانێتییەکەیان لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە.

بوونی پلانگەلێك بۆ دروستکردنی دوو بۆری نەوتی لێکجیاواز- بۆرییە نەوتێکی فەڕەنسی لە کەرکووکەوە، کە کەوتۆتە عێراقی ئێستاوە، بۆ تەرابلوس، کە کەوتۆتە لوبنانی ئێستاوە، هەروەها بۆرییەکی بەریتانیش لە کەرکووکەوە بۆ حەیفا، کە لە ئێستادا شارێکە لە ئیسرائیل- ئاماژەیە بەوەی چۆن سێر مارك سایکس و فرانسوا جۆرج پیکۆ ناوچەکەیان دابەش کردووە.

مێژوونوسان راهاتوون لەسەر ئەوەی ئاماژە بە لێدوانەکەی مارك سایکس – لە ساڵی ١٩١٥دا- بکەن کە بە کابینەی جەنگی بەریتانی راگەیاند: «دەمەوێت هێڵێك بکێشم لە پیتی 'e' (کە مەبەست لێی عەکا بوو) و بە پیتی 'k' (کە مەبست لێی کەرکووك بوو).» وەك بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی کە ئەو سنوورانەی دایڕشتن سنوورگەلێکی هەڕەمەکی بوون. بەڵام لە راستیدا، ئەو بەم قسەیەی وەسفی رێگایەکی دەکرد کە حکومەتی بەریتانیا لە خەیاڵیدا بوو بۆ راکێشانی بۆری. هەر لەو کاتەدا هێربەرت کیچنەر، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری جەنگ لە بەریتانیا هەڵسا بە راستکردنەوەی قسەکەی مارك سایکس و گوتی: «پێم وایە ئەوەی سێر مارك سایکس مەبەستیەتی بریتییە لەو هێڵەی کە لە کەناری ئاوی حەیفاوە دەست پێدەکات.» دیارە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیش هەروای کرد و، پرۆسەی داڕشتنی سنوورکان، عێراقی بە بەرهەمهێنەری نەوتی دەستنیشان کرد، لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی نەوتەکەیان پێدا تێدەپەڕێت کە بریتی بوون لە ئەردەن و سووریا، هەروەها دەوڵەتە هەناردەکارەکانی نەوت لە لوبنان و فەلەستین.

بە ماوەیەکی کەم دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، هێزە هاوپەیمانەکان دەستیان دایە گەڕان بە دوای بەدەستهێنانی گرێبەستی نەوت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم گرێبەستانە مافەکانی پەیوەست بە نەوتی ناوچەکەیان دایە دەست کۆمپانیای نەوتی عێراق. بەڵام سەرەڕای ناوەکەی، کۆمپانیای نەوتی عێراق هیچ پێوەندییەکی بە عێراقەوە نەبوو، بەڵکو سەر بە کۆمەڵە کۆمپانیاکان بوون:

١- The anglo-persian company دواتر بە ناوی BP ناسرا.

٢- calouste gulbenkian،

٣- compagnie francais de petrole دواتر بووە کۆمپانیای تۆتاڵ.

٤- standard oil’s near east development corporation دواتر بووە کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبێل.

٥- shell.

بە گوێرەی رێککەوتنەکان دانیشتووانە مەحەلییەکە نەیاندەتوانی بانگەشەی خاوەندارێتی ئەو سەرچاوانە بکەن کە لە ژێر ئەو خاکەدا بوو کە لێی دەژیان. واتە ئەو وڵاتانەی زۆرترین نەوتیان تێدابوو، کەمترین دەستکەوتیان لە دۆزینەوەیدا دەبوو. لەوەش زیاتر، دروستکردنی بۆرییەکانی نەوت نائارامیی ناوچەیی لێکەوتەوە. دوای چەندین هەوڵی جوراوجۆر بۆ تێکدانی بۆرییەکان، لە نێویاندا، لەلایەن خێڵی ئەهل ئەلجیبالی یەمەنی، یاخیبووە فەلەستینییەکان و گروپە نیمچە سەربازییە راستڕەوە زایۆنییەکانەوە، بەرپرسانی کۆمپانیای نەوت و حکومەتە رۆژئاواییەکان زیاتر کەوتنە چاودێریکردنی ناوچەکە و بە سەربازیکردنی ناوچەکە، هەروەها هەڵسان بە هاندانی ململانێی تایفەگەری بۆ لەباربردنی

بزووتنــەوە نەتەوەیــی و کۆمۆنیســتییەکان.
ئــەو ئاژاوەیــەی ئێســتا لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا بــەدی دەکرێـت بۆتـە هـۆی ئـەوەی چەندیـن چاودێـر پرسـیاری ئـەوە بکــەن: ئایــا ســایکس پیکــۆ کۆتایــی نەهاتــووە؟ بــۆ نموونــە، ڕۆژنامەنووســی ئیرلەنــدی، پاتریــك کۆکبێــرن ئامــاژەی بــە کۆتایــی هاتنــی ڕێککەوتنەکــە کــرد کاتێــك لــە عێــراق خەریکــی کاری ڕۆژنامەنووسـی بـوو. بـەڵام پرسـیارە باشـترەکە ئەوەیـە ئایـا دەتوانرێـت ڕێککەوتنەکــە ئــاڵ و گــۆڕی بەســەردا بهێندرێــت یــان نــە، بــۆ ئــەوەی ســەقامگیری و گەشــەکردنی زیاتــر لــە ناوچەکــەدا بێتەئــاراوە؟
دەکـرا هەڵوەشـاندنەوەی گرێبەسـتە نەوتییـەکان پرسـی سـەرەکی بوونایــە لــەم ئاڵوگــۆڕەدا. هــەر بــۆ نموونــە لــە کەیســی کــورد بڕوانــە، لــە دوای جەنگــی دووەمــی کەنــداوەوە، کۆمپانیــا تایبەتییەکانــی نــەوت بــەرەو عێــراق بەڕێکەوتــن. کۆمپانیــای نیشـتمانی نەوتـی عێـراق پارێـزگاری لـەو مافـەی خـۆی کـرد کە نەوت لەو بیرانەوە هەنـاردە بـکات کـە لـە ئارادابوون، ئەویش بــە هاوبەشــی لەگــەڵ ئــەو لایەنانــەی خــۆی هەڵیدەبــژاردن، دواتریـش بـوار بـە هەرێمـی کوردسـتان درا بـۆ ئـەوەی بـە دوای بیـری نوێـی نەوتـدا بگەڕێـن و خۆیـان دەسـت بـدەن پێکهێنانـی شـەراکەت، ئەمـەش مایـەی گەشـانەوە ئابووریـی کوردسـتان بـوو. پشــکی نەوتــی کوردســتان جیاوازییەکــی زۆری دروســت کــرد کاتێــك داعــش لــە ســاڵی ٢٠١٤دا ســەریهەڵدا. پێشــمەرگە کــە هێزێکـی تـا ڕاددەیەکـی گـەورە و کاران، لـە دژی داعـش شـەڕ دەکــەن و ئامانجیــان نــەك تەنیــا پاراســتنی نیشــتمانەکەیانە، بەڵکــو ئــەو سەرچاوانەشــە کــە لــە نیشــتمانەکەیاندا هەیانــە. کــورد خواســتێکی درێژخایەنــی هەیــە بــۆ خۆبەڕێوبــەری، بــەڵام دەســەڵاتیان بەســەر نەوتــەوە شــێوەیەکە لــە ســەروەری بــە ســەر ســەرچاوەکانەوە، پتــر لــەوەی بەســەر خاکەکــەوە بێــت.
ئەمــەش بــە ڕاســتی ئــەو مۆدێلەیــە کــە ســایکس پیکــۆ هەیــان بــوو بــۆ ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت. لەبــەر ئــەوەی ســایکس و پیکــۆ هەڵســان بــە دابەشــکردنی خاکــی ئــەم ناوچەیــە بــۆ مەبەســتی دەرهێنــان و هەناردەکردنــی نــەوت بــۆ ئەوروپــا، هەربۆیــە چاکســازیکردن لــە خاوەندارێتــی نــەوت یەکــەم هەنــگاوە بــۆ چارەســەرکردنی میراتــی ئیــدارەی کۆلۆنیالیــزم و حوکمڕانێتــی دیکتاتۆرییانــە.
لــە ڕووی میســالییەوە، پێویســتە خەڵکــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت پشــکیان هەبێــت لــە ســەرچاوە سروشــتییەکان و ڕایــان هەبێــت لــە پرســی پەیوەســت بــە فرۆشــتن و بەکارهێنانــی و پاراســتنیان. لــە ڕۆژگارێکــدا کــە کۆچبــەری تێیــدا ڕوو لــە زیادبوونــە، دەکرێــت ئــەم بنەمایــە هــاوکار بێــت بــۆ خەڵکــی تاوەکــو لــە شــوێنی نوێــدا نیشــتەجێ بــن کــە هەســتی ئینتیمــا و خاوەندارێتیــان بــۆ دەســتەبەر بــکات. بــە دڵنیاییــەوە، هێشــتا بەرپرســە لۆکاڵــەکان پێویســتیان بەوەیــە شــەراکەت لەگــەڵ کۆمپانیــا جیهانییــەکان بکــەن بــۆ هەڵکەنــدن و پاڵاوتــن و هەناردەکردنــی نــەوت، بــەڵام ئــەم گرێبەســتانە ئــەو کاتــە ســەرکەوتن بەدەســت دێنــن کــە پاڵنەریــان پێداویســتییە لۆکاڵــەکان بێــت، نــەك قازانجــی کۆمپانیــاکان. ئــەوەی لای کــورد دەگوزەرێــت، ئــەوە دەســەلمێنێت کــە لایەنــە لۆکاڵــەکان دەتوانــن ســوپایەك بنیــاد بنێــن لــە کاتێکــدا کۆمپانیــا نەوتییــەکان ئــەم کارە ناکــەن.
کەواتــە هاتنــە ئــارای ڕۆژهەڵاتێکــی ناوەڕاســت کــە ســەروەری لۆکاڵــی هەبێــت بەســەر ســەرچاوە سروشــتییەکانەوە دەبێتــە ناوچەیەکـی دەوڵەمەندتـر و ئارامتـر. کاتێـك حکومەتـی عێـراق بەشــە بودجــەی نیشــتمانی کوردســتانی بــڕی لــە ٢٠١٤دا، حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان دەســتی کــرد بــە فرۆشــتنی ڕاستەخۆی نـەوت بـە بـازاڕە جیهانییـەکان و بۆریـی دروسـت کـرد بـۆ سـەر بەنداوێکـی تورکـی و لـەم پرۆسەیەشـدا نەوتـی خـاوی بــە ئیســرائیل دەفرۆشــێت. بــەو پێیــە بەرژەوەندییــە لۆکاڵــەکان زاڵبـوون بـە سـەر دوژمنایەتـی تـورك- کـوردەوە، هەروەهـا زاڵ بـوو بــە ســەر ئــەو موقاتەعەیــەدا کــە ڕێگــری دەکــرد لــە فرۆشــتنی نەوتــی عێــراق بــە ئیســرائیل لــە ســاڵی ١٩٤٩ەوە.
ئەمـە بـۆ ئـەوە نییـە بڵێیـن کەیسـی کـورد بـێ کێشـە و گرفتـە. کـورد لـە شـەڕدایە لـە دژی داعـش و لـە ژێـر چاودێـری عێـراق و تورکیادایـە. یاخیبووەکانی ناوچەکـە چەندیـن جـار بـۆری نێـوان کوردســتان و تورکیایــان تێکــداوە. لــە هەمــان کاتــدا، دابەزینــی نرخــی نــەوت لەســەر ئاســتی جیهــان کوردســتانی دووچــاری قەیرانێــی قورســی ئابــووری کــردووە. هەروەهــا حاڵــی حــازر کــورد لــە ناکۆکیــدان لەگــەڵ حکومەتــی عێــراق لــە بــارەی نەوتــی کەرکووکــەوە کــە ئایــا لــە ژێــر دەســەڵاتی کــورددا بێــت، یــان عێــراق. بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا، هێشــتا کەیســی کــورد مۆدێلێکــە بــۆ ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتی دوای ســایکس پیکــۆ. چەنــد کــورد پێویســتی بــە نەوتــی کەرکووکیــش بێــت، بــەڵام ئــەو ناکۆکییــەی ئێســتا دەرفەتێکــە بــۆ پیادەکردنــی ســەروەریی پەیوەسـت بـە سـەرچاوەوە لـە ناوچەکـەدا، بـە چاوپۆشـین لـەوەی سـەر بـە چ گروپێکـی ئیتنـی، یـان ئاینـی بـن. دەبێـت زۆربـەی قازانجــی نەوتــی کەرکــووك تەرخــان بکرێــت بــۆ باشــترکردنی ژیانـی دانیشـتووانی باکـووری عێـراق. هەروەهـا پێویسـتە بەغـدا بـوار بـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـدات بانگەشـەی بیـرە نەوتییەکانــی کەرکــووك بــکات، بــەڵام تەنیــا ئــەو کاتــەی کــە حکومەتەکـە ڕازی دەبێـت بـە تەرخانکردنـی بەشـێك لـە داهاتـی نــەوت بــۆ پشــتیوانیکردنی دامــەزراوە گشــتییەکان لــە باکــووری عێـراق. پێویسـتە دەرگای گرێبەسـتە نەوتییـەکان و دامەزرانـدن بــە ڕووی تێکــڕای دانیشــتیووانی باکــووری عێراقــدا بکرێتــەوە، بــە چاوپۆشــین لــە خەلفییەتــی ئایینــی و ئیتنییــان، هەروەهــا دەبێــت ئەنجامدانــی شــەراکەت لەگــەڵ کۆمپانیــا تایبەتیەکانــدا بخرێتــە ڕاپرســییەوە.
نابێــت چیتــر دەســت بەســەر قازانجەکانــدا بگیرێــت لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، هــەروەك ئــەوەی لــە ڕۆژگاری کۆلۆنیاڵیــدا بــەدی کــرا، یاخــود نابێــت ڕێگــە بدرێــت بکەوێتــە دەســت ســەرکردە گەندەڵــەکان، هــەروەك ئــەوەی لــە ســەردەمی ســەددام حوســێن و هــەردوو ئەســەد-دا بینیمــان. کۆتاییهێنــان بــە ڕۆژگاری داعــش پێویســتی بــەوە هەیــە خەڵکەکــە لــە دەســتی دابەشــکارییەکانی ســایکس پیکــۆ ڕزگار بکرێــن، کــە ئیــرادە و ئامــرازی ئەوەیــان لەبەردەســتدا بێــت بــۆ پاراســتنی مــاڵ و حــاڵ و بەرژەوەندیەکانیــان.

**کەیسی کورد مۆدێلێکە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای سایکس پیکۆ. چەند کورد پێویستی بە نەوتی کەرکووکیش بێت، بەڵام ئەو ناکۆکییەی ئێستا دەرفەتێکە بۆ پیادەکردنی سەروەریی پەیوەست بە سەرچاوەوە لە ناوچەکەدا، بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە چ گروپێکی ئیتنی، یان ئاینی بن**

**کورد لە شەڕدایە لە دژی داعش و لە ژێر چاودێری عێراق و تورکیادایە. یاخیبووەکانی ناوچەکە چەندین جار بۆری نێوان کوردستان و تورکیایان تێکداوە. لە هەمان کاتدا، دابەزینی نرخی نەوت لەسەر ئاستی جیهان کوردستانی دووچاری قەیرانێی قورسی ئابووری کردووە**

**بوونی پلانگەلێک بۆ دروستکردنی دوو بۆری نەوتی لێکجیاواز- بۆرییە نەوتێکی فەڕەنسی لە کەرکووکەوە، کە کەوتۆتە عێراقی ئێستاوە، بۆ تەرابلوس، کە کەوتۆتە لوبنانی ئێستاوە، هەروەها بۆرییەکی بەریتانیش لە کەرکووکەوە بۆ حەیفا، کە لە ئێستادا شارێکە لە ئیسرائیل- ئاماژەیە بەوەی چۆن سێر مارک سایکس و فرانسوا جۆرج پیکۆ ناوچەکەیان دابەش کردووە**



**جۆناسان لۆرێنس، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە کۆلێژی بۆستن و توێژەرە لە بەشی دیراساتی سیاسەتی دەرەکی لە ئامۆژگای برۆکینگز. هەروەها توێژەرە لە سەنتەری دیراساتی ئەورووپی لە زانکۆی هارڤارد و هەر لەم زانکۆیەش بڕوانامەی دکتۆراکەی بەدەست هێناوە. وانەبێژی بواری سیاسەتی ئەورووپی، پێوەندی نێوان ئایین و سیاسەتە لە ئەورووپای هاوچەرخدا. بۆ هەڵوەستەکردن و هەڵسەنگاندنی قەیران و تەحەددییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێوەندی بە شەڕی تیرۆریستان و ناکۆکی تایفەگەری و سنوورە دەستکردەکانەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** زۆرجار تەنیا جەخت لەسەر چارەسەری سەربازی بۆ کێشەکان دەکرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کێشەکان ریشەیەکی سیاسییان هەیە، راو بۆچونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە پێویستە چارەسەرێکی سیاسی تۆکمە بگیرێتەبەر هاوشان بە هەر کردەوەیەکی سەربازی کە پێویست بێت ئەنجام بدرێت. من نازانم ئەوە چ فۆرمێك وەردەگرێت، ئومێدی ئەوە لە ئارادا بوو کە گفتوگۆکانی جنێڤ چارەسەرێکی سیاسی گەڵاڵە بکات، بەڵام پێدەچێت نائومێدییەکی زۆریان لێکەوتبێتەوە. لە راستیدا- بۆ گەیشتن بە چارەسەر- دەبێت پارتەکان پێکەوە کۆببنەوە، بەڵام هێشتا کێشەی شەرعییەتی حکومەتی ئەسەد یەکلانەکراوەتەوە. کە ئاشکرایە ئەمە رژێمێکە لای هەمووان جێی پێشوازی لێکردن نییە.

*** حاڵی حازر عێراق سوپایەکی تۆکمەی نییە و بۆ گرتنەوەی شارەکانی ژێر دەستی داعش پەنا بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی و میلیشیا شیعەکان دەبات، کە ئەم هێزانەش کارەساتیان خوڵقاندووە لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەستی داعش دەردەهێنرێن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە دەبێتەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، یاخود شەڕە تایفەگەرییەکە گەرمتر دەکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی بنەڕەتییە، لە راستیدا لە ئێستادا قسە و باسێکی زۆر هەیە دەربارەی ئەوەی کێ ئەرکی بەرپرسیارێتی دەگرێتەئەستۆ لە دوای نەمانی داعش یان ئەسەد لە سووریا، رەخنەیەکی زۆریش لەوە دەگیرێت کە لەسەر ئەرزی واقیع روودەدات، بەڵام کەسانێکی کەم هەن کە سەرکێشی سیاسی دەکەن بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ بارودۆخەکە بدۆزنەوە. کەواتە دەبێت کار لەسەر هێزی دیپلۆماسی و دەستەبەرکردنی زەمانەتی ئەمنی بکرێت. هەروەها لە ئێستادا ناسەقامگیرییەکی ئیقلیمی زۆر لە ئارادایە، بەڵام نازانرێت لە کۆتاییدا چ هێزێکی هەژموونگەرا باڵادەست دەبێت، بەڵام ئاشکرایە ئێران خۆی بە گەمەکارێك دەزانێت لە سووریا و عێراقدا. ئەگەر ئێمە لە دۆخی دوای شەڕەکەی ئەمەریکا — لە ساڵی ٢٠٠٣- بڕوانین، ئەوا هەندێ ناوچە کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی شیعەکانەوە، بەڵام ناکرێت پێشبینی ئەمە بکەین بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی داعش، چونکە مەزارە پیرۆزەکانی شیعە کەوتوونەتە باشووری

## جۆناسان لۆرێنس

### توێژەری سیاسەتی دەرەکی لە ئامۆژگای برۆکینگز بۆ گوڵان:

# ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە ستراتیژییەتی دژە تیرۆردا متمانەیان بە کورد هەیە

وڵاتەکەوە. گومان لەوەشدا نییە کە —ئێرانیش- بە چەشنی ئەمەریکا بەرژەوەندیی جیوپۆلەتیکی خۆی هەیە و هەوڵ دەدات بەرگرییان لێبکات.

*** حاڵی حازر کورد نەبۆتە بەشێك لە ململانێی شیعە و سوننە، هەروەها پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی کارا و کاریگەرن لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستاندا، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا دەکرێت هێزی پێشمەرگە ببێتە مۆدێلێك بۆ چۆنیەتی تێکشکاندنی تیرۆریستان؟**


- ئاشکرایە پێشمەرگە پێویستی بە هاوکاری دەرەکی هەیە، باوەڕم وایە لە ئێستادا ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەش متمانەیان بە ستراتیژییەتی دژەتیرۆری کورد هەیە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کاریگەریی دوورمەودای ئەمە چی دەبێت؟ ئایا ئەمە رەنگدانەوەی خواستی رۆژئاوایە بۆ خۆبەدوورگرتنیان لە ناوچەکە، یان متمانەکردنە بە خەڵکی ناوچەکە؟ بێگومان ئەمە نیشانەی متمانەکردن بە خەڵکی ناوچەکە و بە سەرکردایەتیی خەڵکانی ناوچەکە لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا. بەڵام روونە کە دەبێت کوردیش، وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە، لە مەودای دووردا بایەخ بە ئایندەی خۆی بدات لە کاتی گفتوگۆکان لەگەڵ هێزە گەورەکان لەسەر مێزی دیپلۆماسی.

*** راوبۆچوونتان چییە لەسەر ئەو لێکدانەوەیەی کە دەڵێت چیتر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێستادا چارەسەر ناکرێن و پێویستە جارێکی دیکە ئیرادەی گەلانی ناوچەکە لەبەرچاو بگیرێتەوە بۆ ئەوەی ئارامی و ئاشتی بگەڕێنرێتەوە بۆ ناوچەکە، ئایا پێویست چی پرۆسەیەك لەم رووەوە بگیرێتەبەر؟**

- باس لەوە دەکرێت پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردن پرۆسەیەکی خاوە، کە دەبێت هاوشان بێت بە پێدانی مافی دەنگدان بە هەمووان و بوونی دەسەڵاتێکی تەشریعیی بەهێز، بەڵام چاندنی دیموکراسی بە شێوەیەکی دەستکرد کارێکی سەخت و بگرە مەحاڵە، هەروەها دەبێت پەیامێکی روون بە خەڵکی بدرێت دەربارەی ئەوەی چۆن بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزرێن، ئیدی سیستمی سەرۆکایەتی بێت، یان پەرلەمانی، ئەمەش کاتی پێویستە، بەڵام من ئومێد دەکەم بەرەوپێشچوونی ئیجابی بەو ئاڕاستەیەدا بەدی بێت.

# موقتەدا سەدر چی دەوێت؟

## سەدر بە پشتی ئێران دەیەوێت جڵەوی سیاسی بگرێتە دەست



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەم ناونیشانەم لە بەڕێز عەمار حەکیمی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی وەرگرتووە، کاتێ لەدوا کۆبوونەوەی لەگەڵ موقتەدا و لەسەروبەندی گرژبوونی قەیرانەکەی عێراق پێی گوتبوو: ئەرێ بەڕێز تۆ چیت دەوێت؟ بۆیە ئەم وتارەم بەم پرسیارە دەست پێدەکەم، بەڵام بە شێوازی نادیار و دەڵێم موقتەدا سەدر چی دەوێت؟

بێ گومان موقتەدا سەدر پیاوێکە زۆر قسە هەڵدەگرێت، لەوەتەی رژێم رووخاوەو تاکو ئێستاش، دەبینین ئەو کەسایەتییە زۆر بە تەواوی لە گۆڕەپانی سیاسی و میدیایی بوونی هەیە، دیارە کاریگەریی بەرچاوی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقیدا هەیە، بەتایبەتیش کە لە یەکەم هەڵبژاردندا ٤٠ کورسی بەدەستهێنا، هەروەها توانیویەتی پارێزگاریی لە قورسایی سیاسیی خۆی بکات دوای پاشەکشەی حزبە سیاسییەکانی دیکەی عێراق، موقتەدا سەدر لە ساڵی **١٩٧٣** لە دایك بووەو کوڕی مەرجەعی ناسراوی ئایینی شیعی( محمد سادق سەدر)ە، کەسانی نەناسراو باوکیان و دوو برای بە ناوەکانی مستەفاو موئەممەلیان لە ساڵی **١٩٩٠** لە شاری نە جەف تیرۆرکرد، هەندێ شرۆڤەکار پێیان وایە کە ئێران دەستی لە کوشتنیاندا هەبووە تاکو مەرجەعییەتی عەرەبی نەهێڵن و مەرجەعییەتی ئێرانیی فارسی شوێنی بگرێتەوە و بارەگای مەرجەعییەتەکەش لە نەجەفەوە بگوازرێتەوە بۆ شاری قومی ئێران، چونکە رژێمی بەعس دەیویست مەرجەعییەتەکە عەرەبی بێت نەك فارسی، بۆیە پشتیوانیی لە مەرجەعییە عەرەبییە عێراقییەکان دەکرد، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئینتیما تەنیا بۆ عێراق دەبێت نەك بۆ وڵاتێکی دیکە، بە واتایەکی دیکە ململانێ هەبوو لە نێوان مەرجەعییەتی ئال سەدری عێراقی عەرەبی کە بە مەرجەعییەتی قسەکەر ناسرابوو و لەگەڵ مەرجەعییەتی ئێرانی غەیرە عەرەبی، کە بە مەرجەعییەتی کپ(بێ دەنگ ) ناسرابوو، دوای کوشتنی باوکی، موقتەدا لەسەر وەسیەتی ئەو رووی کردە مەرجەعی ئایینی عێراقی ئیسحاق فەیاز کە لە نەجەف دادەنیشت، بەڵام لای نەمایەوە، چونکە فەییاز هانی دا کە فێری زانست بێت نەك چوونە نێو سیاسەتەوە، بۆیە رووی کردە کازم حائری کە مەرجەعێکی ئایینی ئێرانی بوو، بەڵام لای ئەویش نەمایەوە، بەتایبەتی کە موقتەدا هەندێ هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لەدڵدا بوو، دڵنیاش نەبوو بە مانەوە لە سێبەری مەرجەعییە ئاینییەکاندا، بەتایبەتیش لای کازم حائری، لە ناخی خۆیدا پێی وابوو ئیدی سەربەخۆیە و دەتوانێت ببێتە سەرکردەیەك و رۆڵی لە گۆڕەپانی سیاسی و ئاینیی عێراقیدا هەبێت، بەتایبەتیش کە کوڕی محەمەد سادق سەدری مەرجەعی ناسراوی ئاینییە.

دیارە کە موقتەدا سەدر رووی لە سیستانی نەکرد، چونکە ئەو بەرەچەڵەك ئێرانییە و بە مەرجەعییەتی بێ دەنگ( کپ ) ناسراوە، بە پێچەوانەی باوکی کە مەرجەعی قسەکەر بوو، تا ئێستاش هیچ قسەیەك یان پێوەندییەك یان رەخنەیەکمان لە نێوان موقتەداو سیستانی نەبینیوە، هەرچەندە کە موقتەدا و جەماعەتەکەی زۆر

کاری نەرێنی و ئیجابیان ئەنجامداوە، بەڵام هیچ لێدوانێك یان ئاماژەیەکمان لە سیستانی گوێ لێ نەبووە، ئایا ئەمە لەبەر جیاوازیی مەرجەعییەتەکە بووە یان نهێنییەو کەس پێی نازانێت و کەس نایەوێت لەم کاتەدا ئاشکرای بکات.

من پێموایە کە موقتەدا سەدر لەمیانی ئەم مانۆڕە سیاسی و سەربازییەی خۆیدا دەیەوێت لەکاریگەریی مەرجەعییە ئایینییە نامۆکان کەم بکاتەوە، بەمەش مەبەستی بە تایبەتی مەرجەعییە غەیرە عەرەبی یان عێراقییەکانە، کاتێ عەبدولمەجید خوئی کوڕی مەرجەعی باڵای ئایینی ئەبولقاسم خوئی لە لەندەنەوە گەڕایەوە نەجەف لە دوای رزگارکردنی عێراق ٢٠٠٣ کوژرا، لایەنگرانی سەدر بە کوشتنی تۆمەتبارکران، چونکە گەڕانەوەی عەبدولمەجید بۆ نەجەف بە واتای کۆتایی هاتنی رۆڵی موقتەدا سەدر بوو، موقتەداش دەزانێت کە عەبدولمەجید بە رەچەڵەك ئێرانییە و نە عارەبە و نە عێراقییە، ئەوەش بەو مانایەیە کە بوونی ئەو مەترسییە هەڕەشەیە بۆ دەسەڵاتی ئایینی لە نەجەف.

دوای کوشتنی عەبدولمەجید خوئی پێوەندیی نێوان پۆل برێمەری حاکمی مەدەنیی ئەمریکا و موقتەدا بەرەو گرژی چوو، چونکە ئەو بەرپرسیارێتیی پاراستنی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنیی لە ئەستۆدا بوو، خوئی بە هەڵوێستە میانڕەوەکانی ناسرابوو، پیاوێکی قبووڵکراوبوو لە رووی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و عێراقییەوە، ئەمەش هەمووی هەڕەشە بوو بۆ پێگەی موقتەدا سەدر، لە ساڵی ٢٠٠٤ شەڕێکی خوێناوی لەنێوان لایەنگرانی سەدر( سوپای مەهدی ) و هێزەکانی ئەمریکا روویدا، موقتەدا لای ئێرانییەکان خۆشەویست نەبوو، بە ڵام دوای ئەوەی بەرەنگاری ئەمریکییەکان بووەوە، هەڵوێستی ئێران بەرامبەر موقتەدا گۆڕا، چونکە ئێران حەزی دەکرد هێزەکانی ئەمریکا عێراق بەجێ بهێڵن تاکو رۆڵی ستراتیژی و سیاسیی خۆی لە عێراقدا بگێڕێت، هەروەها حیساباتی مێژوویی لەگەڵ رژێمی سەدامدا لە هەشت ساڵەی شەڕیدا پاکبکاتەوە، بۆیە هەر دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەبینین بەتایبەتیش سوننە و لە ئەنجامی سیاسەتی تایفەگەریی ئێران زۆربەیان چوونە نێو قاعیدەوە، دواتریش بۆ ناو داعش، لە ترسی ئەوەی نەبنە نێچیری سەرکوتکردنی تایفەگەری، جێگای داخە کە تا ئێستاش هەندێ لە گروپە عێراقییەکان کە لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق کاردەکەن هەمان سیاسەتی ئێران و ئەجنداکانی ئەو لەهەمبەر سوننەکان پیادەدەکەن، بۆیە کۆمەڵکوژیی لەنێوان سوننەو شیعە بە ئاشکرا دەستی پێکرد.

لە ساڵی ٢٠٠٧ موقتەدا سەدر سوپای مەهدی سڕکرد، چونکە بەوە تۆمەتبارکرا کە تاوان دژ بە هاووڵاتیانی سڤیل ئەنجام دەدات، بەڵام ئەم جارە لیوای (وەعد مەوعود ) لەدژی ئەمریکییەکان پێکهێنا، ئەو لیوایە لەنێوان ساڵی ٢٠٠٩ تاکو ٢٠١١ چەندین کردەی سەربازی ئەنجامدا، دوای داگیرکردنی موسڵ لە ساڵی ٢٠١٤ (سەرایای سەلام)ی پێکهێنا، موقتەدا رایگەیاند کە پێکهێنانی ئەم سوپایە بۆ داکۆکیکردنە لە شوێنە پیرۆزەکانی ئایینی دژ بە هێرشەکانی داعش.

موقتەدا سەدر لە میانی ئەو مانۆڕە سەربازی و سیاسییانەیدا دەیەوێت بۆ جیهانی بسەلمێنێت کە ئەو مەرجەعی ئایینیی راستگۆیە لەگەڵ گەلەکەیدا و هەر ئەویش بە ناوی ئەوان قسەدەکات، ئەو کوڕی مەرجەعی ئایینیی عێراقی و عەرەبی محەمەد صادق سەدرە، ئەو پێی وایە مەرجەعییەکانی دیکەی غەیرە عەرەبی بەتایبەتیش ئەوانەی بە رەچەڵەك ئێرانین نوێنەرایەتی مەرجەعییەی ئایینی عێراقی عەرەبی ناکەن، بۆیە دەبینین پێوەندیی موقتەدا بە دەوڵەتانی عەرەبی باشە، بەتایبەتیش لەگەڵ سعودیە، دەگوترێ کە باڵیۆزی سعودیە لە عێراق بە ئۆتۆمبێلێکی گوللەنەبڕ سەردانی موقتەدای لە نەجەف کردووە، بۆ یەکەم جاریشە موقتەدا لە شاری نەجەف بە چاکە باسی هەر سێ خەلیفە (ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان) بکات، لەکاتێکدا کە پێکهاتەی مەزهەبیی ئەوان، ئەو شتە بە تەواویی رەت دەکاتەوە.

دەوڵەتانی کەنداو بەتایبەتیش سعودیە قەناعەتیان هێنا کە پێویستە کار بۆ بەعارەبکردنی شیعەو مەرجەعییەتی ئایینی بکرێت، واتا لە قەڵەمڕەوی و کاریگەریی ئایدیۆلۆژیی ئێران دووربخرێتەوە، هەروەها پێویستە مەرجەعییەتی ئایینیی شیعە عێراقی بێت و موقتەدا سەدریش کەسی گونجاوە، چونکە مێژووی خانەوادەکەی دەیسەلمێنێت کە باوباپیرانی بۆ سەرخستنی ئەم پڕۆژەیە کاریان کردووە، هەتا ئەگەر موقتەدا نەگەیشتبێتە ئەو قۆناخە زانستییە ئایینییە، بەڵام دەکرێ ئامادەبکرێت، زانراویشە کە دوای کردنەوەی باڵیۆزخانەی سعودیە هەڵوێستەکانی موقتەدا جیاواز بوون، دەبینین کە گوتاری ئایینی و سیاسیی ئەو، بەرەو نیشتمانی و مەدەنی و عەرەبخوازییە، بەڵام نەك بە ئاشکرا، چونکە زەحمەتە بگاتە ئەو قۆناخە، پڕۆسەکە پێویستی بە ئارامی و هۆشیاری و کات هەیە، هەروەها تێبینیمان کرد کە بۆ یەکەم جارە لەنێو خۆپیشاندەراندا

**لەوەتەی رژێم رووخاوەو تاکو ئێستاش، دەبینین موقتەدا سەدر ئەو کەسایەتییەیە کە لە گۆڕەپانی سیاسی و میدیایی بوونی هەیە، دیارە کاریگەریی بەرچاوی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقیدا هەیە، بەتایبەتیش کە لە یەکەم هەڵبژاردندا ٤٠ کورسی بەدەستهێنا**

**پێموایە کە موقتەدا سەدر لەمیانی ئەم مانۆڕە سیاسی و سەربازییەی خۆیدا دەیەوێت لەکاریگەریی مەرجەعییە ئایینییە نامۆکان کەم بکاتەوە، بەمەش مەبەستی بە تایبەتی مەرجەعییە غەیرە عەرەبی یان عێراقییەکانە**

**دوای کوشتنی عەبدولمەجید خوئی پێوەندیی نێوان پۆل برێمەری حاکمی مەدەنیی ئەمریکا و موقتەدا بەرەو گرژی چوو، چونکە ئەو بەرپرسیارێتیی پاراستنی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنیی لە ئەستۆدا بوو، خوئی بە هەڵوێستە میانڕەواکانی ناسرابوو**

**دەوڵەتانی کەنداو بەتایبەتیش سعودیە قەناعەتیان هێنا کە پێویستە کار بۆ بەعارەبکردنی شیعەو مەرجەعییەتی ئاینی بکرێت، واتا لە قەڵەمڕەوی و کاریگەریی ئایدیۆلۆژیی ئێران دووربخرێتەوە**

**کەس لەو باوەڕەدا نەبێت کە موقتەدا ئەو خۆپیشاندانانەی سازکرد لە پێناو ئەوەی کە هەندێ وەزیر بگۆڕێت، ئەمە شرۆڤەکردنێکی هەڵەیە، مەسەلەکە پەیوەندی بەو کەسە هەیە کە لە عێراقدا جڵەوی کاری ئاینی و سیاسی بەدەستە**

**مەحمود حەسەنی سەرخی مەرجەعی ئاینیی عێراقیش هەمان هەڵوێستی هەبوو، کاتێ دژی سیستانی وەستایەوە بە دەرکردنی فتوای پێکهێنانی حەشدی شەعبی دژی داعش دوای کەوتنی موسڵ لەسەردەمی مالیکیدا، بۆیە حکومەتی مالیکی کۆمەڵکوژییەکی قێزەوەنی دژ بە لایەنگرانی سەرخی ئەنجامدا**

کەسانێك بە دەنگی بەرزەوە هاواریان دەکرد (ئێران بۆ دەرەوە)، هەروەها ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر قاسم سولەیمانی ئێرانی، بۆیە ئەمە ئێرانی تووشی شۆك کرد و سەرکەوتنیش بوو بۆ سعودیە، چونکە لە هەوڵەکانیدا توانی هەندێ سەرکەوتن مسۆگەربکات، دوای ئەو گرژی و پشێوییەی کە لە پەرلەمانی عێراق روویدا، یەکسەر موقتەدا سەردانی ئێرانی کرد تا پێیان بڵێت، دۆخەکە مەترسیدارە، وەك بڵێی بەمە هەڕەشە لە ئێران دەکات تاکو ئێران هەندێ داواکاریی ئەو بەدی بهێنێت، دیارە بەرچاوترین داخوازیی ئەو پشتیوانی نەکردن بوو لە مالیکی، هەروەها پشتگیریکردنی خۆی لە پێگە ئاینییەکەیدا، ئەگەر نا پەنا بۆ ئەو دەوڵەتانە دەبات کە دژی ئێرانن، بە دڵنیاییەوە ئێران لەو سیاسەتەی موقتەدا تووڕەبوو، بۆیە قاسم سولەیمانی بە موقتەدای گوتبوو: سەگەکانت بکێشەوە ئەگەر نا سەگەکانی خۆم دەنێرم! بەڵام ئێمە نازانین سەگەکانی قاسم سولەیمانی کێن؟ کەچی جەماعەتی دیکەی عێراقی وەك عەسائب ئەهلی حەق و کوتلەی بەدر و مالیکی خۆیان لە لێدوانەکانی جەماوەری تووڕە بەرامبەر ئێران بێبەری کرد، ئەوە بوو عەسائبی ئەهلی حەق بە توندی دژی موقتەدا سەدر وەستایەوە، هەر چەندە پێشەوای ئەو جەماعەتە کە قەیس خەزعەلییە تا سەرئێسقان سەدری بوو، بەڵام دوای ئەوەی هەڵوێستەکانی موقتەدای دژ بە ئێران بینی لێی جیابۆوەو بوو بە سەرۆکی حزبێکی سیاسی، بۆیە کوتلەی (الصادقون)ی لە پەرلەمانی عێراق پێکهێنا، لە وەڵامی موقتەدا سەدریشدا خەزعەلی شەقامەکانی بەغدای پڕکرد لە ئاڵای ئێران و وێنەکانی خومەینی و خامنەئی و قاسم سولەیمانی، هەرچەندە وێنەکانی خومەینی و خامنەئی لەوەتەی رووخانی رژێمی بەعس لە بەغداو پارێزگاکانی باشوور بەتایبەتیش لە نەجەف و کەربەلا هەر هەبوون.

بەهەرحاڵ موقتەدا سەدر لەسەر هەڵوێستی خۆی هەر سووربوو، کەس لەو باوەڕەدا نەبێت کە موقتەدا ئەو خۆپیشاندانانەی سازکرد لە پێناو ئەوەی کە هەندێ وەزیر بگۆڕێت، ئەمە شرۆڤەکردنێکی هەڵەیە، مەسەلەکە پەیوەندی بەو کەسە هەیە کە لە عێراقدا جڵەوی کاری ئاینی و سیاسی بەدەستە، بۆیە موقتەدا توانی عەبادی ناچاربکات کە مەرجەکانی قبوڵ بکات، هەروەها توانی بەڵێنەکانی بۆ لایەنگرانی مسۆگەربکات، کاتێ هەڕەشەی لە پەرلەمان کرد کە ئەگەر هەموو کابینەکە نەگۆڕدرێت ئەوا خۆپیشاندەران دێنە نێو پەرلەمانەوە، ئەم قسەیە پەرلەمانتارێکی کوتلەی ئەحراری سەر بە موقتەدا بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی دووپاتکردەوە، ئەوە بوو قسەکەی سەری گرت، من ئەمڕۆ کە ئەم دێڕانە دەنووسم پەلاماری ئەنجومەنی وەزیرانیشیان داوە، پێموایە هەینی داهاتوو رەنگە پەلاماری سەرۆکایەتیی کۆماریش بدەن، کەواتە مەسەلەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بریتییە لە نمایشکردنی قورسایی سیاسی، ئەمەش هەوڵێکی جیددیە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت: دوورخستنەوەی مەرجەعییە ئاینییە بیانییەکان، تایبەتکردنی تەنیا بە عێراقییەکان، داماڵینی دەسەڵات لە حزبی دەعوە، چونکە بە بڕوای ئەو هۆکاری وێرانکردنی عێراقە لەوەتەی ١٣ ساڵە، نەهێشتنی پشك پشکێنەی تایفەگەری، لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران، لە راستیدا ئامانجی سەرەکی لای موقتەدا سەپاندنی ئیرادەی خۆیەتی بەسەر هەموو کوتلە سیاسییەکان و مەرجەعییە ئاینییەکاندا، بەتایبەتیش کە بینیمان موقتەداو لایەنگرانی سووکایەتییان بە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران کرد، ئەمەش بە دڵنیاییەوە ناکۆکە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دەستووری عێراقی، دیارە دەستووری عێراقی تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزەو کەس پێوەی پابەند نابێت، مەگەر کاتێ لە بەرژەوەندییاندا بێت.

ململانێی نێوان مەرجەعییە ئاینییەکان بەتایبەتیش لە نێوان مەرجەعییە عێراقییەکان و غەیرە عێراقییەکان یان لەنێوان قسەکەر و بێ دەنگ بە شێوەیەکی مەترسیدار کاریگەری هەبووە بۆ سەر واقیعی عێراقی، بۆیە پێویستە مەرجەعییەتە ئاینییەکان خۆیان لە سیاسەت بەدوور بگرن، یان پێویستە زیاتر رۆڵی حەوزەی زانستی ببینن، لەبەر ئەوە پێموایە مەرجەعییەکان بە دەستێوەردان لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق رەوشە سیاسییەکە ئاڵۆزدەکەن، لەسەردەمی پاشایەتیدا حکومەتی عێراق کۆمەڵێك مەرجەعییاتی ئاینی بۆ ئێران دوورخستەوە، چونکە دەستیان لە سیاسەت وەردەدا، دوای دوورخستنەوەیان پڕۆسەی سیاسیی وڵات باشتر بەڕێوەچوو، ئەبو حەسەن ئەسفەهانی لە تاراوگەی خۆیەوە لە ئێران نامەیەکی بۆ شا فەیسەڵی یەکەم نارد تێیدا قایلبوونی خۆی راگەیاند بەو مەرجانەی حکومەتی عێراق دایانابوون، ئەویش لەپێناو گەڕانەوەی خۆی و زاناکانی هاوڕێی بۆ عێراق، دیارترین ئەو مەرجانەش دەست تێوەرنەدان بوو لە سیاسەت، کێشەی بنەڕەتیی لە عێراق ئەوەیە کە مەرجەعییە ئاینییەکان حوکمی وڵات دەکەن، سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران و سەرۆك پەرلەمان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە رۆژانی هەینی مەرجەعییەتی ئاینی



لە نەجەف دەربارەی بارودۆخی سیاسی عێراق چی دەڵێت! تەنانەت سەرکردایەتیی کوردیش بە هۆشیارییەوە بەدواداچوون بۆ وتاری مەرجەعییەتەکە دەکات، ئایەتوڵا فازڵ ئەلمالیکی ئەلعێراقی کە لە قوم نیشتەجێیە رەخنە لە مەرجەعییەتە ئاینییە ئێرانییەکان دەگرێت لەبەر ئەوەی دەست لە سیاسەت وەردەدەن، بەوەش تاوانباری کردن کە ئاگر خۆش دەکەن، مەحمود حەسەنی سەرخی مەرجەعی ئاینیی عێراقیش هەمان هەڵوێستی هەبوو، کاتێ دژی سیستانی وەستایەوە بە دەرکردنی فتوای پێکهێنانی حەشدی شەعبی دژی داعش دوای کەوتنی موسڵ لەسەردەمی مالیکیدا، بۆیە حکومەتی مالیکی کۆمەڵکوژییەکی قێزەونی دژ بە لایەنگرانی سەرخی ئەنجامدا، چونکە دژی سیاسەتی ئێران بوو، کاتێ مالیکیش سەردانی ئێرانی کرد، خامنەئی گوتی: نوری مالیکی باشترین سەرۆك وەزیرانە لە مێژووی عێراقدا.

پوختەی قسە ئەوەیە کە مەرجەعییە قسەکەرەکان کە ئەوانەی عێراق دەگرێتەوەو موقتەداش یەکێکە لەوان، دەیانەوێت رۆڵی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی ئێران لاوازبکەن، بەڵام ئەو هەوڵە زۆر مەترسیدارو زەحمەتە، چونکە پێویستی بە گردبوونەوەی جەماوەریی و جۆشدانیان هەیە، هەرچەندە رەوشەکەی عێراقیش هەر بەو ئاراستەیە، پێشتر باسی ململانێی شیعەو سوننەمان دەکرد، بەڵام لەئێستادا باسی ململانێی شیعەو شیعە دەکەین، بەتایبەتیش لە هاوپەیمانیی نیشتمانی واتا لەنێو خودی ماڵی شیعەدا، هەروەها ململانێی ئایدیۆلۆژیی نێوان سعودیەو ئێران لە ناوچەکەدا یارمەتی ئەو رەوتە دەدات کە مەرجەعییەتی قسەکەر سەرۆکایەتیی دەکات، ئێستا کە هاوپەیمانییەتێکی ئیسلامی لەئارادایە بە سەرۆکایەتی سعودیە بۆ کەمکردنەوەی شیعەگەرایی سیاسیی ئێران لە ناوچەکە بەتایبەتیش لە یەمەن و عێراق و لوبنان و سوریاو بەحرەیندا.

---

*** پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**





## دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

### • گرنگیی بەنداوی موسڵ:

بەنداوی موسڵ بە یەکێك لە پڕۆژە ستراتیژییە گەورەو گرنگەکانی ئابووری دەژمێردرێت، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کێشەی شەڕی ئاو و وشکەساڵیی ژینگەیی و کەمبارانیی لە عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەر سەری هەڵدا، لەبەر ئەوەی بەنداوی موسڵ دەکەوێتە هەرێمی کوردستان بە بەهێزترین و گرنگترین سەرچاوە دادەنرێت لە پەرەپێدان و پەرەسەندنی ناوچەکانی دەوروبەری حەوزی بەنداوەکە( نێوان زێی خازر لە رۆژهەڵات لەگەڵ شنگال لە رۆژئاوا). گرنگێتیی بەنداوەکە لەم خاڵانەدایە: پێدانی ئاو بە ناوچەکانی سەرووی رووباری دیجلە، کۆگاکردنی ئاو بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، کۆنترۆڵکردنی لافاو، رێکخستنی بەردانەوەی ئاو بۆ ناو رووباری دیجلە، پەرەپێدانی گەشتوگوزار و سامانی ماسی، دواتریش چاککردنی ژینگە.

دوو بابەتی زۆر گرنگ هەن لە پەرەپێدانی هەرێمدا لەمیانی سوودوەرگرتن لە بەنداوی موسڵ لە رێگای گرتنەبەری ئەو دوو پڕۆژەیە: یەکەمیان بۆ گواستنەوەی ئاو لە بەنداوەکە بە هۆی پڕۆژەی کەناڵی جەزیرە بۆ



# بەنداوی موسڵ سەرچاوەی پەرەپێدان و پەرەسەندنی زۆربەی کایەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان و عێراق

ناوچەی زوممار و لەوێشەوە بۆ شنگال، دووەمیان پرۆژەی خازر لەرێی گواستنەوەی ئاو لە بەنداوەکەوە بۆ دەشتی ئەلقوش و شێخان، لە داهاتووشدا بۆ دەشتی تەلسقۆف و خرسباد و باشیك و حەمدانیە.

**● ئەو کێشانەی رووبەڕووی بەنداوی موسڵ دەبنەوە:**

سێ کێشەی سەرەکی هەن کە رووبەڕووی بەنداوەکە دەبنەوە کە بریتین لە:

**١-** بوونی چینی هەمەجۆری گەچەبەرد و ئەنهایدرا و بەردو قوڕ، کە توانای توانەوەیان هەیە لەژێر بناغەو لەسەر تەنیشتەکانی حەوزی بەنداوەکە، وێڕای بوونی درزی گەورە لەژێر بناغەکەیدا، ئەمەش هێزو خێرایی و فراوانبوونی توانەوەی چینە گەچەکە زیاد دەکات کە لە کارێزو ئەشکەوتی ژێر زەمینی پێکهاتووە، واتا بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆی لاوازبوونی بەرگریی بەنداوەکە لە حاڵەتی دواکەوتنی پڕبوونی ئەو بۆشاییانە لە رێگای پڕۆسەی پڕکردنەوەی بەردەوام بۆ ئەوەی بەرگەی لۆدی پاڵەپەستۆی ئاوەکە بگرێت کە بۆ کۆگاکردنی ئاو لە بەنداوی موسڵ دەردەچێت، بەتایبەتیش لە وەرزی لافاودا.

**٢-** لە پێکهاتەی سەرەکیی دیواری بەردینی بەنداوەکە دوو دەرچەی ژێرەوە هەن بۆ بەردانەوەی ئاو لە کاتی پێویستدا، یەکێك لەو دەرچانە لەوەتەی ساڵی **٢٠١٣** وە بە هۆی تەقینەوەی ناوخۆی بەنداوەکە وەستاوە، تەنیا یەك دەرچە ماوە بۆ بەردانەوەی ئاو، ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی هەیە بۆ سەر پاراستنی هاوسەنگیی سروشتیی ئاو لە بەنداوەکە بە هۆی ئەو جووڵە گەورەیەی ئاوەکە بەرەو رووی بەنداوەکە، کە دواتر دەبێتە هۆی زیادکردنی ئەگەری داخورانی پێکهاتەی ناوەوەی بەنداوەکە و مەترسییەکەشی لە وەرزی لافاو زیاددەکات واتا لە مانگەکانی ئادار و نیسان و ئایاردا.

**٣-** بیرۆکەی دروستکردنی بەنداوی موسڵ لەوەتەی **١٩٥٠** و تا تەواوبوونی لە **١٩٨٦/٧/٢٤** بە **١٥** قۆناخدا تێپەڕیوە، لەمیانی ئەو قۆناخانەدا هیچ هەڵسەنگاندنێکی حەوزی بەنداوەکە و لافاو و نیشتەنی و گۆڕانکارییەکانی کەشناسی ئەنجام نەدراوە، بە شێوەیەك کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ژێرخانی جیۆلۆژیی حەوزەکە بگونجێت بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها لەگەڵ بناغەی بەنداوەکە بە شێوەیەکی تایبەتی، کە ئەمەش بەپێی ئاماژەی زانیارییەکان قەبارەی کۆگاکردنی ئاو لە نێوان **١١,١١** بۆ **١٣,١٣**

**بەنداوی موسڵ دەکەوێتە هەرێمی کوردستان بە بەهێزترین و گرنگترین سەرچاوە دادەنرێت لە پەرەپێدان و پەرەسەندنی ناوچەکانی دەوروبەری حەوزی بەنداوەکە( نێوان زێی خازر لە رۆژهەڵات لەگەڵ شنگال لە رۆژئاوا)**

**بیرۆکەی دروستکردنی بەنداوی موسڵ لەوەتەی ١٩٥٠ و تا تەواوبوونی لە ١٩٨٦/٧/٢٤ بە ١٥ قۆناخدا تێپەڕیوە، لەمیانی ئەو قۆناخانەدا هیچ هەڵسەنگاندنێکی حەوزی بەنداوەکە و لافاو و نیشتەنی و گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان ئەنجام نەدراوە**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەردەوام دووپاتی کردۆتەوە کە پێویستە ئاسایش و سەقامگیریی لە دەوروبەری بەنداوەکە لەلایەن هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی پاراستنی ئاسایشی هەرێمەوە مسۆگەربکرێت کە ئەمەش یارمەتیی لایەنە تەکنیکییەکان دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری چاککردنەوەو پڕکردنەوەو چاکسازیی کردن**

ملیار مەتر سێجا دەبێت لە ڕێژگەی ئاوی بەنداوەکە واتا( ٣٣٠-٣٣٥) مەتر لەسەرووی ئاستی دەریاوە کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تەمەنی بەنداوەکە لە ماوەی ١٠٠ ساڵدا(١٩٨٦-٢٠٨٦)، ڕەنگە ببێتە هۆی دارمانی بەنداوەکە لە حاڵەتی کاریگەریی هێزی دیکەی وەك زەمینلەرزە ئەگەر لە ئایندەدا رووبدات.

وێڕای ئەو سێ کێشەیەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێدان، هەڕەشەی تیرۆریستان(داعش)و هەوڵەکانیان لە تەقاندنەوەی بەنداوی موسڵ مەترسییەکی دیکەیە، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی کەم کەوتە دەست ئەوانەوە، بەڵام بە ئازایەتی و قوربانیی هێزەکانی پێشمەرگە و بە پاڵپشتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی توانرا بەنداوی موسڵ بە تەواوی کۆنتڕۆڵ بکرێتەوە و ئەو تیرۆریستانەی لێ دووربخرێتەوە، کە ئەمەش سەلامەتی و پاراستنی بەنداوەکەو ئەو هاووڵاتیانە مسۆگەردەکات لە دەوروبەری حەوزی رووباری دیجلە هەر لە بەنداوەکەوە تا ڕێژگەی رووبارەکەوە لە شەتولعەرەب، ئەمە وێڕای دووپاتکردنەوەی بەردەوامی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە پێویستە ئاسایش و سەقامگیریی لە دەوروبەری بەنداوەکە لەلایەن هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی پاراستنی ئاسایشی هەرێمەوە مسۆگەربکرێت کە ئەمەش یارمەتیی لایەنە تەکنیکییەکان دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری چاککردنەوەو پڕکردنەوەو چاکسازیی کردن، لەوانەش بەڕێوەبەرایەتیی بەنداوی موسڵ و کۆمپانیایەکی ئیتاڵی.

جێگەی ئاماژەپێکردنە کە هەندێ هەواڵ و دەنگوباس بڵاوکراونەتەوە کە چەند کۆمپانیایەکی تایبەتمەندو پسپۆڕ (تابووتی مردووان) دروستدەکەن! دوای ئەوەی راپۆرتی دەستگاکانی میدیا رایانگەیاندبوو کە ئەگەری دارووخانی بەنداوی موسڵ نزیك بۆتەوەو لە ئاکامدا زیاتر لە ٢ ملیۆن هاووڵاتی کە لە دەوروبەری رووباری دیجلەدا دەژین رووبەڕووی خنکان و لەناوچوون دەبنەوە.

چارەسەرە پراکتیکییەکانی ئێستای پاراستنی بەنداوی موسڵ:

لە روانگەی ئەو سێ کێشەیەی کە ئاماژەم پێکردن و هەڕەشەن بۆ سەر ئایندەی بەنداوی موسڵ کە بەیەکەوە کاریگەرییان هەیە، بەڵام کارەکان بەم شێوەیە ئەنجام دەدرێن:

١- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەنداوی موسڵ بەردەوامە لە کاری پڕکردنەوە دوای ئازادکردنی بەنداوەکە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە، هەروەها کاردەکات لە چاککردنەوەی ئەو زیانانەی کە بە ژێرخانی پڕۆژەکەو دامەزراوە مەدەنییەکانی سەر بەو بەنداوە گەیشتوون.

٢- کۆمپانیایەکی ئیتاڵی دەستی بە کارکردووە لە پێناو کەمکردنەوەی ئەو هەر سێ مەترسییە بۆ سەر بەنداوەکە کە تەکنیکی زۆر پێشکەوتوو و خێرا بەکاردەهێنێت بۆ چڕکردنەوەی کارەکانی پڕکردنەوە لەمیانی شیکردنەوەی دەرهاویشتە جیۆلۆژییەکانی پێکهاتەو بنەماکان و دینگەکانی ژێر بناغەی بەنداوەکە، هەروەها دروستکردنی دیوارێکی پاڵپشت بۆ زیاتر بەهێزکردنی بەرگریی بەنداوەکە بەرامبەر پاڵپەستۆی ئاوەکە، ئەمە وێڕای دامەزراندنی بنکەیەکی کۆنکریتی بەهێز لەژێر بناغە سەرەکییەکەی بەنداوەکە، لەمەش گرنگتر پەلەکردن لە کردنەوەی دەرگای ژێرەوە بۆبەردانەوەی ئاوەکە تاکو بتوانرێت کۆنتڕۆڵی بڕی ئاوە بەرداراوەکە وئەوەی کە لە وەرزی لافاوەکان دەڕژێتە ناو بەنداوەکە بکرێت، لەپاڵ چاودێریکردنی وردیی کەشوهەوای ئاسمانی و زەمینی بۆ ئەو دیاردەو پێشهاتانەی کە ڕەنگە لە کاتی پڕۆسەی کۆگاکردندا لە بەنداوەکە رووبدەن.

٣- کارکردن بۆ کەمکردنەوەی بڕی ئاوی کۆگاکراوی بەنداوەکە کە لەئێستادا نزیکەی ٥ ملیار مەترسێجای تێدایە کە ٣١٠ مەتر لەسەرووی ئاستی دەریا دەبێت.

**● مەترسیی لافاوی رووباری دیجلە بۆ سەر بەنداوی موسڵ:**

ساڵانە وەرزی لافاوی رووباری دیجلە ( لە ١٥ی ئادار دەست پێدەکات و تاکو ١٥ی ئایار) دەخایەنێت، بەرزترین لووتکەی هێزی ئەو لافاوانەش لە ١٥ی نیسان تاکو ٥ی ئایار دەدرەکەوێت، لەبەر ئەوە چاوەڕوان دەکرێت (٤-٥ ملیار م٣) ئاو بۆ بەنداوی موسڵ زیادبکات، ئەگەرکۆمپانیا ئیتاڵییەکەو بەڕێوەبەرایەتی بەنداوی موسڵ توانیان لە ماوەی نێوان( ١٥ی نیسان تاکو ٥ی ئایار) ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پاڵەپەستۆی ئاو بۆ سەر بەنداوەکە، ئەوا ئەگەری دارووخانی بەنداوی موسڵ کەم دەبێتەوە کە هەندی لە میدیاکان ئاماژەی بۆ دەکەن، هەروەها زانیارییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ڕەوشی ئێستای بەنداوەکە بەم شێوەیەیە کە ئەم ساڵ لە مەترسیی لافاو پارێزراودەبێت.

**● ڕەوشی بەنداوەکە دوای دوو مانگ( لە ١٥ی ئادار تاکو ١٥ی ئایار):**

١- کۆمپانیای ئیتاڵی گرێبەستێکی بە بڕی ٢٧٣ ملیۆن یۆرۆ لەگەڵ بەغدا واژۆکرد بە مەبەستی چاککردنەوەی بەنداوی موسڵ بە ماوەی ١٨ مانگ و بە دوو قۆناخ، قۆناخی یەکەم ٦ مانگ دەخایەنێت لە ١٥ی ئادار تاکو ١٥ ئەیلول، ئەویش بە دامەزراندنی

کەمپێك بۆ کۆمپانیاکە و کاری ئاسایش و دابینکردنی ئامێری پێویست کە لە کارەکانیدا بەکاریان دەهێنێت، قۆناخی دووەمیش ١٢ مانگ دەخایەنێت لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ٢٠١٦ تاکو ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ٢٠١٧، کارەکانی کۆمپانیاکەش زیاتر بریتین لە لابردن و کەمکردنەوەی ئەو سێ مەترسییە سەرەکییەی سەر بەنداوەکە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

٢- مەترسیی چاوەڕوانکراوی سەر بەنداوەکە ساڵانە بریتی بوو لە ئەگەری بەرزبوونەوەی لافاو بۆ سەر رووباری دیجلە لە ماوەی نێوان ١٥ی ئادار تاکو ١٥ی ئایار، کاتێ توانای ڕێڕەوی رووبارەکە جاربەجار دەگاتە نزیکەی ٣٥٠٠ مەترسێجا لە چرکەیەکدا، لەبەرامبەر توانای هەر دوو دەرگاکانی بەنداوەکە کە تایبەتن بە بەردانەوەی ئاو بە نزیکەی ١٨٠٠ مەتر سێجا لە چرکەیەکدا، لەکاتێکدا توانای راستەقینەی بەردانەوەی ئاو لە ئێستادا ٩٥٠ مەترە لە چرکەیەکدا بە هۆی داخستنی یەکێك لەو دەرگایانە لە ساڵی ٢٠١٣وە.

بەرزترین توانای ڕێڕەوی رووباری دیجلە کە دەڕژێتە بەنداوی موسڵەوە لە مانگی نیساندا گەیشتە نزیکەی ١٨٨٢ مەتر سێجا لە چرکەیەکدا، تێکڕایی توانای رووباری دیجلە لە مانگی نیساندا بە ١٠٣٠ مەتر سێجا لە چرکەیەکدا مەزەندەدەکرێت، هەروەها توانای ڕێڕەوی دیجلە لە ١٥ی ئایار بۆ ٧٦٠ مەتر سێجا لە چرکەیەکدا دابەزیوە، بۆیە لە وەرزی هاوین و پایزدا بۆ کەمتر لە ٤٠٠ مەتر سێجا لە چرکەیەکدا دادەبەزێت، لەئێستاشدا بەنداوی موسڵ ٥,٩٩٦ ملیار مەتر سێجا ئاوی تێدایە بە پێی ئەنجامەکانی بەنداوەکە لە مانگی ئایاردا، بەرزیی ئاستی بەنداوەکەش ٣١٤ مەترە، ئەستووریی قەبارەی ئاوەکەش لە بەنداوەکە لە قووڵترین خاڵدا ٨٩ مەترە، کەواتە بەرزیی ئاو زیاتر لە ٣١٧ مەتر لە هێڵی سوور رەتی نەکردووە، بە واتای ئەوەی لە ئێستادا ٢ مەتر بوار هێشتا ماوە تا ئاستی ئاوەکە بگاتە ٣١٦ مەتر.

بەگوێرەی پلانی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوو بەڕێوەبەرایەتیی بەنداوی موسڵ، لە ئێستادا لە یەك چرکەدا ٣٥٠ مەتر سێجا ئاو بەردراوەتەوە، بۆ دابینکردنی پێداویستیی ئەو پارێزگایانەی کەوتوونەتە سەر رووباری دیجلە، هەروەها پارێزگای نەینەوا بە نزیکەی ١٨٥ میگاوات کارەبای لەو بڕە ئاوە پێدەدرێت.

دەتوانین بڵێین کە پێشبینی کردنی لافاوی رووباری دیجلە لە ماوەی نێوان ١٥ی ئادار تاکو ١٥ی ئایار بەو شێوەیە نەبووە کە شارەزاو شرۆڤەکاران و هەندێ میدیاکان پێشبینییان دەکرد، کە ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە.

ئەگەر کۆمپانیا ئیتاڵییەکە توانی دەرچە داخراوەکەی بەردانەوەی ئاو بکاتەوە لە میانی کارکردنی بەر لە وەرزی لافاوی رووباری دیجلە( ١٥ی ئادار تاکو ١٥ی ئایاری ٢٠١٧) ئەوا سەلامەتیی بەنداوەکە دابین دەکرێت، چونکە توانای بەردانەوەی ئاوی بەنداوەکە لە ٩٥٠ وە بۆ ١٨٠٠ مەتر سێجا لە چرکەیەکدا بەرزدەبێتەوە، بەمەش دەتوانێت کۆنترۆڵی قەبارەی ئاوەکە بکات لە وەرزەکانی لافاودا.

لە کۆتاییدا، پێویستە کار بەردەوام بێت لە پڕکردنەوەی کەلێن و کارێزەکانی بناغەی بەنداوەکە بە چیمەنتۆ، مادام کاریگەریی ئاوی بەنداوەکە بەردەوامە لە رووی داخوران و تواندنەوەی هەر سێ چینە گەچییەکانی کە کەوتوونەتە ژێر زەوی و ئەستووریی هەر چینێکیش بە نزیکەی (٦-٨) مەتر مەزەندەدەکرێت، وێڕای بوونی چەند چینێکی بەردینی تەباشیری و چەو، کە ئەمانە بەردەوام مەترسییان لەسەردەبێت تا کۆتایی تەمەنی بەنداوەکە کە بە سەد ساڵ پێشبینی دەکرێت. واتا لە (١٩٨٦وە تاکو ٢٠٨٦)، لەبەر ئەوە پێویستە کارەکانی پڕکردنەوە بە چیمەنتۆ و کەرەستەی دیکە تا ساڵی ٢٠٨٦ هەر بەردەوام بێت بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو کەلێنانەی لە چینە بەردینییەکان لە ئەنجامی داخوران و داماڵینەوەدا پەیدادەبن، کۆنترۆڵ بکرێن.

- **پێشنیارەکان:**

لەبەر گرنگیی بەنداوی موسڵ لە پەرەپێدان و پەرەسەندنی زۆربەی کایەکانی ژیان لە عێراق بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەڕێوەبردن و پاراستنی بەنداوەکان و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو دەکەین، لیژنەیەکی تەکنیکیی پسپۆڕ لە هەرێمی کوردستان پێك بهێنن بۆ بەشداریکردن لەگەڵ کۆمپانیا ئیتاڵییەکە بۆ کارکردن لەسەرجەم کارەکانی چاککردنەوەی بەنداوەکە، بەر لەهەموو شتێکیش سوودوەرگرتن لە شارەزایی ئەو کۆمپانیایە، تایبەت بە بەڕێوەبردن و چاککردنەوەی بەنداوی موسڵ، هەروەها لە ئیدارەدانی قەیرانەکان کە لە بەنداوەکان روویانداوە یان روودەدەن، هاوکات بەگەڕخستنی ئەو شارەزاییە لە هەرێمدا، بەتایبەتیش دوای ئەوەی حکومەت پلانی دروستکردنی دەیان بەنداوی داناوە لەسەر رووبارەکانی نێو هەرێمی کوردستان.

---

*** راوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان**

**بە ئازایەتی و قوربانیی هێزەکانی پێشمەرگە و بە پاڵپشتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی توانرا بەنداوی موسڵ بە تەواوی کۆنترۆڵ بکرێتەوە و ئەو تیرۆریستانەی لێ دووربخرێتەوە، کە ئەمەش سەلامەتی و پاراستنی بەنداوەکەو ئەو هاووڵاتیانە مسۆگەردەکات لە دەوروبەری حەوزی رووباری دیجلە**

**مەترسیی چاوەڕوانکراوی سەر بەنداوەکە ساڵانە بریتی بوو لە ئەگەری بەرزبوونەوەی لافاو بۆ سەر رووباری دیجلە لە ماوەی نێوان ١٥ی ئادار تاکو ١٥ی ئایار، کاتێ توانای ڕێڕەوی رووبارەکە جاربەجار دەگاتە نزیکەی ٣٥٠٠ مەترسێجا لە چرکەیەکدا**

**داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین، لیژنەیەکی تەکنیکیی پسپۆڕ لە هەرێمی کوردستان پێک بهێنن بۆ بەشداریکردن لەگەڵ کۆمپانیا ئیتاڵییەکە بۆ کارکردن لەسەرجەم کارەکانی چاککردنەوەی بەنداوەکە**